# کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە بەڵام نەکرێتە نموونە بۆ باشووری عێراق




## ڕاشکاوی.. هۆکارێک بۆ دوورخستنەوەی دڵپیسی و بەدگومانی لەنێوان ژن و مێردا

## بەڵچیم بەلگین (نەوەی شێخ سەعیدی پیران) دەبێتە خاوەنی نەوەیەکی تازە




## منداڵێکی سەیر لە دارستان دەدۆزرێتەوە!

## حوسین عەمیدی ئەمینداری گشتی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق و سەرۆکی یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق: بۆ گوڵان




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

# پرۆسەیەک کە تەنناش دەکات!



ئاسۆ کەریم

• ماوەیەکە، ئەو قەناعەتە پەیدا بووە کە ئەمریکا ناکارێت بەزەبری هێز شەڕی عێراق بباتەوە، بەڵکە دەبێت لە پێشەوە لە رووی سیاسییەوە شەڕەکە بباتەوە. راستە چەند مانگێکە، بەهۆی پلانی "فەرزی قانوون"ەوە، لەچاو جاران، باری ئەمنی کەمێك باشتر بووە، بەڵام مەعلوم نییە وەکو خۆی لێ نایەتەوە، چونکە پرۆسەی سیاسی تەگەرەی جیددی تێکەوتووەو تەنناش دەکات.

• هەرچەند بەم دواییە قانوونی ئاشتبوونەوە و لێپرسینەوە پەسند کراوە، بەڵام ئەو لایەنانەی کە سەر بە "مقاومە"ن یان لە "بەعس" نزیکن، بە قانوونەکە خۆی رازی نین. حکوومەتی مالیکیش بە کردەوە نەشیاوە ئەو درز کەلێنەی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دروست بووە، کەمبکاتەوەو لە عەمەلدا، لایەنە سیاسییەکان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان رێکنەکەوتوون و ئاسانیش نییە رێکبکەون.

• ئێستا چەندین کیتلەو کیتلەکاری لەناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەماندا دروست بوونە. پرۆژەو ئەجێندای جیا-جیا بۆ دەرچوون لەو تەنگژەیە خراوەتە روو یان دەخرێتەروو. لەوانە پرۆژەی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی راپەراندن لەلایەن سەرکۆماری عێراق، پرۆژەی پێکهێنانی حکوومەتی "ئینقازی وەتەنی" لە لایەن ئەیاد عەللاوی و پرۆژەی چاکسازیی ئیبراهیم جەعفەری و چەندینی تر. هەروا قانوونی نەوت و گاز لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا تا ئێستا پەسند نەکراوەو کێشەو گرفتی زۆری لەسەرەو هەر بە هۆی ئەم درەنگ داکەوتنەشەوە، ئاریشە لەنێوان حکوومەتی مالیکی و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست بووە سەبارەت بە وەبەرهێنانی نەوت و گاز لە کوردستاندا کە دوا قسە بۆ کێیە سەبارەت بە ئیمزاکردنی بۆند لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکاندا. بێ لەوە حکوومەتی عێراق نەشیاوە ماددەی ١٤٠ی دەستوور لە وادەی خۆیدا جێبەجێ بکاو بۆ شەش مانگی تر درێژکرایەوە، لەکاتێکدا لەناو پەرلەماندا، ئیمزا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیە کۆدەکرێتەوە کە تەوژم و لایەنی جیا-جیای تێدایە، ئەمەش بۆ خۆی تەنگوچەلەمەو متمانە بەیەك نەکردن و ئیلتیزام نەکردن بە دەستووری عێراق قوڵتر دەکاتەوە. هەروا قانوونی پێکهێنانی هەرێمەکان کاری پێ نەکراوەو هیچ هەرێمێکی تریش لە عێراقدا، بێ لە هەرێمی کوردستان، دروست نەبووە. وێرای چەسپاندنی فیدرالیزم لە دەستوور و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمەکان، لێ هێشتا حکوومەتی ئیتیحادی هەروەکو ناوەندو سەردەمی گۆرین لەبەرانبەر کوردستاندا دەجولێتەوە، با لەم رۆژانەی دواییشدا مالیکی قەولی دابێت گیروگرفتەکانی حکوومەتەکەی لەگەڵ کوردستاندا چارەسەر بکا. باسی بزووتنەوەکانی (سەحوە)و گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی وەکو کارەباو نەوت و گازو. شتی تریش لەولاوە بوەستێت. بەکورتی حوکمڕانیی مالیکی، بەهەموو پێوەرەکان حوکمڕانییێکی ساڵح و باش نەبووە.

• ئەو تەنگژەیەی لە عێراقدا هەیە، بەتەنیا تەنگژەی حکوومەتی عێراق و لایەنە پێکهێنەرەکانی نییە، بەڵکە تەنگژەی ئەمریکاشە لە ئیدارەدانی عێراق و بەشداریکردن لە دارشتنەوەیدا. بۆیە بیرکردنەوە بەئاقاری دابەشبەندیی هێورو لەسەرەخۆی عێراق بۆ سێ هەرێم، نەك بەتەواوی لێکجیابوونەوە هەروەکو هەندێ ناوەندی ئەمریکایی و کۆنە سیاسەتکاری وەکو ئۆلبرایت و کیسنجەر و هی تر بانگەشەی بۆ دەکەن، رەنگە جارێ دەروازەیەکی ماقوڵ و واقیعبیانە بێت بۆ دەرچوون لەو تەنگژەیە کە بەردەوام لە عێراقدا خۆی بەرهەمدێنێتەوە. دەکرێ جەختکردنەوەی چەند رۆژ لەمەوبەری عەممار حەکیم لەم پێڤاژۆیەدا سەیر بکرێت.

• بۆ ئەمەش دەبێت، ئەمریکا هاریکار بێت و رێگە نەدات بە دەرو جیرانەکانی عێراق، لەم بوارەو بە بیانووی جیا-جیاوە دەخالەت بکەن بەتایبەتی سەبارەت بە کەرکووك کە لە ١١ی ئەم مانگەدا، پارتی دادو گەشەپێدان گوایا (نەخشە رێگا) یەکی ٤٠ لاپەرەیی هێناوەتە گۆڕێ. گرنگ ئەوەیە، ئەمریکا کەرکووکیش بە ماکانەی پەکەکە نەبات و بەناوی (تەفوهم) ی نیگەرانییەکانی تورکیاوە، پشت لە ئیلتیزام و بەڵێنەکانی خۆی نەکات، چونکە لە باری وادا بەرەکان فرەوانتر دەبن و هەم رەوشی تەناهی و هەم تەواوی پرۆسەی سیاسی تێکدەچەقێت و مردار دەبێتەوە.

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

## پاش سەردانەکەی گول بۆ واشنتۆن:

# ئەگەری چارەسەری سیاسی و رۆڵی کورد و پرسی ئەو فڕۆکە ئیسرائیلیانەی کە هاریکاری تورکیا دەکەن



فەیسەڵ دەباغ

ئایا سەردانەکەی سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول توانی ئەو گرژییە نەهێڵێ کە تووشی پەیوەندییە دوو قوڵییەکەی تورکیا و ئەمەریکا ببوو؟

سروشتی ئەو پرسیارە لەوە هەڵدەقوڵێ کە لەسەر دەمی گوڵ دا (ئەوکاتەی سەرۆکی حکوومەت بوو) پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی بە هێزەکانی ئەمەریکا نەدا لە خاکی وڵاتەکەیەوە هێرش بکرێتەسەر عێراق ئیتر لەوکاتەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا درزێکی گەورەی تیاکەوت، ئەمە سەرەڕای جیاوازی لە دید سەبارەت بە کێشەی پەکەکەو پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریاو ئێراق، ئەمەریکا بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ گول ناکات کە دەسەڵاتەکەی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا رادەدار بێت، بەڵکو سەرۆکی تورکیا ئەمڕۆ بەشێکە لەو دەسەڵاتەی کە توانی کۆنترۆڵی هەموو دەزگاکانی ڕاپەڕاندن و یاسادانان و سەرۆکایەتی بکات، واتە بە پێچەوانەی ئەو دەسەڵاتەی کە بەر لە ساڵی ٢٠٠٧(ساڵی بوونی گول بە سەرۆك کۆمار) هەیبوو.

لەبەر ئەوەی لە ساڵانی پێشوو گول وەزیری دەرەوەی تورکیا بووە، بۆیە ئەو پۆستەی کە ئێستا هەیەتی وایکردووە دەستێکی باڵای لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەبێت و هەوڵیش دەدات شارەزایی خۆی لەو بوارەدا بۆ بەژەوەندییەکانی تورکیا بەکاربێنێت.

من بە پێچەوانەی ئەو حزب و لایەنانەی تورکیام کە پێیانوایە ئەو سەردانەی گول بێ سوود بوو(بەهۆی کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی بوش لەو ساڵەداو ئەگەری هاتنی ئیدارەی دیموکراتەکان)، من پێموایە ئەو سەردانەی بایەخی خۆی هەبوو، چونکە ئەو بابەتانەی کە جێی بایەخی تورکیاو ئەمەریکا زۆرن، هەر بۆ نموونە لە رووی سەرچاوەکانی وزەدا تورکیا دەیەوێ رۆڵی بەردەبازی نێوان ئێران و حەوزی قەزوین و روسیاو عێراق لەلایەك و ئەورووپاو جیهان لەلایەکی دیکە ببینێ، وەك مەڵبەندێك بمێنێت بۆ دابەشکردنی ئەو سەرچاوانە، کە ئەمەیش بابەتێك بوو لەو بابەتانەی کە لە واشنتۆن وتووێژی لەسەرکرا، بەتایبەتی ئەمەریکا رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە پتەوکردنی پایەی تورکیا لە گواستنەوەی ئەو وزەیە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەویش بەهۆی هێڵی باکۆ چیچان و کەرکووك و یومورتالیت و هەروا هێڵی تر کە بڕیاروایە ئەو وزەیە نەك هەر بگاتە ئەوروپا، بەڵکو بۆ ئیسرائیلیش، لەگەڵ ئەمەدا، بابەتی چۆنییەتی رەفتارکردن لەگەڵ پەکەکەدا بابەتێکی تری ئەو سەردانە بوو، لەو بوارەدا وا دیارە ئەنقەرە خۆشحاڵە بەو قسانەی کە سەرۆك بوش لە دیدارەکەیدا لەگەڵ گول کردبووی کە بۆ جاری دووەم پەکەکەی بە دوژمنێکی هاوبەشی تورکیاو عێراق و ئەمەریکای دانا.

سەبارەت بەو قسانەی سەرۆك بوش سەرچاوەیەکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە پلانێکی پتەو لە ئارادایە بۆ چۆنییەتی رەفتارکردن لەگەڵ پەکەکە لە رووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە، هەرچەند لایەنە سەربازییەکە دیارەو تورکیا بە کردەوە پیادەی کردووەو ئەردۆگان و گولیش سەبارەت بە ئەنجامدانی پرۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردنشینەکان بەڵێنیان داوە، بەڵام لایەنە سیاسییەکە هێشتا دیار نییە و تەنها لە چوارچێوەی رابینینی هەندێ نووسەرو رۆژنامەنووس و پسپۆری سیاسی تورکیادایە کە گوایە چاوەڕوانی کرانەوەیەك دەکرێ بەرامبەر بە پەکەکەداو لەو رووەوە دەڵێن: کاتێ ئەردۆگان و بوش لە ٥ی تشرینی دووەمی پارساڵ کۆبوونەوە هەنگاوی سەربازی دژ بە پەکەکە هاوێژرا، بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی گول و بوشدا زیاتر باس لە هەنگاوی سیاسی کرا.

بەپێی وتارێکی رۆژنامەی(حورییەت)ی تورکی، لە کۆبوونەوەکەی بوش و گولدا هەشت داواکاری خرانەڕوو، سێیان هی تورکیاو پێنجیشیان هی ئەمەریکا بوون:

١- داواکارییەکانی تورکیا لە ئەمەریکا:

أ- پێویستە بارزانی سیاسەتێکی نەرم بنوێنێ، لێرەدا رۆژنامەکە قسەیەکی گول دێنێتەوە یاد کە ئەگەر هاتوو بارزانی پەکەکەی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد، تورکیا ئامادەیە هاوکارییەکانی خۆی بۆ ئەو هەرێمە دە بەرابەر زیاد بکات.

ب- بەرپرسانی پەکەکە دەستگیر بکرێن و رادەستی تورکیا بکرێن.

ج- ئەو هەماهەنگییەی نێوان ئەمەریکا و تورکیا هەر بەردەوام بێت.

د- داواکارییەکانی ئەمەریکا لە تورکیا:

آ- ئەو رێیانە بکاتەوە کە بەهۆیانەوە یارمەتی لۆجستی ئەمەریکا دەگاتە عێراق.

ب- لە مەسەلەی پاکستان و ئێراندا هاریکاری ئەمەریکا بکات.

ج- پشتگیری لە چارەسەری مەسەلەی ئیسرائیل و فەڵەستیندا بکات.

د- هاوکات لەگەڵ کاری سەربازی دژی پەکەکە، هەنگاوی خێرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بهاوێژرێ.

هـ- هەماهەنگییەکی نوێ لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی عێراقدا دروست بکات.

سەبارەت بە بڕگە(آ)ی داواکاری تورکیا لە ئەمەریکا، ئوکتای ئێکشی رۆژنامەنووسی تورك وەك گاڵتەو تانەلێدان لە قسەکەی گول وتارێکی لە رۆژنامەی(حورییەت)ی تورکی بڵاوکردۆتەوەو دەڵێ:"بەرپرسە بەرزەکانمان کاتێ سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن قسەی زۆر بێ بایەخ دەکەن، کەی تورکیا ئەو هێزو توانایەی هەیە دەبەرابەر ئەو هاوکارییانەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان زیاد بکات؟

قسەکەی گول زۆر راستە ئەگەر بەو جۆرە بیری لێ بکەینەوە:

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئێمە هیـــچ هاوکارییەکمان پێشـــکەش بەوان نەکـــردووە، بۆیە دە بەرابەرەی گول هیچ ناکات..!!

ســـەردانەکەی گول بۆ ئەمەریکا هەروەکو گوتمان لە ناو تورکیا بەبێ ســـوود لە قەڵـــەم دراو لەلایەن پارتە سیاســـییەکانی تورکیا نارەزاییەکـــی زۆری لێکەوتەوە، بە بۆچوونی پارتی گەل کۆماری تورکیا CHP ئەو ســـەردانەی گول لە کاتێکی گونجاودا نەبوو، هەروا بێ ناوەڕۆك بوو، پێویستە ئەوەندە بایەخی پێ نەدرێت، گول بەو سەردانەی ویستی ئاستێك بۆ خۆی دروست بکات و تورکیاش لەو سەردانە هیچ قازانجێکی نەکرد.

پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرســـت MHPپێیوایە کە گول وەك نەریتێك ئەو ســـەردانەی ئەنجامداوەو هیچ شتێك لە ناوەڕۆکەکەی بەدی ناکرێ، پارتـــی کۆمەڵگەی دیموکراتی (DTP)ش پێیوایە ئەو قسانەی کە کران دووبارەکردنەوەی قسەکانی ئەردۆگان و بوش بوون.

فـــارووق لۆئۆغلو باڵیۆزی پێشـــووی تورکیا لە واشـــنتۆن و سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (ASAM)یش پێیوایە ئەو هەڵســـەنگاندنەی کە گوایە ســـەردانەکەی گول بۆ ئەمەریکا لاپەڕەیەکی نوێی نێوان هەردوولا هەڵداوەتەوە شتێکی راست نییە و تەنها بۆ گەورەکردنی مەسەلەکەیە.

بەپێی نووسینێکی (سەدات ئەرگین)ی رۆژنامەنووسی تورك کە لە رۆژنامەی (میللیـــەت)دا بڵاوی کردبۆوە دەڵێ: یەك لەو بابەتە گرنگانەی کە لە کۆبوونەوەکەی بوش و گولدا باسکران مەسەلەی کەرکـــووك بوو، گول خۆشـــحاڵی خۆی بەرامبەر بە دواخســـتنی ریفراندۆمی کەرکووك بۆ شـــەش مانگی تر دەربڕی بە ســـەرۆك بوشیشـــی راگەیاندبوو کە ریفراندۆمی کەرکـــووك عێراق دەخاتە نـــاو ئاژاوەیەکی گەورەوەو وەڵامـــی ئەمەریکییەکانیش ئەوەبوو کە روودانی شەڕ لە کەرکووکدا دەبێتەهۆی تێکچوونی باری عێراق.

بەپێی قسەی ئەرگین: دوای کۆبوونەوەکەی بوش و گول، گول پتر باوەڕی بەوە هێنا کە ریفراندۆمی کەرکووك لە ساڵی ٢٠٠٧یش ئەنجام نادرێ.

هەر سەبارەت بە مەســـەلەی کەرکووکەوە، گول لە وتەیەکیدا لە دەزگای (ودرۆ ویلســـن)ی ئەمەریکی رایگەیاندبوو: کەرکووك بەو شـــێوەیە دەبیندرێت کە کێشـــەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر هاتوو لە نێوان گروپەکان رێککەوتنێك ئەنجـــام نەدرێت و ریفراندۆم بکرێت، ئەوکاتە ئەگەری ئەوە هەیە لە نێوان چین و توێژەکان شەڕ دروست ببێتـــەوە، دوای دیاریکردنی ســـتاتۆی کەرکـــووك لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەتواندرێت ریفراندۆم ئەنجام بدرێت.

دەربارەی دانوســـتانیش لەگەڵ پەکەکـــەدا، ئەرگین دەڵێ: گول لـــەو وتەیەیدا گوتی: پەکەکە لە خاکـــی عێراقەوە دێتە ناو تورکیا و هێرش دەکاتەســـەر خەڵکی مەدەنی، لـــە حاڵەتێکی وادا کە لە دەرەوەی سنووری تۆ تیرۆر بێتە ناو خاکتەوە چۆن رێگەی سیاسی دەگریتەبەر؟

چۆن ناتواندرێت بە ئەلقاعیدە بگوترێت وەرن بە رێگەی سیاسی کێشەکان چارەسەر بکەین، بۆ پەکەکەش هەروایە، بە هیچ شێوەیەك لە کۆبوونەوەی من و بوشدا باسی دانوستان نەکراوە.

بـــە پێچەوانەی ئەو قســـەیەی گـــول دانا پەرینـــۆ وتەبێژی کۆشکی ســـپی بەر لە کۆبوونەوەی بوش و گولدا رایگەیاند: ئێمە لـــەو باوەڕەداین کە دەرفەت هەیە بـــۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی سیاسی لە مەسەلەی پەکەکەدا، پاش کۆبوونەوەکەش کۆشکی سپی رایگەیانـــد: لـــە کۆبوونەوەی بوش و گولدا هەوڵی سیاســـیش بۆ چارەســـەرکردنی کێشەی پەکەکە قســـەی لێوەکرا، بەپێی باوەڕی ئەمەریکا چارەسەری کێشەی پەکەکە تەنیا بە رێگەی سەربازییەوە ناکرێ، بۆیە پێویســـتە تورکیا هەندێ یاســـای نوێ دارێژێت بۆ ئەوەی چەکدارانی پەکەکە لە چیا بێننە خوارێ، کێشەی تیرۆر بە بۆردومان چارەســـەر ناکرێت و یاسای گەرانەوە بۆ ماڵ و یاسای دیکە زۆر پێویستن.

پاش تەقینەوەکەی دیار بەکر، هەندێ لە سیاسەتکاران و نووسەران و پسپۆری سیاسی جەختیان لەسەر چارەسەری سیاسییەوە کردووەو پێیانوایە کە کاتی ئەو چارەســـەرییە هاتـــووە، ئەحمەد ئاڵتان- ی رۆژنامەنووســـی تورك لە وتارێکیدا کە لە رۆژنامەی (ســـتار)ی تورکی بڵاویکردۆتەوە دەڵێ: دوای بۆردومانکردنی چیای قەندیل زۆر پڕوپاگەندەی خۆ بەزلزانین بڵاوکرایەوە، ئەو جۆرە خۆ بەزلزانینە زۆر مەترســـیدارە، لە دیار بەکر بۆمبێکی چێندراو تەقییەوە، باشە ئەوە چۆن روویدا؟ لەلایەك ئێمە دەڵێین چیای قەندیل وەکو ناوماڵی خۆمـــان وایە و ئاگاداری هەمـــوو چالاکییەکین، بەڵام لەلایەکی دیکە لە نیوەی دیار بەکر تەقینەوە روویداو کارەساتێکی لێکەوتەوە، ئـــەوە چ پڕوپاگەندەیەکە کە یەکتر ناگرێتەوە؟ ئەگەر ئێمە خاوەنی ئـــەو هێزەین کە دەتوانیـــن چیای قەندیل وەکـــو ناوماڵی خۆمان حیساب بکەین ئەی چۆن توانای کۆنترۆڵکردنی شارێکمان نییە؟ ئەگەر ئێمـــە ناتوانین لە ناو ســـنوورەکانی خۆماندا کۆتایی بەو هێرشـــانە بێنین ئەی چۆن دەتوانین لە دەرەوەی سنوور سەرکەوتن وەدەست بێنین؟

رۆژنامەنـــووس عەلـــی بولاچ-یـــش لـــە وتارێکیـــدا کە لە رۆژنامەی (زەمان)ی تورکی بڵاویکردەوە دەڵێ: پاش تەقینەوەکەی دیـــار بەکر دەرکەوت کە ئێمە لـــە بیروبۆچوونەکانماندا هەڵەبووین، پێویستە کێشـــەی پەکەکە لە رووی سیاسییەوە بێتە چارەسەرکردن، نەك ســـەربازی، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان بێ بەشـــداری فڕۆکە ئیسرائیلییەکان ئەو هێرشانەمان پێ نەدەکرا، سەبارەت بەو مەسەلەیە، بەینی خۆمان بێت لەکاتی ئەنجامدانی هێرشـــە ئاســـمانییەکانی تورکیا بۆ سەر قەندیل، برادەرێك پێی گوتم: فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بەشدارییان لەو هێرشـــە کردبوو، ئەوەی راستی بێت من باوەڕم بەو قسەیە نەهات، تا ئەوکاتەی رۆژنامەی (ها ئاریتس)ی ئیسرائیلی ئەو هەواڵەی پشـــت راستکردەوەو رۆژنامەی (زەمان)ی تورکیش لە ژمارەی رۆژی ١١ی کانوونی دووەم لە هەواڵێکیدا راستی هەواڵەکەی سەلماند: باڵیۆزی ئیسرائیل لە ئەنقەرە سەردانی سەندیکای کاری تەندروســـتی تورکیای کـــرد، لەوێدا گوتی: ئیســـرائیل پەیوەندی ســـتراتیژی خۆی لەگەڵ تورکیادا لەبـــەر خاتری هاریکاریکردنی کوردی عێراق لە دەســـت نادات، ئەگەر بەو شێوەیە رەفتار بکەین، دیارە ئێمە بێ ئەقڵین، ئەوانەی ئیسرائیل بەوە تاوانبار دەکەن گوایە هەماهەنگی لەگەڵ باکووری عێراقدا هەیە، با لە یادیان نەچێ کە ئەو فڕۆکانەی بەبێ فڕۆکەوان لەســـەر سنووری تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دەسووڕێنەوە فڕۆکەی ئیسرائیلین.

بەڵـــێ خوێنەری ئازیز، ئەمە قســـەی باڵیۆزی ئیســـرائیلە کە لەبەردەم میدیاکانی تورکیا کردبووی، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە: ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە پشـــتگیرییان لەو هێرشەی تورکیا دەکرد دەبـــێ چ بە خۆیـــان و میللەتەکەیان بڵێن؟ ئایـــا هەقی میللەتی تورکیش نییە لە بەرپرســـانی خۆی بپرســـێ: تا دوێنێ دەتانگوت ئیسرائیل پشـــتگیری لە کورد دەکات و هەرێمی کوردستان بووەتە بنکەیەکی ئیســـرائیلی، ئەگەر وایە دەفەرموون وەڵامی باڵیۆزی ئیسرائیل بدەنەوەو قسەکانی بە درۆ بخەنەوە..!

**سەردانەکەی گول بۆ ئەمەریکا لە ناو تورکیا بەبێ سوود لە قەڵەم دراو لەلایەن پارتە سیاسییەکانی تورکیا نارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە**

**ئەوانەی ئیسرائیل بەوە تاوانبار دەکەن گوایە هەماهەنگی لەگەڵ باکووری عێراقدا هەیە، با لە یادیان نەچێ کە ئەو فڕۆکانەی بەبێ فڕۆکەوان لەسەر سنووری تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دەسووڕێنەوە فڕۆکەی ئیسرائیلین**

# نابێ لەبەرچرادا تاریکی بنووسینەوە



سالار عوسمان

هاووڵاتییەك بەنێوی (فەرهەنگ ) تەلەفۆنی بۆ كردم و دوای سڵاو و یەكتر ناسین گوتی:

-(موجامەلە)* م خوێندنەوە، داواكارم ئەگەر بتانی لە هەفتەی دادێ بێ موجامەلە قسـەیەك لەبارەی گلەیی خەڵك بكەیت!

* دڵنیام گلەیی هەیە، بەڵام حەز دەكەم بزانم مەبەستتان چییە، چ جۆرە گلەییەك؟!

-گلەیی نەبوونی كارەبا، سـووتەمەنی، سیعری بازاڕ، گلەیـی لە بارەی مەعاش، گلەیی لەبارەی كوڕ و كچی مەسئول، گلەیی لەبارەی مەسئول خۆی، گلەیی لەبارەی زۆر شت، لەبارەی تیجارەت، دەڵێن ئەگەر لەگەڵ مەسئولەك شەرێك نەبی ناتوانی تیجارەت بكەیت، گلەیی زۆرە دەتانم هەتا سبەینێ لۆت بژمێرم!!...

* راسـت دەكەیت، منیش هەموو ئەو گلەییانەم گوێ لێ دەبێ!...

- ئێ دەباشـە مادام وایە ئێوەش موجامەلەی حكومەت مەكەن و هەموو شتەكان بنووسن!..

* راستگۆی ودڵسۆزیی ئەو بەڕێزەم كەوتە دڵان و هێشتا ئەو قسـەكانی تەواو نەكردبوو مـن لەدڵی خۆم بڕیارمدا ئەمجارەیان ئەم گفتوگۆ تەلەفۆنییە بكەمە نووسین!..

* راستە گلەیی هەیە و بەندەش هەوڵ دەدەم ئەگەر بە كورتیش بێ كەمێ لەبارەی گلەیی خەڵكەوە قسە بكەم!.. خەڵكی كوردسـتان مافی خۆیەتی گلەیی بكات، رەخنە بگرێت، خۆپیشاندان بكات، تەنانەت مافی خۆیەتی گوشار دروست بكات و ئەوەی دەیەوێ داوای بكات بە مەرجێ لە نێو چوارچێوە یاساییەكاندا جێی بۆ بكاتەوە!..

* بەشداریكردنی خەڵك لە ژیانی سیاسیی و ئابووری و كلتووریی وڵات و سـازكردنی زەمینەی ئەو بەشداریكردنە كاری ئەو سیستەمە دیموكراسییانەیە كە بڕوایان بە مافی ئەوانی تر هەیە،.. دیارە بەشـداریكردنی خەڵك لە ژیانی سیاسیی و جڤاكی و ئابووری لە كوردستان تادێ فراوانتر دەبێ، دەگەڵ فراوانبوونی بەشـداریی سیاسی، گلەیی، رەخنە، ناڕەزایی، رادەربڕین، خۆپیشـاندان، زۆرتر دەبێ و دەگەڵیشدا كەلێن وكەلەبەرەكان بەروونی وەدیار دەكەوێت و هەمدیس حاڵەتە پۆزەتیڤەكانیش لە تەنیشـتیدا خۆ نمایش دەكەن!.. بە واتایەكـی دیكە هەبوونی گلەیی و رەخنە و ناڕەزایـی و زەق بوونەوەی كەلێنـەكان كەلە دەرئەنجامی بەشـداریكردنی خەڵكەوە سـەرچاوەیان گرتووە بریتییە لە بڕوابوونی سیسـتەمی سیاسی كوردسـتان بە پرەنسیبی بەشداربوونی هاووڵاتی لە ژیانی سیاسییدا كە ئەمەشیان خەسڵەتێكی دیار وگەشی ئەمڕۆی دونیای دیموكراسی و كرانەوە و بەیەكەوە ژیانە.

* بەدڵنیاییـەوە گلەیـی هەیە، رەخنـە هەیە، هەموو گلەیی و رەخنە و ناڕەزایی و تووڕەییەكیش هەقیقەتێك لە پشتیەوە ئامادەیی هەیە وەلێ هەقیقەتێكی رێژەیی، ئەوەی میللەت دەیڵێ راسـتە، لێ ئەوەی دوژمن دەیڵێ هەڵەیە، هەنـدێ جار لەو نێوەندەدا تێكەڵیەك روودەدا، میللەت وریا نەبێ قسەی خۆی لەبیر دەچێتەوە و هەمان قسەی دوژمن دووبـارە دەكاتەوە، وەك چۆن هەندێ قەڵەم بەدەسـت لەبن مانشێتی دۆسـتانەدا هەمان قسەی دوژمن دەكەن، بەڵام وەك دەبـێ وریابین لە پەنـای ئازادیدا تاوان نەكەین، وەك چۆن نابێ لەبەر چرادا تاریكی بنووسینەوە، هەرواش نابێ دۆسـت وەك دوژمن قسە بكات و خاوەن ماڵ وەك غەوارە مامەڵە بكات!!..

* دوو ئاراسـتەی جیاواز، دوو روانینی تەواو جیاواز، یەكێكیان وەك خاوەن ماڵ، وەك دۆست كار دەكات و رەخنە دەگرێ و گلەیـی دەكات، ئەوی تریـان وەك دوژمن!.. پێویسـتە هەموومان لە خزمەت هی یەكـەم و ڕووبەڕوو بەرامبەر ئەوەی دووەم بوەستین ئەمە كای هەموومان ناكرێ راگوزەر، بێ ئاوڕدانەوە، بێ بایەخ لە رەخنە سیاسـیی و كۆمەڵایەتییەكان تێپەڕین!!..

* موجامەلە:- ناونیشـانی نووسینی ژمارەی پێشوو- ٢٠٠٨/١/١٤

# هاندانی تورکیا بۆ چارەسەری ئاشتییانە



ئازا حەسیب قەرەداغی

ناکرێ چارەسەرێکی هاوسەنگ کە بەرژەوەندی و سەروەری تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراقی رەچاوکردبێ، بۆ تەنگژەو کێشەکانی نێوان ئەم دوو دراوسێیە نەبێت!!

ناکرێ عەقڵی سیاسی هەردوولا و دۆستەکانیان لە ناوچەکە و جیهانـدا، لـە پێشەوەشـیان ئەمەریکا، توانای دارشـتنی نەخشـەرێیەکیان نەبێت بۆ چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی ئەو کێشانەی لە نێوانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا پیش دەخۆنەوە و رۆژانە دەرهاویشتەی نەگەتیڤیان لێدەکەوێتەوە و گوندنیشینە هەژارەکانی هەرێم بە گیان و ماڵ و بەروبوومی کشـتوکاڵی و مەرومالاتیان باجەکەی دەیدەن!!

ناکـرێ هەموومان بە تایبەتیش ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتووەکان بڕوا بـەوە بهێنین کە حکومەتی تورکیا و سـوپاکەی دەیڵێن، گوایە جگە لە شـەڕ هیچ چارەسەرێك نەماوە!!

ئەگەر لەم کاتەدا ئەم گریمانەیەی تورکیا راسـت بێ، ئەوە خۆ دەبوو لەماوەی چارەکە سـەدەیەکی رابردووشدا هەر راست بوایە کە تەنیا لەشکرکێشـی و شـەڕیان بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان دانابوو، کەچی هیچیشیان پێ چارەسەر نەکرا و، بە پێچەوانەشـەوە بازنەکەیان فراوانتر و دەرەنجامەکانیان دژوارتر و برین و رق و کینەکانیشیان قوڵتر کردەوە.

تورکیا کە پێشتر کێشەی لەگەڵ کوردی وڵاتەکەیدا هەبوو، لە بەر رۆشـنایی پرینسیپەکانی دیموکراسی و مافی نەتەوە و گەلاندا چارەسەرێکی ئاشـتییانەی نەکرد و مکوڕ بوو لەسەر بەکەمزانین و سەرکوتکردنی بۆیە دووچاری کێشەیەکی ئاڵۆزتر و دژوارتر و توندوتیژتر بۆوە کە ناوی ناوە کێشەی پەکەکە.

لەبەرئەوەی بۆ ئەم کێشەیەش هەر پێی وابوو شەڕ چارەسەرە، لەماوەی چارەکە سـەدەیەکدا نەك کێشەکەی پێچارەسەر نەکرا بەڵکو بەردەوام لێی ئاڵۆزتر و توندوتیژتر بۆتەوە.

خۆ ئەگەر لەسـەر سیاسەتی ئێستای بەردەوام بێت کە جگە لـە دان نەنان بە کورد و دۆزەکەی لە تورکیا، هیچ ئیعتیرافێك بە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و دستوری عێراقی فیدراڵ و ئەو پێشـکەوتنە سیاسـی و ئابووری و کلتووریانە ناکات کە لە هەرێمی کوردسـتانی دراوسـێیدا هاتوونەتە دی و هێرشە ئاسمانییەکانی بۆسـەر گوند و چیاکانی هەرێم درێژە پێبدات و بۆ دوای بەهاری داهاتووش بیر لە لەشکرکێشـی و هێرشی پیادە بکاتەوە، ئەوا بارودۆخەکە لە سەرجەمی ناوچەکەدا بەرەو ئاڵۆزییەکی زیاتر دەبات و کارەکتەرەکانی ناو کێشەکە زیاتر دەکات و بازنەکەشـی فراوانتر دەکات، هیچ یەکێك لەم دەرەنجامانەش لە خزمەتی ئەو رەوتە ویسـتراوەدا نین کە ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەم ناوچەیە لەحیساباتیاندایە.

کەواتە سـەبارەت بە تورکیا کێشـەکەی لە خۆ کردۆتە سێ تەوەر، یەکێکیان کرۆکی مەسـەلەکەیە کە کێشەی کوردە وەك نەتـەوە لە تورکیـادا، دووەکەی تر بەرهەمـی لێکەوتەی ئەم کێشـە بنەڕەتییەن کە یەکێکیان کێشەی پەکەکەیە وەك هێزێکی چەکدار، ئەویتریش کێشـەیەتی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتانی عێراق، ئـەم هەرێمەی سـەرەتا وەك دیفاکتۆیەکی سیاسـی لەدوای شـەڕی یەکەمی کەنداوەوە سـەریهەڵدا، ئێستاش وەك حەقیقەتێکی دەسـتووری لە عێراقدا بە کۆڵەگەی سیاسـی و یاسایی و ئابووری و دامەزراوە سەروەرییەکانی پایەدارە و،نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریـکا و ئەورووپا و وڵاتانی جیهان دانیان پێداناوە و مامەڵەی جۆراوجۆری لەتەکدا دەکەن.

سەرەڕای ئەم ئاڵۆزییە کە تورکیا دروستی کردووە، چارەسەر هەر لە کرۆکدایە، واتە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردە لە تورکیا.

بـە چارەسـەرکردنی بنەڕەتی کێشـەکە ئەوانی دیکەش لە مەودای زەمەنی جیاجیادا چارەسەر دەبن.

کەواتـە تورکیا لــە دووڕیاندایە و تۆپەکـەش لە گۆڕپانی ئەودایــە، یان ئەوەتا توندوتیژانە و دژوارترانە درێژە بە مێژووی پڕ توندوتیژی و نەهامەتی سـەدەی رابـردوو دەدات و هیچ کێشـەیەك چارەسـەر ناکات، یان کۆتایی بەو مێژووە دێنێت و سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات و بە بڕیارێکی سیاسی ئازایانە رێگەچارەی ئاشتییانە بۆ کێشـە بنەڕەتییەکە و لێکەوتەکانی هەڵدەبژێرێ.

سـەبارەت بـە ئەمەریـکاش، دەبێت هاوسـەنگی لە نێوان دۆسـتەکانیدا بـکات، ناکرێ هیچ کامێکیـان بکاتە قۆچی قوربانی رازیکردنی ئەوی دیکەیان، وەك ئەوەی ئێستا سەبارەت تورکیا و هەرێمی کوردستان دەیکات.

لە مەودای نزیك و دووریشـدا کوردی عێـراق و تورکیا و ئێران و سـوریاش دۆستی ئەمەریکا و بەشێك دەبن لە کارەکتەرە پۆزەتیڤەکانی پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە، بۆیە ناکرێ بۆ رازیکردنی تورکیا، ئەمەریکا لە بایەخی ئـەم هێزە کەمبکاتـەوە، یان بیگەیەنێتە ئـەو رادەیەی وەك هێزێکی نەیار و دژ بەرامبەر ئەمەریکا بوەستێتەوە.

بێگومان پنتێك لە نێواندا هەیە کە بەرژەوەندی و سـەروەری تورکیا و هەرێمی کوردستانی تێدا جڕ بۆتەوە، ئەمەریکا دەبێت لـەو پنتەدا بۆ هەرچـی زیاتر رۆشـنکردنەوەی و برەودان بە کاراییەکەی کار بکات و دۆستەکانی خۆی راکێشێ بۆی.

بێگومان پنتێك لە نێوانی کورد و دەوڵەتی تورکیادا هەیە کە ماف و ئەرك و پابەندییەکانی هەردوو لای تێدا چڕبۆتەوە، دەبێت ئەمەریـکا و یەکێتی ئەورووپـا و نەتەوەیەکگرتووەکان و هەموو هێزە دەستڕۆیشـتووەکانی ناوچەکە کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی هەردوولا لەو پنتەدا.

کەواتە سـەبارەت بە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و وڵاتانی ناوچەکە و، عێراقیش لە پێشەوەیان، ئەرکی راستەقینەیان لەوەدا نییـە بۆ رازیکردنی تورکیا، بە سیاسـەت و رەفتارە هەڵەکانی ئێسـتای رازی بن، یان هانی بدەن، یان هاوکاری بکەن، بەڵکو ئەرکی راسـتەقینەیان لەوەدایە کە هاوسەنگی راگرن، تورکیا هوشـیار بکەنەوە و هانی بدەن چارەسـەری ئاشتییانەی کێشە بنەڕەتییەکەی کورد بکات لە تورکیادا و لەم پێناوەشدا هاوکاری ماددی و لۆجیسـتی و تەکنیکی و سیاسـی بکەن، رێگەی نیشـان بدەن بۆ دان پێدانان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و دەسـتووری عێراق بە هەموو بڕگە و مادەکانییەوە کە بنەمای شەرعی عێراقییەکانە بۆ رێکخستنەوەی دەوڵەتەکەیان لەسەر بنەمای فیدرالییەت.

# ئاڵۆزكاوی ئاسایش لە عیراقدا مایەی زیانی سیاسیە بۆ كورد



سامی شۆڕش

ڕەنگە یەك لە كێشە گەورەكانی عیراق لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئەوە بوو بێت كە ئەمریكا هەر لە دوای چەند مانگێكی كەم لە ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەغدا، ئیتر لە جیاتی بایەخ دانی ڕاستەقینە بە باری سیاسی و دامەزراندنی دیموكراسی و بنیات نانەوەی ئابووریی، تا ڕادەیەكی هەست پێكراو، ناچاری ئەوە بوو قورسایە عەسكەری و سیاسیەكەی خۆی بخاتە سەر مەسەلەی دابین كردن و ڕاست كردنەوەی باری ئاڵۆزی ئەمن و ئاسایش لە ناو عیراقدا. هەروەها لە دەرەوەی عیراقیشدا خۆی خەریكی ناكۆكی و ناخۆشی كرد لەگەڵ ئێران و سوریا. ئەم دوو خۆ خەریك كردنە وای كرد واشنتۆن زۆرتر بایەخ بە ئاسایش بدات لەوەی بایەخ بە وەزعی سیاسی عیراق بدات.

ئەوی ڕاستی بێت، ئەمریكا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە وای لێكداوەتەوە كە چەند دەستێكی دەرەكی، بە تایبەتی ئێران و سوریا و هەندێك دەوڵەتی دیكەی عەرەبی، لە ڕێگەی دنەدانی تیرۆرو شەڕی تایفەگەریەوە، خەریكی تێكدانی باری ناوەخۆی عیراقن. جار وا بووە واشنتۆن گوتویەتی مەبەستە سەرەكیەكەی ئەم دەوڵەتانە لە ڕێگە گرتن لە سەقامگیری و دیموكراسی و فرەخوازی لە عیراق، تێك و پێكدانی عیراق و تۆڵە كردنەوەیە لە میللەتەكەی. هەندێك جاری دیكە ڕای وا بووە كە ئەم دەوڵەتانە تەماحیان لە ئاڵۆزاندن و پارچە پارچە كردنی عیراق و بڵاوكردنەوەی دەسەڵاتی خۆیانە لەو وڵاتەدا. زۆر جاری دیكەش گوتویەتی مەبەستیان لەو دەست تێوەردانە ئەوەیە زیان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا نەك هەر لە عیراق بەڵكو لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە لە جیهانیش بگەیەنن. لەم دیدەوە، مەسەلەی گەورە لە عیراقدا بۆ ئەمریكا بۆتە باری ئەمنی و ئاسایشی دەوڵەتی عیراق. هەر بۆیەش زۆر بە گەرمی خۆی خەریكی شەڕی تیرۆریستان كردووە هەمیشە بەلایەوە گرنگ بوو یەك پارچەیی عیراق لە بەرامبەر دەوڵەتانی ناوچەكە پارێزراو بێت و بنیات نانی دیموكراسی ڕاستەقینە لە عیراقدا زۆر جەختی لەسەر نەكرێت.

لەو بەرامبەرەدا، ئەم حاڵەتە واشنتۆن ـی ناچار كردووە، تا ڕادەیەكی زۆر، جێ بە جێ كردنی بەرنامە سیاسی و ئابووریەكەی خۆی لە عیراق دوابخات، بەو هیوای ئەم بەرنامەیە لە دوای نەهێشتنی توندوتیژیی تایفەگەری و لە ناو بردنی تیرۆرو هێور بوونەوەی باری ئاسایش، ئینجا جێ بە جێ بكرێت و ئەو عیراقە دیموكراسی و سەقامگیرە دابمەزرێت كە خۆی و ئاشتی و بەرژەوەندیەكانی نێودەوڵەتی دەیانەوێت.

ڕاستە، لەگەڵ ئەو بازدانەش بە سەر ڕووگەی سیاسی، لەو ساڵانەدا، واشنتۆن هەر بایەخی بە باری سیاسی عیراق داوەو هەمیشە لە خەمی ئەوە بووە پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەكی ڕاست و دروست بەڕێوە بچێت. لەم پێناوەشدا كاتێكی زۆری بۆ سەرخستنی پرۆسەكانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەمیشەیی و دەستووری عیراق و ئاشتەوایی نیشتمانی تەرخان كردوە. هەروەها هیلاكیەكی زۆری كێشاوە لە پێناو قەناعەت پێكردنی هەموو پێكهاتەكانی عیراق بە شیعەو سوننەو كوردو عەرەب و كەمایەتیەكانی دیكە، كە بەشداریەكی كاریگەرانە لە پرۆسەی سیاسی دا بكەن. لەوانەش بەولاتر، كۆششێكی بێ ئەندازەی كردوە بۆ كورت كردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی دراوسێ لە ناو كاروباری ناوەخۆی عیراقدا. بگرە كۆششێكی زۆریشی كردوە بۆ ڕاكێشانی هێزە سیاسیە وابەستەكان بە ئێران و سوریا بۆ ناو پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا. بەڵام، ئەگەر هەندێك بە دیققەت سەیری ئەو چالاكیە سیاسیانەی ئەمریكا بكەین، دەبینین هەر هەموو ئەم كارو چالاكیە سیاسیانە، زۆرتر، پەیوەندیان بە ڕاست كردنەوەی باری ئەمنی عیراقەوە هەبووەو مەبەستە سەرەكیەكەیان تەنیا بۆ ئەوە بووە دەسەڵاتی واشنتۆن بەسەر باری ئاسایشی ئەم وڵاتە چاكترو زۆرتر بشكێ. بۆیە، سیاسەت لای ئەمریكیەكان لە عیراقدا، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەمیشە بە مەعنای ئاسایش هاتووەو واشنتۆن تا ئێستاش لە چاویلكەی ئاسایشەوە سەیری بارودۆخی عیراق دەكات نەك لە چاویلكەی سیاسەتەوە. لە ئەنجامیشدا زەرەرمەندی گەورە لەم حاڵەتە نەك تەنیا ئەمریكا خۆی، بەڵكو گەلانی عیراقیش بووە بە تایبەتی گەلی كورد.

ڕەنگە لێرەدا، پرسیارێكی گرنگ بێتە پێشەوە: دەبێت زیانی كورد لە تێكچوونی باری ئاسایشی عیراق چی بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە بەم شێوەیەی خوارەوە بدرێتەوە:

بە درێژایی چوار ساڵی ڕابردوو، هەموو ئەو تەگەرانەی هاتوونەتە پێش كورد لە عیراقدا هەر هەموویان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەوەوە هەبوو كە ئیتر ئەجێندای ئەمریكا لە عیراق تەنیا ئاسایش و شەڕی تیرۆرو كەم كردنەوەی زەرەرە

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

گیانی و ماددیەکانی خۆی بووە نەك پێشخستنی عیراق لە بواری سیاسی دا. راستە، کە سوپای ئەمریکا هاتە عیراق مەبەستە یەکەمی واشنتۆن ئەوە بوو یەکڕاست دەست بە بینای سیاسی و دیموکراسی بکات لە عیراقدا. هەروەها راستە، ئەمریکا دەیەویست لە ڕێگەی دامەزراندنی دیموکراسیەوە دەرگای تەواوی ناوچەکە بەسەر دیموکراسی و فرەخوازی و لێبووردەیەوەو کەلتوورێکی سیاسی تازە بکاتەوەو ئیتر دەوڵەتە نەیارەکانی خۆی، ئێران و سوریا بۆ نموونە، نەك بە شەڕ بەڵکو بەو دیموکراسیەی لە عیراق دایدەمەزراند، بڕوخێت و لە ناو بچێت. بەڵام لەوانە راستتر ئەوەیە کە دەوڵەتە نەیارەکانی سەرکەوتوو بوون لەوەی ئەم بەرنامەیە لێ تێك بدەن و تەگەرەی بخەنە بەردەم. گەورەترین تەگەرەش ئەوە بوو باری ئاسایشی عیراقیان تێك دا و ئەمریکایان ناچار کرد هەتا رادەیەکی زۆر دەست لە بەرنامە سیاسیەکەی خۆی هەڵبگرێت و روو لە جێ بە جێ کردنی بەرنامەی ئەمنی بکات.

هەندێك ناوەندی کوردی پێیان وایە تێکچوونی باری ئەمنی عیراق رەنگە کارتی سیاسەت بە دەست کوردەوە بە هێز بکات و قازانجی پێ بگەیەنێت. هۆیەکەش بە لای ئەو ناوەندانەوە ئەوەیە کە لاواز بوونی دەوڵەت و مەڵبەندەکانی بڕیاری سیاسی و باری ئابووری عیراق هەڵوێستی کورد لە بەرامبەر بەغدا بەهێز دەکەن. بێگومان، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە، لە سووچێکی تەسکەوە راستە. بگرە راستتریشە ئەگەر ئەو هەموو کارو بوژانەوە سیاسی و ئابووری و هێمنیە لە بەرچاو بگرین کە لە کوردستاندا لە سایەی حکومەتی هەرێم هەیە. بەڵام ئەم بۆچوونە، بە داخەوە، لە زۆر سووچی دیکەوە راست نیە. هۆی ناراستیەکەیش ئەوەیە کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا لە عیراق بڕیاردەری یەکەم و سەرەکی هیچ کات بەغدا نەبووە، بەڵکو هەمیشە واشنتۆن بووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی واشنتۆن تا بینە قاقای خنکاوی ناو باری ئەمنی عیراق بووەو بە تەنیاش نەیتوانیوە لەنگەری ئەو بارە ئاڵۆزە رابگرێت، بۆیە بەردەوام ناچار بووە بایەخ و تاقەت و توانای خۆی تەرخان بکات بۆ لایەنی ئەمنی و عەسکەری. لە هەمان کاتیشدا، داوا لە هاوپەیمانەکانی بکات، وەك کورد، یان فشاریان بخاتە سەر، تا لە جیاتی پێ داگرتن لەسەر مافە سیاسی و دەستووریەکانی خۆیان و هەوڵدان بۆ جێ بە جێ کردنیان، رازی بن بە دواخستنی ئەم پڕۆسەیەو بکەونە یارمەتی دانی ئەمریکا لە راست کردنەوەی بارە ئەمنی و سیاسیە ئاڵۆزەکەی عیراق. واشنتۆن لەم بوارەدا، پێی وا بووە دۆست و هاوپەیمانەکانی چ لە عیراق و چ لە ناوچەکە و چ لە جیهاندا، دەبێت هیچی ئەوتۆ نەکەن تیرۆریستان و دوژمنانی دیموکراسی لە عیراقدا کەلکی لێ وەربگرن یان وەك بەهانەیەك بەکاری بهێنن بۆ فراوان کردنی چالاکیە تیرۆریەکانیان. بەڵکو لە جیاتی ئەوە، دەبێت یاریدەدەری ئەمریکا بن و هەندێك جار تەحەمولی قوربانی و زیانی سیاسیش بکەن.

نموونە لەو بوارەدا زۆرە چ لە کاتی ئەنجومەنی حوکم و چ لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەیاد عەللاوی و ئیبراهیم ئەلجەعفەری، چ لە کاتی حکومەتی نوری ئەلمالکی و نووسینەوەی دەستوورو مەسەلەی ماددەی ١٤٠ و یاسای نەوت و گازو بودجە. رەنگە بەشێکی زۆری ئەو مافانە کە هەندێکیان لە ناو دەقی دەستووردا جێگیر کراون، لە توانای کورد خۆی دا هەبێت کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ چارەسەریان بکات. یانیش لاوازیەکەی بەغدا ئیستیغلال بکات بۆ جێ بە جێ کردنیان. یانیش داوای یارمەتی لە ئەمریکا بکات بۆ فشار بردن بۆ سەر بەغدا تا مافەکانی جێ بە جێ بکرێن.

بەڵام، لەبەر ئەوەی ئەمریکا، لەو ماوەیەدا هەمیشە خەمی گەورەی ئاسایش بووە نەك سیاسەت، بۆیە هەمیشە ویستویەتی کورد دان بە خۆی دا بگرێت و هیچی ئەوتۆ نەکات کە زیان بە شەڕی ئەمریکا لە دژی تیرۆر بگەیەنێت، یان زیان بە بونیادی پێکهاتە ئەمنیەکەی سیاسەتی ئەمریکا بگەیەنێت. یانیش زیان بە نەخشەی ناکۆکیەکانی لەگەڵ سوریا و ئێران بگەیەنێت. دیارە، بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی کورد لەوەدایە دۆستایەتی ئەمریکا بپارێزێت و کارێکی وا نەکات تۆزقاڵێکیش چییە زەرەر بە بەرژەوەندیەکانی لە عیراقدا بگات، بۆیە قبوڵی کردوە پێ بە جەرگی خۆی دا بنێت و بەوپەڕی هێمنی ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا بەڕێوەبەرێت. دیارە، ئەمەش لە مەودای نزیکدا، رەنگە هەندێك زەرەر بە بەرژەوەندیەکانی کورد بگەیەنێت، بەڵام لە مەودای دوورو ستراتیژیدا، بێ شك، قازانجێکی زۆری بۆ کورد دەبێت.

بۆ ئێستاو ماوەی نزیك، ئەگەر بارە ئەمنیەکەی عیراق باش و رێك و پێك بوایە، ئەوا ئەمریکا دەستێکی سیاسی باڵاتری دەبوو لە بەغدا. هەروەها بە گەرمیش خەریکی دامەزراندنی عیراقێکی وا دەبوو کە ببێتە نموونە لە ناوچەکەدا. لێرەش، قازانجکاری یەکەم کورد دەبوو. زۆر دەستکەوتمان هەیە، چ لە ناو دەستوورو چ لە دەرەوەی دا، دەمانتوانی تا ئێستا حکومەتەکانی عیراق ناچار بکەین بەوەی جێ بە جێیان بکات. بەڵام پێ دەچێت بە هۆی رەچاوکردنی بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی ئەمریکا لە عیراق تا ئێستا نەمانتوانیبێت وەکو پێویست بەو دەست کەوتانە شاد بین. ئەمەش جۆریکە لە زەرەر کە باری ئاڵۆزی ئاسایشی عیراق پێی گەیاندوین. لەم سۆنگەوە، دەتوانین بڵێین جێگیر بوونی وەزعی ئەمنی لە عیراقدا، هەروەها هێور بوونەوەی ناکۆکیەکانی واشنتۆن لەگەڵ ئێران و سوریا، رەنگە دەستی ئەمریکا، تا رادەیەکی زۆر، رەها بکات لەوەی تەکانێکی گەورە بە پڕۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە عیراقدا بدات بە جێ بە جێ کردنی تەواوی مافەکانی کوردیشەوە لەو وڵاتەدا.

●●●

**سیاسەت لای ئەمریکیەکان لە عیراقدا، تا ئێستاش لەگەڵدا بێت، هەمیشە بە مەعنای ئاسایش هاتووەو واشنتۆن تا ئێستاش لە چاویلکەی ئاسایشەوە سەیری بارودۆخی عیراق دەکات نەك لە چاویلکەی سیاسەتەوە. لە ئەنجامیشدا زەرەرمەندی گەورە لەم حاڵەتە نەك تەنیا ئەمریکا خۆی، بەڵکو گەلانی عیراقیش بووە بە تایبەتی گەلی کورد**

●●●

●●●

**بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی کورد لەوەدایە دۆستایەتی ئەمریکا بپارێزێت و کارێکی وا نەکات تۆزقاڵێکیش چییە زەرەر بە بەرژەوەندیەکانی لە عیراقدا بگات ئەمەش لە مەودای نزیکدا، رەنگە هەندێک زەرەر بە بەرژەوەندیەکانی کورد بگەیەنێت، بەڵام لە مەودای دوورو ستراتیژیدا، بێ شک، قازانجێکی زۆری بۆ کورد دەبێت**

●●●

# پرۆسەی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی نێو حکوومەتی مالکی لە دووڕیانی سەرکەوتن و شکستدا



ئەمجارەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد رۆڵێکی خەمخۆرانە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا دەگێڕن و هەوڵەکانییان بۆ کۆکردنەوە و لێك نزیکردنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقە و هەموو هەوڵەکانییان لە پێناوی ئەوەیە رۆژێك زووتر هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و رێکخستنەوەی حکوومەتی ئیداری بەغدا، لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان و پێکەوە ژیان بەرەو پێشەوە بچێت و کۆتایی بە باری نا ئاسایی و سیاسەتی تاکڕەوی بهێنرێت ساڵی ٢٠٠٨ سیمایەکی نوێی حووکمڕانی باش و بوونیادنانەوە لە ژێر سێبەری سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و بڕیاری دەستەجەمعی بە خۆیەوە بینێت.

## گۆڕانکارییەکان ئایندەی سیاسی عێراق دیاری دەکات

ئەگەر ئامانجی هاوبەشی سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق مانەوەی عێراق بێت وەك دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین، ئەوا دەڵێت:

١. هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، واقیعیانە بێنە ناو مەسەلەکە و کاریگەری دەوڵەتانی هاوسێی عێراقیان لەسەر نەمێنێت بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عەرەبستانی سعودی، ئەم دوو دەوڵەتە وەك دوو دەوڵەتی هاوسێی عێراق، بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت دەوڵەتێکی سەنترالی کەلەلایەن کەمینەوە حوکمڕانی بکرێت دراوسێیان بێت، بەڵام ئەم شێوازە کە ئەو دوو دەوڵەتە دەیخوازن، ئەگەر هاوپەیمانان و ئەمەریکا بە ووردی هەڵوێستەی لە سەر نەکەن ئەوا تەواوی پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەخاتە مەترسییەوە.

٢. کێشەکانی عێراق، کێشەی ناوخۆی عێراقن و تەنیا عێراقییەکان پێیان چارەسەر دەکرێت، ئەمەریکا دەبێت ئەزموونی ئەنبار و سەحوەی عەشائیری عەرەب وەك پەندێك سەیر بکات و بگاتە قەناعەت ئەوەی بە سەرۆك هۆزەکانی عەرەب لەو ناوچانە کرا، بە تەواوی هاوپەیمانانی دژە تیرۆر نەدەکرا، لە هەمانکاتدا ئەگەر هۆزەکانی عەرەب سوننە ئامادەباشیان تێدا نەبوایە بۆ هەڵگەڕانەوە لە تیرۆریستان و رێکخراوی ئەلقاعیدە ئەوا ئەم کارە بە زۆر نەدەکرا، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم حاڵەتە بکرێتە مۆدێلێك بۆ ناوچەکانی دیکە بەتایبەتی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان وەك ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ، ئەم کارە ئەگەر ئەمەریکا چاوی پێدانەگێڕێتەوە ئەوا مەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا دروست دەکات، لەم راستەدا پێویستە هاوپەیمانان و ئەمەریکا بزانن ئەو ناوچانە ئەمڕۆ یان سبەی دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و لە هەرێمی کوردستانیشدا ماوەی ١٦ ساڵە دامەزراوەی شەرعی و پەرلەمان هەیە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، گاردی پاراستنی هەرێمی کوردستانە و دروستکردنی میلیشیا بە هەر ناوێك بێت، لای کورد هەر حسابی جاشی بۆ دەکرێت و هەمیشە پێشمەرگە لە سەنگەری دژی جاش و بە کرێگیراوان بووە، بۆیە لە بری ئەوەی هەڵبدرێت ئەو ناوچانە ، کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان خەڵکەکەی چەکداربکرێن، پێویستە ئەمەریکا ئەو خەڵکە هانبدات و فێریان بکات لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسییانە و بەپێی ئەو ماددە دەستوورییانەی لە دەستووری عێراقدا بۆتە نەخشەی رێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و نەهێشتنی نا سەقامگیری لەو ناوچانەدا، کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان بکەن.

٣. ژنرال داڤید پەتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و لە دواین لێدوانی هەفتەی رابردوویدا جارێکی دیکە هۆکاری نا سەقامگیری عێراق دەخاتەوە سەر ئێران و راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات ئێران هەتا ئێستاش سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستی لۆژیستی و مەشقی تیرۆیستانە.

لێرەدا پێویستە راشکاوانە بە ژنرال پەتریۆس بگوترێت، کە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ بە تەنیا ئێران نییە، بەڵکو دەستێوەردانی سعودیە و تورکیا زۆر لە دەستێوەردانی ئێران ترسناکترە و هەموو دەست تێوەردانە دەرەکیەکانیش جێگەی مەترسین و دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، بەڵام نابێت پێوانە و

ئەمەریکا دەبێت ئەزموونی ئەنبار و سەحوەی عەشائیری عەرەب وەک پەندێک سەیر بکات و بگاتە قەناعەت ئەوەی بە سەرۆک هۆزەکانی عەرەب لەو ناوچانە کرا، بە تەواوی هاوپەیمانانی دژە تیرۆر نەدەکرا

بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم حاڵەتە بکرێتە مۆدێلێک بۆ ناوچەکانی دیکە بەتایبەتی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان وەک ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ




**دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ بە تەنیا ئێران نییە، بەڵكو دەستێوەردانی سعودیە و توركیا زۆر لە دەستێوەردانی ئێران ترسناكترە**

هەڵســـەنگاندن بۆ دەســـتێوەردانەكان لەسەر بنەمای دووری و نزیكی ئەو دەوڵەتانە بێت لەگەڵ واشنتۆن، بەڵكو پێویستە پێوەر و هەڵسەنگاندنی ئایندەی سیاسی عێراق بێت.
ئـــەم ئاماژە كردنە بـــەو مانایە نییە كە دەســـتێوەردانی ئێران ئیجابییـــە، بەڵكو بەو مانایەیە كە دەبێت هەموو دەســـتێوەردانە ئیقلیمی و دەرەكییەكان بۆ ســـەر كێشەی ناوخۆییەكانی عێراق رابگرێت.
٤. راگرتنی هاوســـەنگی و هەوڵدان بۆ پێكەوە سازان و پێكەوە گونجـــان و پێكەوە ژیـــان، ئەركێكی دیكـــەی هاوپەیمانان و ئەمەریكایە و نابێت لەبەر خاتری گەرانەوەی عەرەبی سوننە بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق و بەشداربوونیان لەو حكوومەت گوشار بخرێتە ســـەر لایەك بۆ رازیكردنی لایەكی دیكە، لەم حاڵەتەدا پێویســـتە ئەمەریكا پەیامی راشـــكاوانەی خۆی بداتە هەموو لایەنەكان و پێیان بڵێـــت( ئەگەر دەتانەوێت پێكەوە بژین دەبێت هەموو لایەك لە راســـتییە تێبگەن كە هەموو خواســـتەكانتان نایەدی دی، بەڵام هەر یەكێك لە سێ پێكهاتە سەرەكییەكەی عێراق لە چوارچێـــوەی راگرتنی هاوســـەنگی هێز و پێكەوە گونجاو بەشێكی زۆری داواكارییەكانی جێبەجێ دەكرێت.
٥. حكوومەتی عێراق یان حكوومەتی فیدرالی كە ئێستا و بەپێی ئاكامەكانی هەڵبژاردنی لەلایەن پارتە سیاســـییە شیعیەكانەوە ســـەرۆكایەتی دەكرێت، دەبێت زۆر باش هەستیاری ئەم قۆناغە ناسكەی عێراقی لەبەرچاوبێت و دەبێت بزانێت عێراقێك ماوەی زیاتر لە ٨٣ ساڵ بە دەسەڵاتی سەركوتكار حوكمڕانی كرابێت، ئەمرۆ ناتوانێت بە ئاسانی قۆناغی گواستنەوە لە دیكتاتۆریەوە بـــۆ سیســـتەمێكی دیموكراتی و فیدرالی ببرێـــت. هەر بۆیە زۆر گرنگە لایەنی شـــیعە كە زۆرینەن لە پرۆســـەی سیاسی عێراقدا، لە بنەماكانی حكوومەتی یەكێتی نیشـــتمانی بنكە فراوان تێبگـــەن و، واز لە گەمەی زۆرینـــە و كەمینە بهێن، هەروەهـــا واز لە مانۆری گرێدانی هاوپەیمانی گرووپێك دژ بە گرووپێكی دیكە بهێنن و ، لەو راستییەی تێبگەن كە مانۆری



گرووپکاری ئاکامەکەی نابێتە سیستەمێکی دیموکراسی سەرکەوتوو، بەڵکو هەموان ئەوانەی بەوجۆرە حوکمڕانیان کردووە ئاکامەکەی کودەتای سەربازی بووە، حکوومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراقیش بە درێژایی ٥٠ ساڵ رابردوو باشترین بەڵگەی ئەم راستیەن.

٦. عەرەبی سوننەی عێراق دەبێت لە بەغداوە سەیری ئایندەی عێراق بکەن و تەنیا لە بەغداش کێشەی عەرەبی سوننە چارەسەر دەکرێت نەك لە ئەنکەرا و ریاز و قاهیرە. عەرەبی سوننەی عێراق کە ئێستاش لە خەونی حوکمڕانی کەمینە و دروشمی بریقەداری (الامە العربیە واحدە) دا دەژی دەبێت ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت ئەو زەمەنە بەسەر چوو، ئەمڕۆ عێراق عێراقێکی دیکەیە و دەبێت هەموو پێکهاتەکان بەشداری دەسەڵات و حکوومەت بن.

٧. لیستی هاوپەیمانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، دەبێت ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە جۆرە بێ متمانەیەك لە دیدی عەرەبەوە بەرامبەر خواست و داواکانی گەلی کوردستان هەیە، ئەم بێ متمانەییە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ئەو رۆشنبیرییە زاڵەی کە لە ناو عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە رەگی داکوتییوە و سەرچاوەکەی سەرجەم دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئیقلیمیە کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ئەو راستییە لە دیدی عەرەبی عێراقدا رەگ دابکوتێت کە دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا، دەبێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ دابەشبوونی عێراق و گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکە.

**لە بەغداش کێشەی عەرەبی سوننە چارەسەر دەکرێت نەک لە ئەنکەرا و ریاز و قاهیرە**

بۆیە زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هاوپەیمانی کوردستان، بەرەی هاوپەیمانی خۆیان فراوان بکەن و هەوڵبدەن کە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق و پێکهاتەکانی کوردستان بەتایبەتی تورکمان و کلدان و ئاشووری هاوپەیمان هەبێت، بۆ ئەوەی هەم ئەوان لە سروشتی داوا رەواکانی کورد وا تێبگەن و هەم کوردیش ئەو راستییە بسەلمێنێت کە هەوڵدەدات هۆکاری نا سەقامگیری سەد ساڵەی عێراق لە ریشەوە هەڵبکێشێت.

ئەمڕۆ سیاسەتی لۆژیکانەی سەرکردایەتی کورد سەرنجی هەموو ئەو لایەنانەی راکێشاوە کە راستەوخۆ و ناراستەو خۆ بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی عێراق، بەڵام کاتێك ناحەزان یان ئەو لایەنانەی هەست دەکەن کە ئەم سیاسەتە لۆژیکانەیە دەبێتە کلیلێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوشێوەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکە، هەوڵدەدەن بەربەیەکی دژ لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و دەرەوەی عێراق بۆ شکست هێنان بەم سیاسەتە بگرنە بەر و حاڵی حازر سنووربەزاندن و بومبارانکردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فرۆکەکانی تورکیاوە بەشێکە لەو پرۆسەیە و، دەتوانین بڵێین ئەمەریکا و بەشێکی زۆری عەرەبی عێراق بە حکوومەتی فیدرالی عێراقیشەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیانووەکانی تورکیا و چاویان لە ئاستی ئەو پێشێلکارییە زەقە نێودەوڵەتییە نوقاندووە و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وك پێویست بە دەنگ ئەو قوربانییە سڤیلیانە نەهاتووە کە لە ئاکامی بۆمبارانکردنە عەشوائیەی تورکیا بوونەتە قوربانی.

هەنگاو و هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەتا ئێستا رێگەی بەوە نەداوە کە ئەم مەسەلەیە زیاتر فراوانتربێت، بەڵام پێویستە هەوڵی زیاتر بخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی سەرجەم عێراقییەکان بە تورکمان و عەرەبی شیعە و سوننە پشتگیری هەرێمی کوردستان بکەن و هەڵوێستێکی یەکگرتوویان بەرامبەر دەستێوەردانەکانی تورکیا هەبێت.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، هەنگاوی سەرەتایین بۆ ئەوەی سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق کە بڕیارە بە هاریکاری هاوپەیمانان دەست بە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی پێکهاتنەوەی نیشتمانی نێوان سەرجەم لایەنەکان، دەبێت هەموو ئامادەباشی ئەوەیان تێدا بێت کە لە ئاست خواست و داوایەکانی لایەنی بەرامبەردا تێگەیشتنیان هەبێت و ، ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا ئەرکی سەرکردایەتی کوردستانیش قورستر دەکات ئەوەیە، بزانێت تێگەیشتنی لایەنەکانی بەرامبەر بۆ عێراقێکی نوێ و سیستەمی پەرلەمانی و فرەیی و فیدرالی کارێکی زۆری دەوێت و لەم هاوکێشەیەدا کە لایەنەکانی سیستەمی فیدرالی بە خواست و داواکاری تەنیا کورد دەزانن، دەبێت سەرکردایەتی سیاسی و هاوپەیمانی کوردستان لێبڕوانە ئەو راستییانە بۆ لایەنەکانی دیکە روون بکەنەوە، کە فیدرالیزم تەنیا رێگە و کلیلی چارەسەری عێراقە.

## بۆ خۆ پاراستن لە هەڕەشەی زۆرینە دەبێت میکانیزمی بڕیاردان هاوبەش بێت.

پێش گەرانەوەی بۆ عێراق لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ لەندەن ، د. نووری مالکی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا و لە میانەی پرسیارێکدا سەبارەت بە سەرکردایەتی٣+١، واتە سەرۆك کۆمار و دروو جێگرەکەی و سەرۆك وەزیران بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی حکوومەتی عێراق، د. مالکی وەك ویست و خواستی خۆی بەشێوەیەکی زمنی ئەم سەرکردایەتییە هاوبەشە رەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە لە دەستووردا دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران دیاریکراوە لە هەمانکاتدا ئەو وەك سەرۆك وەزیران ئامادەیە ئەگەر پێویست بوو هاریکاری لەگەڵ سەرۆك کۆمار و دوو جێگرەکەی بکات.

د. مالكی وەك تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم سەركردایەتییە هاوبەشە، پەنا بۆ دەستووری عێراق دەبات، ڕاستە دەستووری عێراق دەسەڵاتێكی فراوانی بەسەرۆك وەزیرانی داوە بە فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی عێراقیشەوە، بەڵام هەردەستووری عێراقیش چەند میكانیزمێكی گرنگی ڕەچاوكردووە بۆ ئەوەی زۆرینەی سندوقەكانی دەنگدان هەنگاو بەرەو دیكتاتۆریەت و تاكڕەوی هەڵنەگرێت، ئەمەش نەك هەر لەسەر حوكمڕانی بەڵكو لەم بوارانە:

١. لە دەستووری عێراقدا بۆ ئەوەی كەمینە نەبێتە قوربانی زۆرینە و بۆ ئەوەی دەستووری عێراق لە بەرژەوەندی زۆرینە دا نەبێت، لە بڕگەیەكی داهاتووە ئەگەر ٣/٢ی سێ پارێزگا دەستوورەكەی پەسەند نەكرد، یان ئەگەر بڕیاردرا ئەو دەستوورە هەموار بكرێت بە هەمان شێوە ئەگەر ٣/٢ سێ پارێزگا بەو هەمواركردنە ڕازی نەبێت ئەوا ئەو هەمواركردنە یان ئەو دەستوورە هەڵدەوەشێتەوە.

ئەم میكانیزمە كە هەوڵێك بۆ پێكەوەگونجان(تەوافق) لە نێوان پێكهاتە سەرەكییەكان عێراقدا، ڕێگە لەوە دەگرێت زۆرینە مەرجی خۆی بەسەر كەمینەدا بسەپێنێت.

٢. لە مەسەلەی داهاتی سەرچاوە سروشتیەكان و دابەشكردنی بەسەر تەواوی هاووڵاتیانی عێراقدا، دەستووری عێراق سەرچاوەی سروشتیەكانی پۆلێن كردووە بۆ ئەو سەرچاوانەی كە پێش نووسینەوەی دەستوور هەبوون و ئەو سەرچاوانە دوای نووسینەوەی دەستوور دەكەونە بەرهەمهێنان، ئەم جیاكردنەوەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵی ناوەند لە دەسەڵاتێكی سنووردارەوە نەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێكی سەنترالی بەهێز و سیستەمە فیدراڵیەتەكە لەبار بەرێت، هەر بۆیە بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی ئەو سەرچاوە تازانە دەخاتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێمەكانەوە.

ئێستا حكومەتی د. مالكی بۆ ئەوەی هەرێمەكان دەسەڵاتی تەواویان نەبێت، بەتایبەتیش هەرێمی كوردستان پێ دادەگرێت لەسەر شێواندنی تەفسیركردن بۆ ئەم بڕگە دەستوورییە، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان كە هەتا ئێستاش داكۆكی لە تەفسیركردن دروست بۆ ئەم بڕگە دەستوورییە دەكات و ئامادەیە ئەم كێشەیە بباتە بەردەم دادگای فیدراڵی و ئامادەیە داهاتی ئەو سەرچاوانە بخاتەوە بەردەستی حكومەتی فیدراڵی ناوەند، بەڵام هەرگیز سازش لەسەر بەڕێوەبردن و بەهەمهێنانی ئەو سەرچاوە تازانە ناكات، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی سووربوونی پەرۆشی حكومەتی كوردستان بۆ پاراستنی سیستەمی فیدراڵی پیشاندەدا و هەوڵێكە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە دروستبوونەوەی حكومەتێكی سەنترالی بەهێز، پێویستی بە هاوپەیمانی زیاتر و تێگەیشتنی هەمەلایەنەیە.

٣. دەستووری عێراق دەسەڵاتێكی فراوانی داوە بەسەرۆك وەزیران، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە فراوانە نەبێتە حوكمڕانی تاكڕەوی، هەروەك پێشتر بەڕێز مالكی لە حوكمڕانی پیادەی كردووە و ئامادە نەبووە لەگەڵ وەزیرە پەیوەندارەكان بڕیارەكان وتوێژی لەسەر بكات و بە هاوبەشی بڕیارەكە دەربكەن، ئەوا لە ماددەی٦٦ی دەستووردا هاتووە كەپێویستە دەستەی سەرۆكایەتی لەگەڵ سەرۆك وەزیران پێكەوە بە هاوبەشی سیاسەتی گشتی حكومەتی عێراق دیاری بكەن و پێكەوە حوكمڕانی عێراق بەڕێوە بەرن.

بێگومان ئەم پێداگرتنە د. مالكی لەسەر پاوانكردنی دەسەڵات تاسەر سەری نەگرت سەرەنجام لیژنەیە پێكهات بەناوی ئەنجوومەنی تەنفیزی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق(مجلس تنفیزی لادارة العراق)ئەم ئەنجوومەنەكەهەر ئەنجوومەنی٣+١، بەڵام گۆڕینی ناوەكەی مەغزایەكی دیكە بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی كارەكان دەبەخشێت و، وەك لە بەیاننامەی سەرۆك كۆماریشدا هاتووە: ئامانج لەم ئەنجوومەنە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانە بە ڕێگەی سەركردایەتییەكی بە كۆمەڵ، هەروەها كردنەوەی بوارێكی فراوانە لەبەردەم سەركردەكانی عێراق بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵەكانیان بەگەڕخەن لە پێناوی سەركەوتنی پرۆسەی پێكهاتنەوەی سیاسی سەرتاسەری لەنێوان سەرجەم پێكهاتەكاندا.

ئەم ئەنجوومەنە كە بەڕێز تاریق هاشمی جێگری سەركۆمار و سەرۆكی حزبی ئیسلامی عێراقی تێدایە، خۆی لە خۆیدا بەوەڵامدانەوەیەكی گونجاوی ئەو داواكارییانەی حزبی ئیسلامی دێت كە پێشتر حكومەتی مالكی ئامادە نەبوو وەڵامیان بداتەوە.

لەم هاوكێشەیەدا كە ڕۆڵی كورد و هاوپەیمانی كوردستان بە داینەمۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی و قەناعەت پێكردنی لایەنی بەرامبەر لەقەڵەم دەدرێت لە هەمانكاتدا هەوڵێكە بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەنترالی و دووبارە دروستبوونەوەی دیكتاتۆرێكی دیكە و، وەك سەرۆكۆماری عێراقیش ڕاشكاوانە لە كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك هۆزەكانی عەرەبی سوننە ئاماژەی پێكرد و ڕۆڵی سەركردایەتی سیاسی كوردستانی بە درێژایی مێژوو لەسەر كێشەكانی عێراق خستەڕوو: ئێمە هەروەك چۆن بەرگریمان لە برا شیعەكانمان دەكرد كاتێك لە ژێر دەستی ڕژێمی پێشوو زوڵمیان لێدەكرا، بە هەمان شێوە بەرگری لە عەرەبی سوننەش دەكەین كاتێك ڕووبەڕووی زوڵم و پەراوێزكردن دەبنەوە.



ئەمەریكا و بەشێكی زۆری عەرەبی عێراق بە حكومەتی فیدراڵی عێراقیشەوە كەوتوونەتە ژێر كاریگەری بیانووەكانی توركیا و چاویان لە ئاستی ئەو پیشێلكارییە زەقە نێودەوڵەتییە نوقاندووە و هەروەها كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وك پێویست بە دەنگ ئەو قوربانییە شێلیانە نەهاتووە كە لە ئاكامی بۆمبارانكردنە عەشوائیەی توركیا بوونەتە قوربانی



## چارەسەرکردنی کێشەکان و دامەزراندنەوەی حکوومەتێکی بنکەفراوان لەگۆڕینی د.مالکی گرنگترە

لەبەر ئـــەوەی نەریتی بـــاوی حوکمڕانی ڕۆژهـــەڵات، زیاتر نەریتێکـــی تونـــدە بەرامبەر بە حوکمڕانی، هـــەر بۆیە کاتێك حکوومەت پێویســـتی بە چاکســـازی و گۆڕانکاری هەبێت، ئیـــدی هەموو مەزندە و تیڕوانینەکان باس لە هەڵوەشـــانەوە و گۆڕینی ســـەرۆك وەزیران دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا سازدانی چاکسازی و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان زۆر لە گۆڕینی یان هەڵوەشانەوەی حکوومەت گرنگترن.

لـــەم چوارچێوەیـــەدا ئەگەر ســـەیری ناکۆکییەکانـــی نێوان هاوپەیمانی کوردســـتان و حکوومەتی عێراق بکەین و لەگەڵ ناکۆکییەکانی بـــەرەی تەوافق و حکوومەتی عێراق بەراوردیان بکەین ئەم ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١. لای هەمووان ئاشـــکرایە کە شـــاندی باڵای حکوومەتی کوردستان لە کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو سەردانی بەغدای کردوو پاش ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوە و وتووێژ لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ ڕێك نەکەوتن، هەر بۆیە دوای گەڕانەوەی شـــاندی حکوومەت، هاوپەیمانی کوردستان یاداشتێکی داوەتە حکوومەتی مالکی و ئامادەباشی خۆیان پیشانداوە کە جارێکی دیکە لە میانەی درێژەدان بـــە وتووێژەکانی نێوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، یاخود لەمیانەی کۆبوونەوەی چوارقۆڵی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبـــی دەعوا و ئەنجوومەنەی باڵای ئیســـلامی عێراقیش بەشدار بێت.

هەروەها ســـەبارەت بـــە جیاوازی تەفســـیرکردنی حکوومەتی کوردســـتان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا بۆ دەســـتووری عێراق سەبارەت بە یاسای نەوت و گاز و دەسەڵاتی مۆرکرد کۆنتراکتە نەوتییەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، هەموو ئامادەباشییەکی پیشـــانداوە کە دادگای باڵای فیدراڵی ئەم مەسەلەیە یەکلاییی بکاتەوە.

جیاوازی ئەم یادداشـــتانەی هاوپەیمانی کوردســـتانی لەگەڵ یادداشـــتی بەرەی تەوافق لەوەدایە، کەهاوپەیمانی کوردســـتان دەرگای پێکهاتن و لێکگەیشـــتنی و هاوکاری هاوپەیمانەکانی دانەخستووە و هەڕەشەی ئەوە ناکات ئەگەر ئەم داواکارییانەی وەڵام نەدرێنەوە ئەوا لە حکوومەت پاشەکشـــە دەکات و بەجێی دەهێڵێت بۆ د. مالکی، نەخێر یادداشـــتنامەکەی هاوپەیمانی کوردستان جیاوازە لەبەر ئەوەی داواکارییەکانی نێو یادداشتنامەکە دووبەشن:

یەکەم/ئەو داواکارییانەی پەیوەســـت بە کێشە چارەنووسازەکانی کوردســـتانی وەك بوودجەی پێشمەرگە، ماددەی ١٤٠و یاسای نەوت و گاز

دووەم/ بەشێکی دیکەی پەیوەست بە مەسەلە عێراقییەکان وەك بە کورترکردنی هەنگاوەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی وگەڕانەوەی ئەو لایەنانەی لە حکوومەت پاشەکشەیان کردووە و هەروەها فراوانکردنی ئەو هاوپەیمانییە چوارقۆڵییەی نێوان پارتی و یەکێتی و دەعوا ئەنجوومەنی باڵا بۆ ئەوەی ببێتە چەترێك هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لە خۆی بگرێت، زیاد لەمەش هەنگاوە پێویســـتەکان بۆ سەرکەوتنی ئەم پرسەیە لە خۆی دەگرێت، وەك زەمینەســـازیەك بۆ لێکتێگەیشتن و لێك نزیك بوونەوە و دەستپێشـــخەری وەك بەردانی ئەو بەندیانەی کە لەسەر مەســـەلەی مەزهەبی گیراون، ئەمەش بۆ ئەوەی جۆرە متمانەیەك لە نێوان ســـەرجەم پێکهاتە سیاســـییەکانی عێراقدا دروست ببێتەوە.

سێیەم/ ئەم یادداشتانەی هاوپەیمانی کوردستان هۆشیارکردنەوەی حکوومەتی مالکی و ئەمەریکایە، نەك هەڕەشـــە بێت بۆ هیچ لایەك، ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوەی حکوومەتی مالکی بەخۆیدا بچێتەوە و ئەمەریکا هەوڵی زیاتـــر بخاتەگەڕ بۆ دابینکردنی ســـەقامگیری و پێکهاتنی حکوومەتی بنکە فراوان بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی لەخۆ بگرێت.

چوارەم/ جێبەجێ نەکردنی خاڵەکانی نێو ئەم یادداشـــتنامەیە، شکســـت نییە بۆ لایەك و سەرکەوتن بۆ لایەکەی دیکە، بەڵکو پشتگوێ خستنی ئەم یادداشتنامەیە دەبێتە هۆکاری شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و شکستی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەر بۆیە کاتێك هاوپەیمانی کوردســـتان پێداگـــری دەکات بۆ ئـــەوەی هەموو لایەك لەســـەر نەگۆڕە نیشـــتمانییەکانی ڕێك بکەون، هەوڵدانە بـــۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنەکانی بەرامبەر بۆ هەستکردنیان بەو مەترسییە گەورەیەی ڕووبەڕووی پرۆسەی سیاسی عێراق بۆتەوە.

پێنجەم/ هەڵوێســـتی ســـەرکردایەتی سیاســـی و هاوپەیمانی



کوردستان بەرامبەر بە پرۆسەی سیاسی عێراق، هەڵوێستێکی نەگۆڕە و لەسەر بنەمای ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دارێژراوە، هەر بۆیە لە ژمارەی پێشووی گوڵاندا، زۆر راشکاوانە وەڵامی بەڕێز داڤید ئیگناتۆسمان دایەوە و راستەوخۆ لە میانەی وتووێژێکی راستەوخۆی گوڵان لەگەڵ ئێگناتۆسمان سەبارەت بەو ستوونەی رۆژی٢٠٠٨/١/٩ لە واشنتۆن پۆست بەناونیشانی (هەوڵەکانی چڕ دەکرێنەوە دژی مالکی ) بڵاوی کردبۆوە، پێمان راگەیاند ئەو تەفیسرەی بەڕێزت بۆ یادداشتنامەکەی هاوپەیمانی کوردستانت کردووە، جیاوازە لە تەفسیر و تێڕوانینی هاوپەیمانی کوردستان و، هاوپەیمانی کوردستان ئەم یادداشتەی وەك هەڕەشە بۆ د.مالکی نەنووسیووە، بەڵکو بۆ ئاگادارکردنەوەیە و لە پێناوی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی عێراقدایە.

شەشەم/ گوڵان وەکو نەریتی خۆی پابەندە، بە بنەماکانی کاری پرۆفیشناڵی رۆژنامەگەری، هەر بۆیە راشکاوانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بە پرۆسەی سیاسی عێراقەوە، پێداگیری لەسەر راستییەکان دەکات و وەك کەناڵێکی ئازادی رادەربڕین راستییەکان بۆ جەماوەری کوردستان و عێراق وەکو خۆی بڵاو دەکاتەوە، هەروەکو چۆن لە ژمارەیەشدا لایەنە دژ و ناکۆکەکان لە نێو لاپەڕەکانی خۆیدا کۆکردۆتەوە و ئامانجیش لەم کۆکردنەوەیە پێداگرتنە لەسەر ناوەڕۆکی یادداشتنامەی هاوپەیمانی کوردستان و خەمخۆریەتی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا.





## سەردانی کۆندالیزارایس و کۆبوونەوی لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکان

سەردانی خاتوو کوندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەم کاتەدا بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و هەروەها کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێزان مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و سەید عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، چەندین رەهەندی لێدەخوێندرەتەوە:

١. رایس لە لێدوانەکەیدا ئاماژە بە بەرەوپێشەوەچوونەکانی بواری ئاسایش لە عێراقدا دەکات، بەڵام وەك لە لێدوانەکانی سەرۆك بوش و هەروەها داڤید پەتریوس دەردەکەوێت، ئەم بەرەوپێشەوەچوونانە جێگەی ئومێد نین و پێویستی بەسەرخستنی پرۆسەیەکی سیاسی هەیە لە نێوان سەرجەم لایەنە سەرەکییەکانی عێراقدا.

٢. کۆبوونەوەی تایبەتی خاتوو رایس لەگەڵ بەڕێزان مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و سەید عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، پیشاندانی هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر هێزە سەرەکییەکانی عێراق و ئاگادارکردنەوەی مالکییە لە گرێدانی هاوپەیمانی تاکتیکی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمەریکا دەزانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی هێزی راستەقینەی هاوپەیمانی کوردستانی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا پرۆسەیەك نییە لە عێراقدا بۆ سەرخستنی پێکهاتنەوەی نیشتمانی و دامەزراندنەوەی حکوومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی.

٣. جەختکردنەوەی خاتوو رایس لەسەر هاندانی پەرلەمانتارانی عێراق بۆ پەسەندکردنی یاسای (المسئاله والعدالة) لەبری یاسای لە ریشەهەڵکێشانی بەعسی، هەنگاوێکی دیکەیە بۆ هاندان عەرەبی سوننە و پشتگیرکردنی یادداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان کورد و حزبی ئیسلامی عێراقە، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا گەیشتۆتە قەناعەت پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی بەبێ هەنگاوی گرنگ سەرکەوتوو نابێت.

٤. جەختکردنەوەی رایس لەسەر پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی٢٠٠٨و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز، ئاماژەیەك بۆ قورسی پەسەندکردن و تێپەڕبوونی ئەم یاسایە لە پەرلەمانی عێراقدا، بەتایبەتی کە جەخت دەکاتەوە، دوای پەسەندکردنی یاسای نەوت وەبەرهێنانی بواری نەوت لە عێراقدا وەرچەرخانێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش ئاگادارکردنەوەی حکوومەتی مالکی بۆ پابەندبوون بەو رێککەوتنەی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغداکە لە شوباتی ساڵی٢٠٠٧مۆرکراوە.

هەوڵەکانی هەموو لایەك بۆ ئەوەیە ئەم حکوومەتەی ئێستای عێراق هەنگاوی بەرچاو بەرەو چاکسازی هەڵبگرێت و بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ ساڵی٢٠٠٨پیادە بکات، بێگومان بەبێ سەرکەوتنی ئەم هەوڵانە پرۆسەی سیاسی عێراق دووبارە شکست دێنێتەوە و عێراقیش وەك دەوڵەت بەرەو فاشیلبوونی زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێت.



فوئاد سدیق

# ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەمریکا لە عێراقدا بە سیاسەتە شکستخواردووەکەی خۆیدا بچێتەوە؟!

وا خەریکە بەرەو پێنجەمین ساڵ دەچین کە بەعس روخاوە، لەو رۆژەوە ئەمریکا هەمیشە داوای یەکپارچەیی عێراق و ناوەندێکی بەهێزی بۆ عێراق کردووە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئەو ناوەندە بەهێزە هەبوو، بۆیە ئەوەی ئەمریکا لە دوای سەدام بینی ئاو نەبوو سەراب بوو، واقیعی عێراق و پێکهاتە بەیەکلکێنراوەکانی عێراق داخوازی ئەو ناوەندە بەهێزو ئەو جۆرە یەکگرتووییەی عێراق نەبوون و نین، ئەوەی لەم چەند رۆژانەش کە لە بەسرەو ناسریە روویدا، چاوەڕوانکراو بوون، چونکە مێژووی کەمتر لەو پێنج ساڵە پڕ لەو ئاڵۆزکاوی و تێکچڕژاوییەی عێراق ئەوەی روونکردۆتەوە، کە کێشەو گرێکوێرە سیاسییەکانی عێراق تەنها بە گەلانی عێراق یەکالا دەکرێنەوە،نەك پەنا بردن بۆ لایەنە دەرەکییەکان، بەتایبەت وڵاتانی هەرێمیی، تا گرفتیش هەبێت وڵاتانی هەرێمیی باشتر ئامادەباشیان بۆ دەستێوەردان دەبێت و لەسەر هێڵن و سەروەری عێراقیش لە بارێکی دژواردا دەبێت،چونکە بەرژەوەندی وڵاتانی هەرێمی هەمیشە ناکۆك و ناتەبا بوونە لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای گەلانی عێراق، ئەوان دەخوازن کۆسپی گەورەتر و گرفتی ئاڵۆزتر بێننە بەرهەم،کە چارەسەرکردنیان ماوەیەکی درێژتری بوێت.

زۆر جار لەسەر زاری سەرکردە شیعەکانیشەوە داوای عێراقێکی فیدراڵی کراوە، کە باشووری عێراقیش بگرێتەوە، چارەسەرنەکردن و نەهێنانەدی عێراقێکی فیدراڵی ئەوتۆ کە ئارەزوومەندانەبێت، وای کردووە، حکومەتی ناوەندیش نەتوانێ کۆنترۆڵ بەسەر زۆربەی زۆری وڵاتەوە بکات، لەبەر ئەمەیشە ساڵی نوێ بۆ حکومەت و بۆ گەلانی عێراقیش ساڵێکی دڵخۆشکەر نەبوو، ئەو شەڕو ئاژاوەیەی لە باشووری عێراق لەم چەند رۆژانەی رابردوو دروست بوون، نموونەیەکی زەقن کە ئەگەر چارەسەرێکی بابەتیانە بۆ پێکەوەژیان لە عێراق نەدۆزرێتەوە، ئەوا عێراق لەجیاتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان، بەرەو نەهامەتی زیاتر رۆدەچێ.

ئاشتبوونەوەی نیشتمانیش کە ئێستا لەلایەن هەندێك گرووپ و لایەنی کشاوە لە حکومەتی مالیکی واژۆی بۆ کۆدەکەنەوە، ئەو کاتە دێتە دی کە بەرژەوەندی هەموو لایەن و نەتەوەکانی عێراق بەخۆوە بگرێت، نەك لە ئەنجامی دژایەتیکردنی لایەنێك یان چەند لایەنێك بێنەوە مەیدانەکە، کارو کاردانەوەی ئەو لایەنانە ناتوانێ دەردی حوکمڕانێتی عێراق تیمار بکات، بگرە پڕ ئازارترو بە سوێ تری دەکات.

ئەمریکا لەماوەی کەمتر لەوپێنج ساڵەیدا چەندین گۆڕانکاری لە بواری سەرکردە سەربازی وسیاسییەکانی خۆی لە عێراق کردووە، بەڵام هەنگاوێکی جیدی نەچۆتە پێشەوە، ئێستا خەریکە عێراق بە تەواوی ئارامی لەدەست دەدات، بەتایبەت کە ئێستا باشووریشی هاتە سەر، لە کاتێکدا پێشتر شوێنی عەرەبە سوننیەکان پڕ مەترسی تر بوون، بۆیە تاکە چارەسەر بۆ عێراق چارەسەری سیاسیی و کردنی عێراق بە فیدڕالی و دیموکراتییە، ئارامی و تەناهیش بە گورزی هێز نایێتەدی، ئەوەتا لەم دواییەدا گەورە بەرپرسانی عێراقیش وەك عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و موەفەق ئەلروبەیعی جەخت لەسەر فیدڕالیزم دەکەنەوە، هەروەها لە ئاستی دەرەوەش، مادلین ئۆلبرایت و کیسنجەرو چەندین گەورە نووسەرانی ئەوروپی و ئەمریکی بە گەرمی قسەی لەسەردەکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەتوانێ بۆ دڵ راگرتنی وڵاتانی هەرێمی، درێژە بەم دۆخە نا ئارام و ناجێگیرەی عێراق بدات، کە ئێستا خەریکە عێراق دەچێتە قۆناخێکی مەترسیدارتر و پشکۆکان زیاتر دەگەشێنەوە، ئەمەیان بۆ ئەمریکا پێویستی بە بڕیاری بوێرانەو یەکلاکەرەوە هەیە، دەنا سەرکەوتنی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە مەحاڵ.لە ماوەی پێنج ساڵیشدا چارەسەرنەکردنی بچووکترین گرفت، بگرە ئاڵۆزترکردنیان، ماوەیەکی کەم نییە، بۆ بیرکردنەوە بە ئاراستەیەکی راست و دروستتر.

**د. مەحمود عوسمان سیاسەتمەدارو ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# کاک مسعود بارزانی بە رایسی راگەیاند هاوبەشیمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەندە بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە

***هاوکات لەگەڵ گەرمبوونی دەنگوباسی وادەی چاکسازی لە حکوومەتی مالکیدا، بەرە سیاسییەکانیش جموجۆڵی باشیان تێکەوتووە هەندێکیان بە ئاراستەی نیشتمانی هەوڵدەدەن بۆ دروستبوونی حکوومەتێکی بنکە فراوان نیشتمانی و سەرخستنی پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشـــتمانییە کە ئەوەی جێگەی خۆشـــحاڵییە ئەم لایەنە زۆرینەن، هەندێکی دیکەیان بە ئامانجی بەردەوامبوونی عێراقە لەو تەنگژەیەی تێیکەوتووە هەوڵدانە بۆ رێگرتن لە پرۆســەی ئاشــتبوونەوەی نیشــتمانی و چاکســازی لە حکوومەتی عێراقدا بۆ هەڵســەنگاندن و تاوتۆێکردنی ئەم پرسە گرنگە، گوڵان پەیوەندی بە د. مەحمود عوسمان سیاسەتمەدارو ئەندامی پەرلەمانی عێراق کردو بەرێزی بەمجۆرە شرۆڤەی بارودۆخەکەی بۆ گوڵان کرد.***

**کاک مسعود وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بەراشکاوی باسی هەڵوێستی کوردی لەگەڵ حکوومەتی عێراق کردووە و بە خاتوو رایسی راگەیاندووە، ئێمە وەکو کورد بەپێی دەستووری عێراق هاوبەشین لەگەڵ ئەو حکوومەتەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، ئەگەر ئەوان ئامادەنەبن ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن، ئەوا ئێمە ناتوانین لەو هاوبەشیە وەکو پێویست بەردەوام بین**

## لیژنەی تەنفیزی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق بە رەسمی بڕیاری لەسەر نەدراوە

یەکێك لەو خاڵانەی کــە ئومێدی کردنەوەو دەرچوونی لەو تەنگژەی ئێستای عێراقی لەسەر بونیاد دەنرێت، دامەزراندنی لیژنەیەکی تەنفیزییە بۆ دوورکەوتنەوە لە تاکڕەوی دەسەڵات و گرتنەبــەری رێگەی بڕیاری بە کۆمەڵ بۆ بەڕێوەبردنی عێراق.

ئــەم لیژنەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەشــێوەیەکی مەبدەئی لە کۆبوونەوەی نێوان ســەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆك وەزیراندا بڕیاری لەســەردراوە، بەڵام تائێســتا بە رەســمی بەیانێك دەرنەچووە بۆ ئەوەی دەســەڵات و میکانیزمی ئەو لیژنەیە دیاری بکات.

دەربــارەی پێکهێنانــی ئەم لیژنەیە د. مەحمود عوســمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«ئــەم لیژنەیــە کە ناویان لێنــاوە لیژنــەی تەنفیزی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق هەنگاوێکی باشــە، بەڵام هێشــتا بە رەســمی رانەگەیەنراوەو، بنەمای ئەم لیژنەیەش پێشنیاری مــام جەلالە، ئــەوەی باســدەکرێت لەســەر بنەمای ئەو کۆبوونەوەیە باســدەکرێت کە لە نێوان سەرۆکایەتی کۆمارو ســەرۆك وەزیراندا کراوە، بەپێــی لێدوانەکانی ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیە پۆزەتیڤ بووە، بەڵام تائێستا بەیانێك دەرنەچووە ئامــاژە بەوە بکات کە لیژنەیەك لەو شــێوەیە بە رەســمی پێکهاتووە، هەربۆیە دەبێت قسەکانی ئێمەش لەسەر ئەوەبێت ئەگــەر ئەم لیژنەیە بە رەســمی راگەیەنرا، دەبێ بزانین بە رەســمی دەسەڵاتی چی دەبێت، یان تا چ رادەیەك دەتوانێت کار بکات و کارەکان چــی دەبن، بۆیە بەڕای من ئەوکاتە دەردەکەوێت ئایا ئەم لیژنەیە دەتوانێت کێشــەکان چارەسەر بکات؟



بەشـێوەیەکی گشـتی ئەگەر ئەم لیژنەیە بوو بە ڕەسمی شـتێکی باش دەبێت، لە بڕی ئەوەی یەك کەس بڕیار بدات ئەوکاتە ٤ کەس بەشدار دەبن لە بڕیارەکەدا ئەمەش شێوازی تاکرەوی لە بڕیاردان دوور دەخاتەوە..

بۆ پێکهێنانی ئەم لیژنەیە پشت بە مادەی ٦٦ی دەستووری عێراق بەسـتراوە بەڵام مادەی ٦٦ تەنها باسی ئەوە دەکات کە سـەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵ سـەرۆك وەزیران بەشێکە لە دەسـەڵاتی تەنفیزی، بەڵام لە ناو دەستوورەکە نەهاتووە کە لیژنەیەك پێکبهێنـن و پێکەوە کار بکەن، بۆیە ئەوکاتە دەتوانن دەستوورەکە هەموار بکەن.

**ئەو ١٢ لایەنەی بەیاننامەکەیان ئیمزاکردووە بە ئاشکرا دژایەتی داواکانی کورد دەکەن**

هەر لە چوارچێوەی گرێدانی هاوپەیمانی و هەوڵدان بۆ خۆ ئامادەکردنی بۆ ئەم گۆڕانکارییانە ١٢ لایەن بەیاننامەیەکیان ئیمزاکردووە کە هەندێکیان لایەنی سیاسیین و هەندێکیشیان یەك کەس یان دوو کەسـن و ئەمانە نایشـارنەوە دژایەتی کوردو داواکانیان کردۆتە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیان.

**دەربارەی ئەم بەیاننامەیە د. مەحمود گوتی:**

«ئێمـە بە راسـتی گەیشـتووینە ئـەو قەناعەتەی ئەو لایەنانەی ئەو بەیاننامەیان ئیمزاکردووە، ئامانجەکانیان دژی خواسـتەکانی کوردەو کاتی خۆشـی هەر ئەمانە دژایەتی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ یان کردووە.

١- گرووپی ئەیاد عەلاوی.

٢- حزبی دەعوا باڵی ڕێکخستنی عێراق سەر بە عەبدولکەریم عەنزی.

٣- حزبی دەعوا باڵی د. ئیبراهیم جەعفەری.

٤- گرووپی رسـالیون ئەمانە دووکەسـن سەر بە تەیاری سەدرن.

٥- نوێنـەری ئەو یەزیدیانەی خۆیان بـە عەرەب دەزانن، نوێنەرێکە لە ناو پەرلەمانی عێراق.

٦- نوێنەرێك کە خۆی بە نوێنەری کوردی شەبەك دەزانێت و دەڵێن شەبەك عەرەبە.

٧- بەرەی تورکمانی.

٨- گرووپی کوتلەی عەرەبی موستەقیل ٨ کەسن.

٩- تەیاری سەدر.

لەگەڵ چەند لایەنێکـی دیکە کە ناوی هەموویانم لە یاد نییە، بێگومان ئەمانە چوار ئامانجی سـەرەکیان هەیە کە سـیانیان ڕاستەوخۆ دژ بە خواسـتەکانی کوردە کە بریتین لە:

١- ئەمانـە دژی مـادەی ١٤٠ن و پێیانوایـە کاتـی بەسەرچووە.

٢- دژی ئەو گرێبەستە نەوتیانەن کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزای کردوون.

٣- دژی ڕێـژەی ٪١٧ی داهاتـی عێراقـن بۆ هەرێمی کوردسـتان و پێیانوایە دەبێت ئـەم ڕێژەیە کەمبکرێتەوە بۆ ٪١٢ر٥.

●●●
**رایس خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بەرامبەر بە گۆڕینی یاسای لە ریشە هەڵکێشانی بەعس بۆ یاسای«المسالە والعدالە» هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە یاسای نەوت و گازیش پەسەند بکرێت، هەروەها باسی لەوەکرد کە پێویستە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان ئەنجامبدرێن**
●●●

## حکوومەتی مالکی بە ئاشکرا پشتگیریان ناکات بەڵام پێشی ناخۆش نییە

سـەبارەت بەوەی ئایا ئەم گرووپە پشـتگیری حکوومەتی د. مالکـی دەکـەن، ئایا د. مالکی پشـتگیریان دەکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا د. مەحمود گوتی: »ئاشـکرایە ئەمانـە لە د. مالکی نزیکبوونەتـەوە، بەڵام د. مالکی بە ئاشکرا پشـتگیریان ناکات، بەڵام وەك ئاگادارین تاڕادەیەك حکوومەتـی مالکی پشـتگیریان دەکات و من واتێدەگەم مالکی پێی خۆشـە ئەم گرووپە دژ بە کوردانە هەبن، لەبەر ئـەوەی کاتێك کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ کـورد وەك کارتێك بەکاریان بهێنێت.



## سەردانی رایس کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکان

سـەردانی کۆندالیـزا رایس بـۆ عێـراق هاندانێکە بۆ بە گوڕترکرنەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق، بەتایبەتی کە رایس نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بەرەوپێشەوە نەچوونی پرۆسەی ئاشـتبوونەوەی نیشتمانی پیشـاندا، هەروەها دەستخۆشی لە عێراقییەکانیش سـەبارەت بە گۆڕینی یاسای لە ریشە هەڵکێشانی بەعس بۆ یاسای »المساله والعداله».

**●●●**

**مالکی پێی خۆشە ئەم گرووپە دژ بە کوردانە هەبن، لەبەر ئەوەی کاتێک کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ کورد وەک کارتێک بەکاریان بهێنێت**

**●●●**

دەربارەی سەردانەکەی رایس د. مەحمود گوتی:

سەردانەکەی رایس دوو ئامانجی هەبوو:

یەکەمیان/ ئامانجێکی گشـتی بوو باس لەو سـەردانەی سەرۆك بوشی کرد کە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداو ئەنجامیدا رایس هاتبوو بە عێراقییەکان بڵێت سەرۆك بوش لە هەموو ئەو وڵاتانە باسی لە مەسەلەی عێراق کردووەو داوای لێکردوون پشـتگیری عێراق بکەن و ئەو دەوڵەتانەش قەرزیان لەسەر عێراق هەیە لە قەرزەکانیان خۆش بن.

دووەمیان/ ئامانجی دووەمی سەردانەکەی رایس بۆ پیشاندانی هەڵوێستی ئەمەریکا بوو بەرامبەر ئەو بەرەوپێشەوەچوونانەی لـە عێراقدا هاتوونە ئاراوەو هەروەها پیشـاندانی نیگەرانی ئەمەریکا سـەبارەت بەو مەسـەلانەی بەرەوپێشەوەچوونیان بەخۆوە نەبینیووە.

رایس خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بەرامبەر بە گۆڕینی یاسای لە ریشـە هەڵکێشانی بەعس بۆ یاسای »المساله والعداله» هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە یاسای نەوت و گازیش پەسەند بکرێت، هەروەها باسی لەوەکرد کە پێویستە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان ئەنجامبدرێن.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەختی کردە سەر پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشـتمانی بۆ ئەمەش باسی لەو هەنگاوانە کرد کە زەمینەسـازی بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی دەرەخسـێنێ لەوانە ئازادکردنی بەندکـراوەکان، هەوڵبدرێت بێـکاری نەهێڵرێت یـان کەمبکرێتەوە و بـاری گوزەرانی خەڵکی عێراق باش بکرێت،

بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرایسی راگەیاند ئەگەر دەسـتوور جێبەجێ نەکرێت چاو بەخۆماندا دەخشێنینەوە

هەر لەم سەردانەی کوندالیزا رایس کردی بۆ بەغدا لەگەڵ مسعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کۆبووە، سەبارەت بە کۆبوونەوەی نێوان بارزانی و رایس د. مەحمود گوتی:

(ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا زۆر گرنگ بوو، ئەوەبوو بەرێز کاك مسـعود وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بەراشکاوی باسی هەڵوێستی کوردی لەگەڵ حکوومەتی عێراق کردووە و بە خاتوو رایسـی راگەیاندووە، ئێمـە وەکو کورد بەپێی دەسـتووری عێراق هاوبەشـین لەگەڵ ئـەو حکوومەتەی کە ئێسـتا لە عێراقدا هەیە، ئەگەر ئـەوان ئامادەنەبن ئەو دەسـتوورە جێبەجێ بکەن، ئەوا ئێمە ناتوانین لەو هاوبەشیە وەکو پێویست بەردەوام بین.

کاك مسعود لەو کۆبوونەوەیەدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لایەنی کوردستان بە هەموو جۆرێك ئامادەیە ئەو دەستوورە جێبەجێ بکات و بڕوای بەوە هەیە کە پێویستە ئەو دەستوورە حەکەم بێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، هەروەها بەراشکاوی ئـەوەی دووپاتکردۆتەوە کە (کورد ئامادەنییە لایەنێك خۆی بکات بە دیکتاتۆر بەسـەریەوە، یاخود هەوڵبدات شت بەسەر کوردا فەرز بکات)

هەر بۆ زیاتر روونکردنەوەی هەڵوێستی کورد لە هاوکێشەی سیاسـی عێراقدا کاك مسعود بارزانی راشکاوانە بەرایسی راگەیاندووە·ئێمـە میللەتێکیـن داواکاری خۆمان هەیە و بەپێی ئەو دەسـتوورەی هەمانە داواکاری خۆمان دەخەینە روو).

**رایس بۆ بارزانی:**

**ئێوە بوارێکی دیکە بدەن بە مالکی**

د. مەحمود عوسمان سەبارەت بە وڵامدانەوەی کوندالیزا رایس بۆ قسەکانی سەرۆك بارزانی گوتی:

وەك من بیستم کوندالیزا رایس بە کاك مسعودی گوتووە:

(ئەو شتانەی ئێوە باس دەکەن راستن، بەڵام ئێوە بوارێکی دیکە بدەن بە مالکی و گفتوگۆی لەگەڵ بکەن و هەوڵبدەن کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەربکەن، ئەگەر کێشەکان چارەسەنەکران ئەو کات حسابێکی ترە).

د. مەحمود پێی وایە ئەو کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك بارزانی و کوندالیزا رایس ئاکامی ئیجابیانەی دەبێت و لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند:

(ئەم کۆبوونەوەیە سوودەکەی ئەوەبوو بەرێز کاك مسعود توانی زۆر بە تەفسیل و بە وردەکاری بارودۆخەکە شەرح بکات و، وەڵامی رایسیش بەو جۆرە کە وەڵامی کاك مسعودی داوەتەوە، مانای ئەوەیە کە کۆبوونەوەکە بە سوودبووە).

**حزبی فەزیلەش دەخوازێت وەک حزبی ئیسلامی لە کورد نزیک بێتەوە**

لەم پرۆسە سیاسییەدا زۆر گرنگە چوارچێوەی هاوپەیمانی فراوان بێت، هەروەها هاوپەیمانی کوردستانیش لەگەڵ زۆربەی لایەنەکاندا تێگەیشتنی هاوبەشی هەبێت، سەبارەت بە کاریگەری فراوان بوونی هاوپەیمانی کورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە د. مەحمود گوتی:

(ئەگەر هاوپەیمانی نێوان هاوپەیمانی کوردستان و حزبی ئیسلامی نەبوایە، یاسای گۆرینی لە ریشە هەلکێشانی بەعس بۆ (المسألە والعدالە) تێنەدەپەری.

پێشان حزبی ئیسلامی دژی ئەم یاسایە بوو، بەڵام کاتێك هاوپەیمانی کوردستان دەنگی بۆدا و حزبی ئیسلامیش دەنگی بۆ دا لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەمجۆرە ئەو یاسایە دەرچوو،

کاریگەری ئەو لێکتێگەیشتنە ئەوەیە ئێستا حزبی ئیسلامی لەگەڵ کورد دەنگدەدەن، لەوانەیە ئەم مەسەلەیە تا سەر وانە مێنێتەوە بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ حکوومەتی مالکی رێکنەکەون بەڵام ئەم لێکتێگەیشتنە کاریگەری ئیجابی هەبوو.

ئێستا حزبی فەزیلەش دەیانەوێت بێنە پێش و لەگەڵ کورد بکەونە وتوویژ و وەك حزبی ئیسلامی لەگەڵ کورد رێبکەون، هەر بۆیە ئەگەر لایەنی شیعە لەم مەسەلەیەدا نەرم بێت و قبوڵ بکات، رێککەوتنی چوار قۆڵی فراوان بکرێت و ببێتە رێککەوتنی پێنج قۆڵی یان شەش قۆڵی ئەوە بارودۆخەکە بۆ هەموو عێراق باشتر دەبێت و پێگەی کوردیش بەهێزتردەبێت.

**ئەگەر خاڵەکانی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆک وەزیران جێ بەجێ بکرێت من گەشبینم بە گۆڕانکارییەکان**

گەشبینی و رەشبینی سەبارەت بەو هەفتانەی دادێ، کە بە بڕوای چاودێران سیمای ساڵی ٢٠٠٨ دیاری دەکات، دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چەند قسەکان دەبنە بڕیار و تا چەند بڕیارەکانی جێبەجێ دەکرێت

د. مەحمود لەمبارەوە بەمجۆرە بە گوڵانی راگەیاند:

(بە بڕوای من ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆك وەزیران لەسەری رێککەوتوون جێبەجێ بکرێت ئەوا من گەشبینم هەر بۆ نموونە:

١- ئەگەر ئەنجوومەنی تەنفیزی دابمەزرێت(٣+١) بڕیاری تاکرەوانە بگۆرێت بۆ بڕیاری جەماعی.

٢- ئەگەر رێککەوتنی چوارقۆڵی فراوان بکرێت دەبێتە رێکەوتنی پێنج قۆڵی یان شەش قۆڵی



٣- ئەگەر وەزیرەکانی تەوافق بگەڕێنەوە یان لەگەڵ مالکی رێبکەون.

٤- ئەوەی لە هەموو گرنگترە ئەگەر د. مالکی مافەکانی کورد بسەلمێنێت بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتن، بەهەرێمی کوردستان و بەپێی ئەو داواکارییانە هەرێمی کوردستان هیچ بایەخێکی نییە.

ئەگەر سەرنج بدەین کورد سێ داوای سەرەکی هەیە کە ئەو داوایانە شکۆی هەرێم دیاریدەکەن:

١- سنووری هەرێمی کوردستان واتە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠

٢- ئابووری هەرێمی کوردستان واتە نەوت و گرێبەستەکان

٣- هێزی پارێزەری کوردستان واتە پێشمەرگە


ئەگەر ئەم سێ خاڵە جێبەجێ نەکرێن ئەوا هەرێمی کوردستان هیچ بایەخێکی نابێت، بۆیە من گەشبینیم بەندە بەجێبەجێکردنی ئەم خاڵانە.

●●●

**ئێستا حزبی فەزیلەش دەیانەوێت بێنە پێش و لەگەڵ کورد بکەونە وتوویژ و وەک حزبی ئیسلامی لەگەڵ کورد رێبکەون**

●●●

■ د. عەدنان دلێمی بە یەکێك لەسەرکردە دیارەکانی عەرەبی سوننەی عێراق لەقەڵەم دەدرێت و سەرۆکی بەرەی تەوافقی عێراقییە کە نوێنەرایەتی عەرەبی سوننەی عێراق دەکات، ئەم بەرەیە ٤٤کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە و پێکهاتووە لەم لایەنە سیاسییانە(حزبی ئیسلامی عێراق، ئەنجوومەنی حیواری نیشتمانی و کونگرەی ئەهلی عێراق) ئەم بەرەیە سێیەمین فراکسیۆنی گەورەیە لە پەرلەمانی عێراقدا.
سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراق و چۆنیەتی هەوڵدان بۆ چاکسازی و کاراکردنی حکومەتی د. مالکی گوڵان پەیوەندی بە د.عەدنان دلێمی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■



**پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاری ئیجابی بێتە ئاراوە**

دامەزراندنی ئەنجوومەنی تەنفیزی(٣+١)بۆ بەڕێوەبردنی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و بڕیاری دەستەجەمعی، هەنگاوێکە جۆرێك لەگەشبینی دروست دەکات هەر بۆیە ئەگەر تائێستا مەسەلەی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و پێکهاتنەوەی نیشتمانی نائومێدی باڵی بەسەردا کێشابێت، ئەوا ئێستا ئومێدێك هاتۆتە ئاراوە.

سەبارەت بەم بارودۆخە و هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی زەمینەکی لەباربۆ دەسپێکردنی ئەم پرۆسەیە د.عەدنان دلێمی بەمجۆرە رای خۆی بۆگوڵان، خستەڕوو:

(ئامانجی هەموومان بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانیە بۆ ئەوەی خزمەتی عێراقییەکان بکات، ئەوەی لەم ڕۆژانە بەرەوپێشەوە دەچێت، مژدەبەخشە بۆ گۆڕانکاری گەورە و ئینشاڵڵا دەتوانین ئەو تەنگژە بە بنبەست گەیشتووەی عێراقی تێدا دەژی بکرێتەوە و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و ئەم تەنگژەیە چارەسەر بکرێت بە چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیەی عێراق وەرچەرخانێکی چۆنیەتی لە ئاسایشی و سەقامگیری و پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی بەخۆوە دەبینێت ئێمە ئومێدمان وایە براکوردەکانمان بەشداری لەم گۆڕانکارییەدا بکەن و بەجۆرێك کار بکەن کە ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی راستەقینە لە نێوان سەرجەم پێکهاتێك ناکۆکییەکانی عێراقدا بێتە ئاراوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گرفتی مەزهەبییەوە هەیە.

**ئێمە هەوڵدەدەین گۆڕانکاریەک گەوهەری بێتە ئاراوە لەسەر هەڵوێستی خۆشمان سوورین**

سەبارەت بەوەی کە بەرەی تەوافوق لەبەرەوپێشەوەچوونەکان رازییە د. عەدنان دلێمی گوتی:

«ئێمە رازی بین یان نە، دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەم بەرەوپێشەوەچوونانە ببێتە هۆکاری گۆڕانکارییەکی گەوهەری لە پرۆسەی سیاسی و هێنانە کایەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی راستەقینە لە نێوان هەمواندا، ئێمە لە داواکاری خۆمان پاشەکشەمان نەکردووە، بەڵام حکومەت نییەت باشی خۆی پیشان داوە و لەوانەیە وەڵامی داواکارییەکان بداتەوە، ئەگەر وەڵامی داواکارییەکانی دایەوە دەگەڕێینەوە بۆ حکوومەت ئینشاڵڵا، لە بەر ئەوەی مانەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا خزمەتی عێراق و بەرژەوەندی عێراقیەکان ناکات».

●●●
**ئێمە لە داواکاری خۆمان پاشەکشەمان نەکردووە، بەڵام حکوومەت نییەت باشی خۆی پیشان داوە و لەوانەیە وەڵامی داواکارییەکان بداتەوە**
●●●

### د. عەدنان دلێمی سەرۆکی بەرەی تەوافقی عێراقی بۆ گوڵان:

# ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهاتنەوەی نیشتمانی زۆرن، دەبێت کار بکەین بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری راستەقینە

•••
**مانەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا خزمەتی عێراق و بەرژەوەندی عێراقیەکان ناکات**
•••

•••
**نابێت ئیدارەی وڵاتێک بەدەست تەنیا یەک مەزهەبەوە بێت و چارەنووسی عێراق دیاری بکات**
•••

•••
**دەبێت بە هەموو توانایەوە هەوڵبدەین رێگە لە گەندەڵی مالی و ئیداری بگرین و وا بکەین داهاتی عێراق بۆ خزمەتی عێراقییەکان بێت و کار بکەین بۆ نەهێشتنی بێکاری یان کەمکردنەوەی، هەروەها راگرتنی هەموو ئەو هۆکارانە کە دەبێتە هۆکاری وروژاندنی مەزهەبی لە عێراقدا**
•••

**ئازادنەکردنی بەندەکان و نەبوونی هاوسەنگی لە ئیدارەی دەوڵەت ئاستەنگی سەرەکی بەردەم ئاشتبوونەوەن**

کە نیەت باشـــی هەبێت، دەبێت ئەو نییەت باشـــییە تەرجەمە بکرێت بۆ سەر ئەرزی واقیع و هەنگاوە پراکتیکیەکان هەڵبگرین، بەڵام هەست دەکرێت ئەو ئاستەنگانەی کە هۆکاری یەکخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانین هەتا ئێستا وەك خۆیان ماون و هەوڵیـــان بۆ نـــەدراوە، ئایا دەتوانین بزانین ئەو ئاســـتەنگانە چین؟

لە وەڵامی ئەم پرســـیارەدا د. عەدنان دلێمی بەمجۆرە ئاماژەی بە ئاستەنگەکانی کرد:

گرنگترین کێشـــە ئەوەیە، دەبێت هەولێکـــی جدی بخرێتەگەڕ بـــۆ ئازادکردنـــی بەندکراوەکان لـــە بەندیخانەکانـــی عێراق و سەربازگەکانی ئەمەریکیەکاندا، هەروەها دەبێت هاوسەنگیەکی راســـتەقینە بۆ ئیدارەی دەوڵەت ئامادە بکرێت و تیایدا عەرەب و کورد و تورکمانی و شـــیعە و سوننە تیایدا بەشداربن و نابێت ئیدارەی وڵاتێك بەدەست تەنیا یەك مەزهەبەوە بێت و چارەنووسی عێراق دیاری بکات هەروەها رێگەیەك بۆ بەشـــداری راستەقینە لە ئیدارە و وەزارەتەکان بدۆزرێتەوە و نابێت لایەنە سیاســـییەکان سەرکوتکار بن بەسەر حکوومەتەوە، هەروەها پێویستە بەشداری راستەقینە هەبێت لە وەرگرتنی بڕیار و جێبەجێکردن و دەبێت بە هەمـــوو توانایەوە هەوڵبدەین رێگە لە گەندەڵی مالی و ئیداری بگرین و وا بکەین داهاتی عێراق بۆ خزمەتی عێراقییەکان بێت و کار بکەین بۆ نەهێشتنی بێکاری یان کەمکردنەوەی، هەروەها راگرتنـــی هەموو ئەو هۆکارانە کە دەبێتە هۆکاری وروژاندنی مەزهەبی لە عێراقدا.

**سەقامگیری عێراق بەرژەوەندییەکی گەورەیە بۆ ئەمەریکا**

ئەمەریکا زۆر مەبەستیەتی سیاسەتەکەی لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت، بەتایبەتی کە ئەمســـاڵ ســـاڵی هەڵبژاردنەکانە و هەموو خەمی ئیدارەی بوش بۆ ئەوەیە کارتێکی سەرکەوتنی بەدەستەوە بێت، کە بێگومان سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی عێراق گەورەترین کارت دەبێت بەدەست کۆمارییەکانەوە لەم هەڵبژاردنەدا.

ســـەبارەت بە رۆڵ و هەڵوێســـتی ئەمەریکا بۆ سەرخســـتنی پرۆسەی سیاسی عێراق د. دلێمی گوتی:

«ئێمە پێمان وایە لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە کە حکوومەتێکی بەهێز و سەقامگیر لە عێراقدا هەبێت و هەموو لایەنەکان تیایدا بەشدار بن و هیچ لایەك بەهۆکاری ئەتنی و مەزهەبی و سیاسی پەراوێز نەخرابێت، لەم روانگەیەوە ئێمە پێمان وایە ســـەقامگیری عێراق بەرژەوەندییەکی گەورەیە بۆ ئەمەریکا.

## ساڵح موتڵەگ سەرۆکی لیستی بەرەی عێراق بۆ دیالۆگی نیشتمانی بۆ گوڵان:

# کورد تۆپی قەپانی پرۆسەی
# دەتوانن حکوومەتێکی لێهاتوو لە

***■ ساڵح موتڵەگ کە سەرۆکی لیستی بەرەی عێراقییە بۆ دیالۆگی نیشتمانی ساڵی ١٩٤٧لە قەزای فەلوجە سەر بە پارێزگای ئەنبار لە دایکبووە و ســەربە هۆزی (الصبیحات)ە کە یەکێکە لە هۆزەکانی باشــووری عێراق کە لەناوچەی ناسریە بڵاون، هەروەها بەشێکی ئەم هۆزە لە سامەرا و فەلوجە و بەغدادیش هەن.***

***موتڵەگ خوێندنی ئامادەیی لە پارێزگای ئەنبار تەواوکردووە و کۆلیژی کشتوکاڵی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە و لە ساڵی١٩٧٤دکتۆرای لە ژینگە وەرگرتووە.***

***موتڵەگ هەتا ســاڵی ١٩٧٧ یەکێکــە بووە لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی بەعس بەڵام لە ســاڵی ١٩٧٧لە حزبی بەعس دەرکراوە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یش بووە بە ئەمینداری گشتی حزبی وەسەتی دیموکراتی و بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە و حزبەکەی ١١کورسی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێناوە و خۆشی بووەتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئێستاش سەرۆکی بەرەی عێراقییە بۆ دیالۆگی نیشتمانی و نوێنەری نەیاری وەتەنی بووە بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق.***

***بۆ وتووێژکردن لە ســەرباردۆخی ئەمڕۆی عێراق و هەنگاوەکان بۆ سەرخســتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەڵوێستی عەرەبی سوننە بەرامبەر هاوپەیمانی کوردســتان گوڵان، پەیوەندی بە د. ســاڵح موتڵەگ کرد و لە هەڤپەیڤینێکــی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■***

●●●

**ئەمڕۆ ئەوەی لەکورد چاوەڕێ دەکەین ئەوەیە کە بتوانن ئەم ئەزموونەی خۆیان بۆ یەکخستنی عێراقییەکان بخەنەگەڕ و هاوکاربن بۆ گۆڕینی یاسای لە ریشەهەڵکێشانی بەعس و گۆشەگیرکردن و پشت گوێ خستنی لایەنەکان کەلەلایەن هەندێ لایەنەوە بەگرژی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکەن و دیدێکی راشکاوانەیان بۆ ئایندەی دووری عێراق و ئایندەی ئەو پرۆسە سیاسییەی ئێستا بەڕێوە دەچێت نییە**

●●●

### لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئۆپۆزیسیۆنین بەڵام پشتگیری هەر هەنگاوێک دەکەین کە بۆ عێراق سوودمەندبێت

بمانەوێت یان نەمانەوێت بارودۆخی ئێستای حکوومەتی عێراق پێویســتی بە چاکسازی و رێکخســتنەوە هەیە، ئەم ئامانجە بەتەنیــا ئامانجی کوردیان ســوننە یان شــیعە نییە، بەڵکو ئامانجی هەموو ئەو لایەنانەیە کە دەخوازن عێراق ئایندەیەکی گەشــی هەبێت و هاوپەیمانان و ئەمەریکاشی لەگەڵ ئەوەی تائێستا بە فەرمی پشتگیری حکوومەتەکەی د. مالکی دەکەن بەڵام لە میانەی کۆبوونەوە ڤیدیۆییەکانی نێوان کۆشکی سپی و گرین زۆرن مانگی دووجار لەســەر زاری ســەرۆك بوشەوە حکوومەتی عێراق ئاگادار دەکرێتەوە کە پێویســتە هەنگاوی پێویســت بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاســی و پێکهاتنەوەی نیشتمانی هەڵبگرێت.

هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ هاندان و ئاگادارکردنەوەی حکوومەتی عێراق بەتەنیــا کۆبوونەوە ڤیدیۆییەکانی نێــوان گرین زۆن و کۆشکی ســپی نییە، بەڵکو بەردەوام رایان کرۆکەری باڵیۆزی ئەمەیــکا داڤید پەتریــۆس فەرمانــدەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، هەوڵی دیکەیان هەیە و بە جیا لە حکوومەتی عێراق خەریکی قەناعەت پێکردنی عەرەبی ســوننە و چەکدارکردنی هۆزەکانــی عەرەبی ســوننەن بەنــاوی (ســەحوە) هەروەها بەردەوامیش کاربەدەستانی باڵای ئیداری ئەمرەیکی سەردانی عێراق دەکەن کە دوایین سەردان، سەردانی خاتوو کوندالیزارایس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووە.

ســەبارەت بەم ئەگەری چاکســازی و گۆڕانکارییانە د.ساڵح موتڵەگ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«ئێمە ئومێدەوارین براکوردەکانمان لەگەڵ عێراقییەکانی دیکە بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە هەوڵبدەن بۆ بەدیهێنانی ئــەو ئامانجانەی کە خێــری کورد و عــەرەب و تورکمان و ســەرجەم گەلی عێراقی تێدایە، ئێمە لەبــەر ئەوەی لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆنین لەو جۆرە دیدارانەی وەك هاتنی کوندالیزارایس بەشدار نابین، بەڵام وێڕای ئەمانەش هەر کارێك ببێتە هۆکارێك بۆ سوودی عێراقییەکان ئێمە پشتگیری لێدەکەین، ئەمەش بەو



# سیاسی عێراقە و عێراقدا دابمەزرێنن

ماناپەی ئێمە بەکارێکی سروشتی دەزانین کە کورد دێنە بەغدا و لەگەڵ عێراقییەکانی دیکە کۆدەبنەوە، لە هەمانکاتدا ئێمە ئومێد دە خوازین کە ئەم جۆرە دیدار و کۆبوونەوانە سنووردار نەبێت، واتە لەگەڵ کۆمەڵێك نەبێت و کۆمەڵێکی دیکە لە پرۆسەی سیاسی پەراوێز بخرێت، هەربۆیە ئێمە ئومێدەوارین هەموو لایەنەکان لەپرۆسەی سیاسی بەشداربن، نەك لایەنێك پرۆژەیەك بخاتەڕوو و ئەوانی دیکە پشتگوێ بخرێن.

لەم پرۆسەیەدا ئومێدەوارین کورد رۆڵی کۆکردنەوە و لێکنزیککردنەوە بگێڕێت نەك لێکدابڕان، لەمبارەیەوە ئێمە گەشبینین بەوەی کە کورد ئەزموونی زیاتری لە خەڵکانی دیکە لەم بوارەدا هەیە، ئەمە وادەکات کە بۆچوونی کورد بۆچوونێکی فراوانتر بێت بۆ رێکخستنی تواناکان بۆ هاوکۆکی سیاسی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کورد پێشتر ئەو ئەزموونەی هەبووە، لەناوخۆیدا جیاوازیان هەبووە، بەڵام سەرەنجام توانیان لەسەر پرۆژەیەك رێکبکەون، ئەمڕۆ ئەوەی لەکورد چاوەڕێ دەکەین ئەوەیە کە بتوانن ئەم ئەزموونەی خۆیان بۆ یەکخستنی عێراقییەکان بخەنەگەڕ و هاوکاربن بۆ گۆڕینی یاسای لە ریشەهەڵکێشانی بەعس و گۆشەگیرکردن و پشت گوێ خستنی لایەنەکان کەلەلایەن هەندێ لایەنەوە بەگرژی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکەن و دیدێکی راشکاوانەیان بۆ ئایندەی دووری عێراق و ئایندەی ئەو پرۆسە سیاسییەی ئێستا بەڕێوە دەچێت نییە.

**ئەو گیانی لێبوردەیی کە کورد پێشتر بەرامبەر دوژمنەکانی پیشانیداوە، دەبێت بگوازرێتەوە بۆ برا عێراقییەکانی دیکە لەناو عێراقدا، بۆیە ئێمە ئومێد دەکەین. دەبێت کورد لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عەرەبی سوننە هاوپەیمان بێت نەک تەنیا حزبی ئیسلامی**

کورد لەم لێك تێگەیشتنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، بەردی بناغەی بونیادنانەوەی عێراقە، بەڵام لە هەمانکاتدا ناتوانرێت ئەم پرۆسەیە بە یەکجاری و لەیەك کاتدا ئەنجامبدرێت، بەڵکو پێویستی بە گرتنەبەری هەنگاو بەهەنگاو هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت رۆژ لە دوای رۆژ ئەم تێگەیشتنە فراوانتر بکرێت و لە ئاکامدا ببێتە لێکتێگەیشتنێکی سەرتاسەری لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقدا.

لەم پێناوەدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدایە کە جۆرە هاوسەنگییەك و لێکتێگەیشتنێك هەروەك چۆن لە نێوان کورد و شیعە هەیە، بە هەمان شێوە لە نێوان کورد و عەرەبی سونەشدا هەبێت، لەوکاتەی کە بەرەی تەوافوق بڕیاری کشانەوەی لە حکوومەتی عێراقدا، سەرکردایەتی کورد زۆر هەوڵیدا کە ئەو بڕیارە بگۆڕن، بەڵام زیاتر لەگەڵ بەڕێز تاریق هاشمی وەك جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی حزبی ئیسلامی رەنگدانەوەی هەبوو، ئەم هەولانە بەردەوام بوو هەتا گەیشتە ئەوەی لەکانوونی یەکەمی رابردوو یاداشتنامەیەك لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی ئیسلامی عێراق ئیمزا بکرێت.

ئەم یادداشتەی لێك تێگەیشتنە کە لایەنی کوردی بەو ئومێدە بوو ببێتە هەنگاوێك بۆ تێگەیشتنێکی فراوان لە نێوان کورد و عەرەبی سوننەی عێراق کەچی وەك بینیمان لەلایەن بەرەی تەوافقەوە ناڕەزایی لە دژی دەربڕا.

سەبارەت بەم هەڵوێستە سەرۆکی بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی گوتی « وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشووشدا ئاماژەم پێکرد، ئێمە لەگەڵ ئەو رۆڵە گرنگەین کە سەرکردایەتی کورد بۆ یەکخستنی عێراقییەکان دەیگێڕێت، بەڵام بە دیدی ئێمە نابێ ئەم رۆڵ گێڕانە بۆ رێکەوتن بێت لەگەڵ لایەنێك و دوورخستنەوەی لایەنەکانی دیکە بێت.

حزبی ئیسلامی عێراق بەشێکە لەو پێکهاتەی کە پێی دەڵێن پێکهاتەی عەرەبی سوننە و بەشێکە لە بەرەی تەوافق، بۆیە زۆر پێویست بوو پێش ئیمزاکردنی ئەو یاداشتنامەیە هاوپەیمانەکانی ئاگادار بکاتەوە و پێش ئەوەی بچێت و بەشێوەیەکی نهێنی راوێژ لەگەڵ کورددا بکات.

●●●

**پێویستە سەرکردایەتی کورد ئەوە بزانن تێبگەن، کە حزبی ئیسلامی عێراق ئەو بنکە جەماوەرییەی نییە کە لایەنەکانی دیکە هەیانە و ئەو لایەنانەی کە لە ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتنە دوورخراونەتەوە**

●●●

●●●

**(ئێمە ئامادەین دەست بکەین بە وتووێژی خۆشەویستی و برایانە و میوانداریکردن لەگەڵ برا کوردەکانمان بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو ئەشکالیاتە هەڵواسراوانە لە چوارچێوەی عێراقدا بکەین**

●●●

**ئێمە کاتێک بە هەرێمی فیدرالی کورد رازی بووین، لەبەر ئەوە بوو کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی زمانیان جیاوازە و جوگرافیایان جیاوازە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم مەسەلەیە بهێنرێت و بەسەر ناوچەکانی دیکەی پیادە بکرێت**

ئێمە ئەو ئومێدەمان بە برا کوردەکان هەیە کە تەنیا رێکەوتنەکەیان ئیمزا کردن نەبێت لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراق، بەڵکو رێکەوتنێکی گشتگیر بێت لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکانی دیکە، هەروەها پێویستە سەرکردایەتی کورد ئەوە بزانن تێبگەن، کە حزبی ئیسلامی عێراق ئەو بنکە جەماوەرییەی نییە کە لایەنەکانی دیکە هەیانە و ئەو لایەنانەی کە لە ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتنە دوورخراونەتەوە، هەربۆیە ئیمزاکردنی بە تەنیا لەگەڵ حزبی ئیسلامی چۆن هەڵوێستی عەرەب لاواز دەکات لەهەمانکاتدا هەڵوێستی کوردیش لاواز دەکات.

## هەتا ئێستا حزبی ئیسلامی بە ئاشکرا پشتگیری ماددەی ١٤٠ و بەرهێنانی ئەرکی کوردستانی نەکردووە

لایەنی کوردی لێکتێگەیشتن و بەرنامەی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەباشترین رێگەی سەردەمیانە دەزانێت بۆ بونیادنانەوەی عێراق، ئاشکرایە ئێستا کورد چەندین گرفتی سەرەکی لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەیە، دیارترینیان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و وەبەرهێنانە نەوتییەکانی کوردستانە، کە هەردووکیان بەپێی دەستووری عێراق مافی گەلی کوردستانە و هەربۆیە تێگەیشتن لە خواست و داواکانی کورد وەك حزبی ئیسلامی هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، زەمینە سازییە بۆ لێککگەیشتنی نێوان کورد و لایەنەکانی دیکەی سیاسی عەرەبی سوننە لە عێراقدا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەم لێککگەیشتنەمان لەلایەنەکانی دیکەی عەرەبی سوننە نەبینیووە.

دەربارەی لێکتێگەیشتنی بە ئاشکرا حزبی ئیسلامی و کورد بۆ ئەم مەسەلە گرنگانە سالح موتڵەك گوتی:

(هەتا ئێستا بە ئاشکرا حزبی ئیسلامی راینەگەیاندووە کە ئیمزاکردنی ئەم یاداشتنامەیە رازیبوونە بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و رازیبوونە بەو وەبەرهێنانە نەوتییانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی ئەنجامدەدرێن.

حزبی ئیسلامی ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئیمزای لەسەر هیچ مەسەلەیەکی لەمجۆرە کردبێت، ئەمەش بەو مانایە دەبێت ئەوەی حزبی ئیسلامی بە ئاشکرا دەیڵێت، جیاواز نییە لەوانەی ئێمەش بەرامبەر تێگەیشتنمان لەگەل کورد دا هەیە، ئەمە ئەو مەسەلانەی بە ئاشکرا باسدەکرێن، بەڵام ئەگەر حزبی ئیسلامی رێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ کورد ئیمزا کردبێت من ئاگاداری ئەوەیان نیم.

## ئێمە ئامادەین وتوێژی برایانە لەگەڵ هەموو مەسەلەکان لەگەڵ کوردا بکەین بەمەرجێ لە چوارچێوەی عێراقدا بێت

**بارودۆخی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەم تایبەتمەندیەی کوردستان لەسەر ناوچەکانی دیکەی عێراق پراکتیزە نابێت**

ئامادەباشی حزبی ئیسلامی بۆ کۆبوونەوەی لێکتێگەیشتن خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی ئیجابیە و کەشوهەوایەکی تەندروست بۆ هەنگاوی دیکەی گرنگ دەرەخسێنێت، هەر بۆیە زۆر پێویستە لایەنەکانی دیکەش هەمان ئامادەباشی وتوویژ و لێکتێگەیشتنیان هەبێت و بە هەمولایەك هەوڵبدرێت و بگەنە رێککەوتنێکی تەوافقی بەتایبەتی لە نێوان کورد و عەرەبی سوننەدا، هەر بۆیە راشکاوانە لە تۆ دەپرسین ئایا ئێوەش وەك حزبی ئیسلامی ئامادەباشیتان هەیە لەسەر مەسەلە هەڵواسراوەکان لەگەڵ کورد وتوێژ بکەن و لێکتێگەیشتنێك دروست بێت؟

سالح موتڵەك بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵان دایەوە:

(ئێمە ئامادەین دەست بکەین بە وتوویژی خۆشەویستی و برایانە و میوانداریکردن لەگەڵ برا کوردەکانمان بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو ئەشکالیاتە هەڵواسراوانە لە چوارچێوەی عێراقدا بکەین و لەو چوارچێوەیەدا کە زامنی پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب و تورکمان بە شێوەیەکی هاوسەنگ بکات و برایەتی و خۆشەویستی لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست بکات و، هەروەها نەبێتە هۆکاری ئەوەی خوانەخواستە رۆژێك بێتە تەنگژە لە نێوان کورد و عەرەب یان کورد و تورکمان).

## هەفتەی دادێ هەفتەی چاکسازی لە حکوومەتی عێراقدا

هەموو چاودێرانی سیاسی مەزندەی ئەوە دەکەن هەفتەکانی دادێ هەفتەی چاکسازی گرنگ دەبن لە حکوومەتی عێراق ، هەروەها لە لێدوانی سەرکردە عێراقی و ئەمەریکییەکانیشدا ئەو راستییە بەرچاو دەکەوێت کە زەمینەك بۆ ئەو چاکسازییە هاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی هەڵوێستی ئێوەش بە گەرانەوە و بەشداریکردنی لەم پرۆسەیە بزانی

سەبارەت بە هەڵوێستی بەرەی تەوافوق سالح موتڵەك گوتی:

(ئێمە هەتا ئێستاش لەسەر هەڵوێستە نەگۆڕەکانی خۆمانین و هەمووش قسەمان لەسەر کردووە و پێمان وایە ئەو هەڵوێستانە چارەسەری باش بۆ ئەم بارودۆخە و بۆ ئەوەی حکوومەت ببێتە ئەو حکوومەتەی کە بتوانێت خواستەکانی هاووڵاتیان بەدی بهێنێت، هەر بۆیە دووپاتی دەکەینەوە ئێمە لەسەر هەڵوێستی خۆمانین، ئەگەر حکوومەتێکی کارای دوور لە موحاسەسەی مەزهەبی و ئەتنی و حزبی دابمەزرێت بێگومان ئێمە لەگەڵ ئەو حکوومەتە دەبین.)

## لەگەڵ فیدرالین بۆ کوردستان بەڵام دژی دروستکردنی هەرێمەکانین لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق

هەموو ئەوانەی بە تەنگ ئایندەی عێراقەوەن، پشتگیری لە چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی و دروستکردنی هەرێمە فیدرالییەکانی عێراق دەکەن، هەر لەم هەفتەیەدا سەید عەمار حەکیم رایگەیاند کە لە دوومانگی دادێ هەرێمی باشووری عێراق پێکدەهێنین کە ٩ پارێزگای باشوور لەخۆ دەگرن، ئەوەی دەمێنێتەوە دروستکردنی هەرێمێکە بۆ عەرەبی سوننەی عێراق، بەڵام ئەوەی گوێبیستی دەبین ئەوەیە کە ئێوە دژی سیستەمی فیدرالین بۆ عێراق و هەروەها دژی دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکانیشن، ئایا دەتوانین هۆکاری ئەمە بزانین؟

سەبارەت بە رەتکردنەوەی سیستەمی فیدرالی و دژایەتیکردنی هەرێمەکان سالح موتڵەگ بەمجۆرە پشتگیری لە بۆچوونەکانی خۆی کرد:

(ئێمە بە هەموو جۆرێك دژی ئەم مەسەلەیە(فیدرالیزەکردنی

عێــراق) ین و ناتوانین پێی رازی بین، ئێمە کاتێك بە هەرێمی فیدراڵی کورد رازی بووین، لەبەر ئەوە بوو کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبــەر ئەوەی زمانیان جیـــاوازە و جوگرافیایان جیاوازە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم مەســـەلەیە بهێنرێت و بەسەر ناوچەکانی دیکەی پیادە بکرێت، هەر بۆیە ناکرێت ئێمە بەوە رازی بین.

## نابێت فیدراڵی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق پیادە بکرێت

بەپێی دەســـتووری عێراق رێگــە دراوە دوو پارێزگا یان زیاتر هەرێمێکی فیدراڵی پێکبهێنن، دژایەتیکردنی دروســـتکردنی هەرێمەکان لە عێراقدا واتە رەتکردنەوەی ئەو دەســـتوورەی کە زۆربــەی هەرە زۆری عێراقیەکان دەنگیـــان پێداوە، هەر بۆیە کاتێك عەرەبی سوننە دژی ئەوە بێت هەرێمی باشووری بەغدا پێکبهێنرێت واتە ناکۆکییەکان زیاتر قووڵبوونەوە لە بری ئەوەی هەوڵبدەین برینە کۆنەکان سارێژ بکەینەوە.

سەبارەت بەم پرسەش ســـەرۆکی بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی شتێکی نە شاردەوە و راشکاوانە بەمجۆرە هەڵوێستی خۆیان لەسەر هەرێمە فیدراڵییەکانی باشوور و ناوەراستی عێراق خستەروو:

(ئێمە دژی ئەوەنین هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، بەڵام دژی دروســـتکردنی هەرێمی دیکەین لە عێراقدا، لەم مەسەلەیەشدا ئێمە راشکاوین و دەڵێین:

(ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە گەلی کورد هەموو مافەکانی خۆی پێبدرێت، بەو شـــێوازەی ئەمە نەبێتە هۆکاری دابەشـــکردنی عێراق بۆ هەرێمەکان، هەر بۆیــە کاتێك ئێمە بە فیدراڵییەتی باکووری بە فیدراڵییەتی کوردســـتان رازیبووین بەو مەرجە بوو ئەمە نەهێنرێتە بەشـــەکانی دیکەی عێراق، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە ســـەرەنجام دەبێتە هۆکاری دابەشکردنی عێراق بۆ ســـوننە و شـــیعە و کورد، ئێمەش ئەم ئەنجامە رەتدەکەینەوە، دووبارەی دەکەمەوە بارودۆخی کوردســـتان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەم تایبەتمەندییەی کوردســـتان لەسەر ناوچەکانی دیکـــەی عێـــراق پراکتیزە نابێت، خەڵکانێك هـــەن دەیانەوێت ئیستغلالی ئەوە بکەن بۆ ئەوەی عێراق دابەشبکرێت، هەر بۆیە ئێمە تکا لە برا کوردەکانمان دەکەین لە هەڵوێستمان تێبگەن، ئێمە دژی خواســـتە سروشتی و بابەتییەکانی گەلی کوردنین، بـــەڵام ناخوازین کورد بێتە هۆکارێك بۆ دابەشـــبوونی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر عێراق دابەشـــبکرێت هەموومان باجەکەی دەدەین و سەرەنجام هەموومان دەیدۆڕێنین، جارێکی دیکە ئێمـــە دووپاتی دەکەینەوە لەگـــەڵ ئەوەین کورد هەموو مافەکانی وەربگرێت بەمەرجێ نەبنە هۆکارێك بۆ دابەشکردنی عێراق.

## بۆمبارانکردنی کوردستان بوردومانکردنی ئەنبار و بەسرایە هەر دوژمنکارییەک بۆ سەر سیڤیل خاکی عێراق بێت دژی رادەوەستین

گەلێك جار کورد هەســـت دەکات لایەنی عەرەبی بەو ئاســـتە لەگەڵ کارەســـات و نەهامەتییەکانی هاوسۆز نییە، بەداخەوە بۆمبارانکردنی کوردستان لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا و نەبوونی هەڵوێستی پێویســـت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بەرامبەر ئەم دەســـترێژییە ئەو هەستەی لا زیندووکردینەوە و هەســـتمان کرد تەنیا لەو کاتە بەشێکین لە عێراق کە پێویستیان پێمانە، بۆیە لەم بارودۆخە لەتۆش دەپرسم ئایا ئێوە هەڵوێستتان لەســـەر ئەم دوژمنکارییە بۆ ســـەر خـــاك و خەڵکی مەدەنی کوردستان چییە؟

لە وەڵامی ئەم پرســـیارە موتڵەگ بەمجۆرە هەڵوێستی خۆی ئاشکراکرد:


(ئێمە هەر لە ســـەرەتاوە هەڵوێســـتی خۆمـــان دیاریکردووە و گوتوومانـــە قبوڵ ناکەین دەســـتدرێژی بکرێتە هەر بســـتە خاکێکی عێـــراق، هەروەها گوتوومانە ئێمە دژی هاتنە ناوەی هەر هێزێکین بۆ باکووری عێراق و بۆ ناو کوردســـتان، هەروەك چۆن دژی دەستێوەردانین بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق. کوردستان بەشێکە لە عێراق، گەلی کوردیش بەشێکە لەگەلی عێراق، ئەو ئازارەی بەر کورد دەکەوێت، ئازارێکە بەر هەموومان دەکەوێت، ئێمە گووتوومانە بە دەســـتە شکاوەکانمانەوە لەگەڵ کورد رادەوەستین دژی ئەم دەستدرێژیانە.

## بەبێ بوونی حکوومەتێکی کارا لە ناوەند دیاردەی گەندەڵی ئیداری و مالی بەردەوام دەبێت

رێککەوتـــن و گونجانی پێکهاتە سیاســـییەکان بـــۆ دووبارە کاراکردنـــەوەی حکوومەت و رێگرتن لـــەو دیاردەی گەندەڵی ئیداری و مالـــی و هەروەها پڕکردنـــەوەی کەڵێنەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، هەنگاوی گرنگن بۆ ســـەر خستنی ئەم پرۆسەیە، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا حەزدەکەین بۆ چوونێکی گشـــتگیرانەی تۆ ســـەبارەت بە چۆنیەتی سەر خستنی ئەم پرۆســـەیە بزانین، لەمبارەوە ساڵح موتڵەگ سەرۆکی بەرەی عێراقـــی بـــۆ دیالۆگی نیشـــتمانی بەمجـــۆرە میکانیزمی سەرخستنی ئەم پرۆسەیەی خستەروو:

(پێش هەر شتێك دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە حاڵی حازر برا کوردەکانمان تۆپی قەپانی ئەم پرۆسە سیاسییەن و دەتوانن هەوڵ بـــۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کار بۆ عێراق بدەن کە هەموو پێکهاتـــەکان لە یەك کاتدا بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە لێی سودمەندبن، بەبێ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێز لە ناوەند ئەو بارودۆخەی ئێســـتا هەیە وەك خۆی بەردەوام دەبێت و هەروەها گەندەڵی ئیداری و مالی بەردەوام دەبێت، ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی لەســـەر گەلی عێراق دەبێـــت و نەهامەتییەکانیان هەر بـــەردەوام دەبێت و ســـەرەنجامیش حکوومەتێکـــی لەمجۆرە سەرکەوتوو نابێت.

هـــەر بۆیە ئومێدەوارم کە کورد رۆڵێکـــی ئیجابییانە بگێرێت، بەوەی هەوڵبدرێت هەموو لایەنەکانی ناو پرۆســـەی سیاسی و ئەوانەش لە دەرەوەی پرۆســـەی سیاسییەکەن لەم حکوومەتەدا بەشداربن، ئەم بەشـــداربوونەوەش لەسەر بنەمای پێکهاتنەوەی نیشتمانی بێت.



●●●

**بۆیە ئێمە تکا لە برا کوردەکانمان دەکەین لە هەڵوێستمان تێبگەن، ئێمە دژی خواستە سروشتی و بابەتییەکانی گەلی کوردنین**

●●●



***■ د. فوئاد ئەلحوسەینی راوێژکاری تاریق هاشمی سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق و جێگری سەرکۆماری عێراقە. حزبی ئیسلامی کە ئێستا یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی ئیمزاکردووە، سەرەتایەکە بۆ فراوانکردنی هاوپەیمانی نێوان کوردو عەرەبی سوننە، بەڵام لایەنەکانی دیکەی سوننەی عێراق سەبارەت بەم رێککەوتنەی حزبی ئیسلامی نیگەرانی و نارەزایی دەردەبڕن. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق و هەڵسەنگاندنی حکومەتی عێراق گوڵان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ د. فوئاد حوسینی سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی. ■***

●●●

**پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات پرۆسەیەکی دەستە جەمعیە لە پێناوی عێراقداو هەرگیز پەکخستنی پرۆسەی سیاسی بەو شێوەی کە نیوەی ئەندامانی حکوومەت لە دەرەوەی حکوومەتن بەردەوام نابێت**

●●●

## ئێستا نیوەی بەشداربووانی حکوومەت لە دەرەوەی حکوومەتن

بۆ ئەوەی بنەمای حکوومەتی بنکە فراوان یەکێتی نیشتمانی عێراق لەبەر یەك هەڵنەوەشێنێت، سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر هەوڵیدا بەڕێز تاریق هاشمی چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوەو لە ناو حکوومەتدا بمێنێتەوە، بەڵام سەرەنجام بەڕێز هاشمی داوای لە بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی کرد لە هەڵوێستی تێبگەن و ناتوانێت بەبێ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی لە حکوومەتدا بمێنێتەوە.

ئێستا جارێکی دیکە ئومێدی ئەوە هاتۆتەوە کە بتوانرێت ئەم پرۆسەیە بخرێتەوەگەڕ و سەر لە نوێ حکوومەتێکی کاراو بنکە فراوانی دابمەزرێتەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی ئیسلامی لەسەر ئەم مەسەلەیە د. فوئاد حوسینی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«وەك دەزانن ئێمە لە یەکەم رۆژی دوای رووخانی رژێمەوە بەشداریمان لە پرۆسەی سیاسیدا کردووەو گۆڕەپانی سیاسییمان چالاکی کردووەو پرۆسە سیاسییەکەمان بەرەوپێشەوەبردووە، وێڕای ئەوەی هەندێك تەحەفوزاتمان هەبوو، بەڵام یا دەستوورەکەمان پەسەندکرد، ویستمان بەو جۆرەبین وەك بەڵێنمان دابوو بەشداریمان لە دەسەڵاتدا هەبێت و لە ناو دەسەڵاتیشدا رێز بۆ راو رای بەرامبەر دابنرێت و بەهیچ شێوەیەك تاکڕەو نەبێت و هەوڵنەدرێت کەس پشتگوێ و پەراوێز بکرێت و هەر کەس بەڕێزەوە گوێ لە بۆچوونەکانی بگیرێت و بەخششی خۆی پێشکەش بکات. ئێمە کاتێك هەستمان کرد حکوومەت لەم رێڕەوە لایداوە، داوامان لێکرد کە ئاراستەی خۆی راستبکاتەوەو ئەو سەرنجانە بەجدی وەربگرێت کە هەمووی لە بەرژەوەندی نیشتماندایە، نەك بەرژەوەندی پارتێك یان توێژێکی دیاریکراو، هەروەها ئەو تێبینیانە لە پێناوی کوتلەیەك یان بەرەی تەوافوق نەبوو، بەڵکو بۆ سەرجەم عێراق بوو. بەڵام سەیرمان کرد کە تەمەڵی دەکرێت بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینیانە بۆیە ئێمەش هەڵوێستمان وەرگرت.

## ئێمە گەشبینین بە ئایندە

دەبارەی ئەوەی دوای ئەم حاڵەتە چۆن سەیری ئەو هەوڵە تازانە دەکەن بۆ چاکسازی لە نێو حکوومەتەکەی د. مالکیدا، بۆ ئەمەش راوێژکاری تاریق هاشمی گوتی: »ئێمە هەرگیز ئومێد بڕاو نەبووین، بەڵکو هەمیشە گەشبین بووین، لەبەر ئەوەی پێمانوایە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات پرۆسەیەکی دەستە جەمعیە لە پێناوی عێراقداو هەرگیز پەکخستنی پرۆسەی سیاسی بەو شێوەی کە نیوەی ئەندامانی حکوومەت لە دەرەوەی حکوومەتن بەردەوام نابێت، هەروەك دەبینی لەو چەند رۆژە دەستپێشخەری ئیجابی دەرکەوتوون بەتایبەتی دوای پێکهێنانی لیژنەی تەنفیزی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق»٣+١» (بەشێوەی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ).. ئێمە ئومێدەوارین کە ئەم هەنگاوە دیاردەی تاکڕەوی

د. فوئاد ئەلحوسەینی راوێژکاری تاریق هاشمی سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەو سەرکردانەی یاداشتی لێکتێگەیشتنیان لە پێناوی ئایندەی عێراق ئیمزاکردووە، لەسەر مەسەلەکانی دیکەش رێکدەکەون بە مادەی ١٤٠یشەوە

بسرێتەوە بۆ ئەمەش ئێمە ئامادەباشی تەواومان تێدایە کە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا لێکتێگەیشتن هەبێت لە پێناوی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و رێکخستنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقدا.

**رێککەوتنی سێ قۆڵی ئاماژەیە بۆ ئەوەی لایەنەکانی ئەم رێککەوتنە بەرژەوەندی عێراقیان دەوێت**

سەبارەت بە یادداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان حزبی ئیسلامی عێراق و کورد د. فوئاد ئەلحوسەینی گوتی: »کاتێك ئاراستەیەك بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی دروست دەبێت، هەوڵەکان بە گوڕتر دەبن، یادداشتنامەی سێ قۆڵی هەنگاوێکە بەو ئاراستەیەو هەوڵێکە بۆ ئەو ئامانجانەی کە بەرەی تەوافوق هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، هەر بۆیە ئەم رێککەوتنە بەڵگەی ئەوەیە کە بەشداربووانیان بەرژەوەندی عێراقیان دەوێت و نایانەوێت ئازارەکەی بدەن یان لایەنێك پەراوێز بخرێت هەروەها یادداشتی لێکتێگەیشتن ئاسۆیەکی کردەوە ئێستا جۆرە گەشبینییەك هاتۆتە ئاراوە بۆ جوڵاندنی پرۆسەی سیاسی و بۆ راستکردنەوەی ئاراستەی پرۆسە سیاسییەکە، هەربۆیە ئێمە وای دەبینین کاریگەری ئەم یادداشتە ئیجابییەو کەس ناتوانێت رەخنەی بەو جۆرە لێبگرێت کە ئەمە هەنگاوێکە دژ بە لایەنی دیکە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو جۆرە رەخنانە لۆژێکی نین و یادداشتی سێ قۆڵی لێکتێگەیشتن هیچ لایەنێکی نەکردۆتە ئامانج هەتا دژایەتی بکات بەڵکو ئەمە بۆ پێشەوەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی گشتی و لە پێناوی بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی سیاسی و کاراکردن و راستکردنەوەی ئاراستەی ئەو پرۆسەیەیە، ئەمەش دیارترین سیمای یادداشتی لێکتێگەیشتنە.

**لە ئایندە لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لەسەر هەموو پرسەکان دەبێت بە ماددەی ١٤٠یشەوە**

سەبارەت بەوەی ئایا یادداشتی لێکتێگەیشتن و چۆنییەتی هەڵوێستی حزبی ئیسلامی سەبارەت بە گرنگترین پرس لای کورد کە ئەویش جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ە راوێژکاری تاریق هاشمی گوتی: »من ناتوانم بچمە نێو هەموو وردەکارییەکان، بەڵام هێندە دەڵێم گەشبینم بەوەی لە ئایندەدا لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لەسەر هەموو پرسەکان دەکرێت بە ماددەی ١٤٠ یشەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مادام سەرکردە سیاسییەکان توانیان قسەی خۆیان لە پێناوی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی یەکبخەن، ئەوا من دڵنیام لەسەر ئەو مەسەلانەش رێکبکەوت کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە لە ناویاندا ماددەی ١٤٠یش.

**هەڵسەنگاندنی حزبی ئیسلامی بۆ ئەدای حکوومەتی مالکی: دەبێت ئاراستەی حکوومەت راستبکرێتەوە**

هەموو لایەنە سیاسییەکان بە حزبی دەعواشەوە کە مالکی ئەندامی ئەو حزبەیەو سەرۆکایەتی حکوومەت دەکات، تێبینیان لەسەر ئەدای حکوومەتەکە هەیە، بەڵام وەك شێخ سەلام مالکی نوێنەری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا بە گوڵانی راگەیاند بەدیدی ئەوان ئەلتەرناتیڤیش نییە، ئەگینا حکوومەتەکە بێ کەموکوڕی نییە، لەمبارەوە د. فوئاد ئەلحوسەینی بەمجۆرە باسی لە ئەدای حکوومەتی مالکی کرد: »بەپێی یادداشتی لێکتێگەیشتن و سەبارەت بەو تێبینیانەی لەسەر ئەدای حکوومەتی مالکی هاتووە، یادداشتی لێکحاڵیبوون وای دەبینێ کە پێویستە ئاراستەی حکوومەت راستبکرێتەوەو کۆتایی بە مەسەلەی تاکرەوی لە دەسەڵاتدا بهێنرێت و بەشداریکردن بەپێی ئەو رێککەوتنە بێت کە پێش دەستپێکی حکوومەت و دوای هەڵبژاردن لەسەری رێککەوتوون، هەربۆیە رێنمایی حکوومەت کراوە بەو ئاراستەیە بگەڕێتەوە، ئەمەش نیشانەی پەرۆشی لایەنەکانی ئەو یادداشتەیە کە هەوڵدەدەن ئاراستەی حکوومەت بگەڕێتەوە بۆ ئاراستەی راستەقینەی خۆی.

**یادداشتی لێکتێگەیشتن ئاسۆیەکی کردەوە بۆ جوڵاندنی پرۆسەی سیاسی و بۆ راستکردنەوەی ئاراستەی پرۆسە سیاسییەکە، هەربۆیە ئێمە وای دەبینین کاریگەری ئەم یادداشتە ئیجابییەو کەس ناتوانێت رەخنەی بەو جۆرە لێبگرێت کە ئەمە هەنگاوێکە دژ بە لایەنی دیکە**

شێخ سەلام ئەلمالکی راوێژکاری سەماحەتی سەید عەبدولعەزیز حەکیم بۆ گوڵان:

# دەزانین حکوومەتی مالکی کەموکورتی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەلتەرناتیڤ نییە بێدەنگین

***■ شێخ سەلام ئەلمالکی راوێژکاری سەماحەتی سەید عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقە و، وتەکانی دەربڕی هەڵوێستی ئەو لایەنەیە کە گەورەترین لایەنی سیاسییە لە عێراق و، هەروەها جێبەجێکاری فەتواکانی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانیشە.***
***هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بە گشتی لای کورد ئاشکرایە و دۆستایەتی نێوان کورد و بنەماڵەی ئەلحەکیمیش مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و، وەك سەماحەتی عەمار حەکیمیش لە دیدارێکی تایبەتی گوڵاندا دووپاتی کردەوە، هەڵوێستی بنەماڵەی حەکیم بەرامبەر کورد هەڵوێستێکی سیاسی نییە و بەپێی بەرژەوەندییەکان بگۆڕێت، بەڵکو هەڵوێستی ئەوان هەڵوێستێکی مەبدەئیە و بەبێ هیچ بەرژەوەندییەك پشتگیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن، بۆ ئەوەی لەم راپۆرتەدا جارێکی هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەشداربێت، گوڵان پەیوەندی بە شێخ سەلام مالکی کرد و لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو. ■***

**له هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانە دانییە بە شێوەی عێراق بەو زۆرینە بەرچاوە دەستوورەکەی پەسەند کرابێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش داوامان لێدەکەن کە دەستبەرداری ئەم دەستوورە بیینەوە**

## دەستوور نەخشەی رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

ئەگەر ئەو دەستوورەی ٪٨٠ی عێراقیەکان دەنگیان پێداوە جێ بەجێ بکرێت، گرفتەکانی عێراق تا رادەیەکی زۆر چارەسەر دەکرێت بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو دەستوورە وەك خۆی جێ بەجێ ناکرێت، لێرەوە کە هەنگاو بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە هەڵدەگرین گرنگە هەڵوێستی لایەنە سەرەکییەکان لەسەر جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە هاوکوك و هاوڕابێت، بۆ ئەوەی لانی کەم دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە بکرێتەوە.

سەبارەت بە بایەخی ئەم دەستوورە و داواکردنی لە حکوومەتی عێراق کە پابەندبێت بەم دەستوورەوە، شێخ سەلام ئەلمالکی بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، زۆر لە ماددە دەستوورییەکان هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراون، یان کاتی ئەوە نەهاتووە جێبەجێ بکرێن، لەمبارەوە ئەگەر ماددەی ١٤٠ بە نموونە وەربگرین، دەبینین ئەم ماددە دوو بەشە، بەشی یەکەمیان کەرکووك دەگرێتەوە، بەڵام بەشی دووەمیان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ململانێیان لەسەرە، ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا پەیوەندارە بەو کەسانەی لەم بوارەدا کاری لەسەر دەکەن، هەروەك چۆن ئێستا وتوێژی لەسەر دەکەن، ئاشکرایە ئێستا لە عێراقدا چەندین کێشەمان هەیە، ئەگەر ئێستا گەمارۆی ئابووری دەرەکیمان لەسەر نەماوە، بەڵام لە زۆر لایەنی دەرەکییەوە گەمارۆی سیاسیمان خراوەتە سەر، لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئێستاش زۆرێك لە پیاوەکانی رژێمی پێشوو، و هەتا ئێستاش تیرۆریستان و تەکفیرییەکان هەوڵدەدەن ئاستەنگی زۆر بۆ کاروانی سیاسی لە عێراقدا دروست دەکەن هەر بۆیە مەسەلەی ماددەکانی دەستوور گرنگن، ئەم دەستوورە ٣/٢ی زیاتری گەلانی عێراق دەنگیان لەسەر



داوە و لە هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانە دانییە بە شێوەی عێراق بەو زۆرینە بەرچاوە دەستوورەکەی پەسەند کرابێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش داوامان لێدەکەن کە دەستبەرداری ئەم دەستوورە بینەوە.

## هەموو هەوڵەکانی ئەنجوومەنی باڵا بۆ ساریێژکردنەوەی برینەکان و دەرچوون لە تەنگژەیە

ئەگەر لە ناو گەلی کوردستاندا پارتی و یەکێتی بەرپرسیاریەتی یەکەمی راستکردنەوەی بارودۆخەکە چاوەڕێی ئاکامی ئیجابیان لێ بکرێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، ئەوا لە نێو عەرەبی شیعە کە زۆرینەی گەلانی عێراق پێکدەهێنن و خاوەنی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانین و حکوومەت بەڕێوەدەبەن، ئەوا ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەو سیفەتەی کە گەورەترین لایەنی سیاسییە لە عێراقدا و، وەك بە فەرمیش رایگەیاند و جێبەجێکاری فەتواکانی ئایتوڵڵا سیستانیین، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئومێدێکی زۆر لە هەڵوێستەکانی ئەم لایەنە سیاسییە گەورەیە دەکرێت کە بتوانێت گوشار بخاتە سەر هاوبەندی شیعە و حکوومەتی د. مالکی بۆ ئەوەی چاکسازی گەورە ئەنجامبدات. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا شێخ سەلام مالکی گوتی:

(ئێمە مەسەلەکان لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی وا دەبینن کە دەبێت هەموو هەوڵەکانی ئەنجوومەن لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆن و لایەنەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی برینەکان ساریێژ بکەین و لەم تەنگژەیە بە ئاکامێکی ئیجابییانە دەربچین، با ئیتر بەس بێت چاوەڕێی دەستی دەرەکی بکەین هەتا کێشەکانمان بۆ چارەسەربکەن، ئەو جا ئەو لایەنە دەرەکییە هەر کەسێك بێت ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئینشاڵڵا بۆ هەتا هەتایە سیستەمی دیکتاتۆری رۆیشت و ناگەڕێتەوە).

## حوکمرانی عێراق پێویستی بە پێکهاتنەوەی راستەقینەو بەشداری راستەقینە هەیە

تێڕوانینی ئەنجوومەنی باڵا بۆ حکوومەتی ئێستای عێراق زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی باڵا دەتوانێت، ئاراستەی حکوومەت یان تەواوی حکوومەت بگۆڕێت، سەبارەت بە تێڕوانینی ئەنجوومەن بۆ حکوومەتی ئێستای عێراق، راوێژکاری سەید عەبدولعەزیز حەکیم گوتی:

(ئەو سەرنجانەی سەبارەت بە ئەدای حکوومەتی عێراق هەیە، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بەمجۆرە سەیریان دەکات، پێش هەموو شت، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ئەزموونی ئەم جۆرە حوکمڕانییە ئەزموونێکی تازەیە و تازە لەدایکبووە، ئەمەش پێویستی بەوەیە ئیدارە بدرێت و هەموومان ئەرکەکەی بخەینەسەر شانی خۆمان، هەروەها پێویستی بە ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی راستەقینە و بەشداریەکی راستەقینە و گونجانێکی راستەقینەی نێوان سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی نێو ئەم ئەزموونە تازەیە

●●●
**با ئیتر بەس بێت چاوەڕێی دەستی دەرەکی بکەین هەتا کێشەکانمان بۆ چارەسەربکەن**
●●●



هەیە، ئێمە لە ئەنجوومەنی باڵا تەبەنی ئەم پرەنسیپە دەکەین و ئومێدواریشین بە هەموو عێراقییەك بڵێن کە وەرن بەشدار بن لە دەسەڵات و لە داهاتیشدا.

ئێمە لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە هەوڵی بەردەوامداین لەگەڵ لایەنەکانی حکوومەت و وەزارەتەکان وسەرۆك وەزیران وکۆبوونەوەی خولیان سەبارەت بە زۆر مەسەلە لەگەڵ گرێدەدەین بۆ ئەوەی هەوڵەکان زیاتر چڕ بکرێنەوە و بتوانرێت خزمەتگوزاری پێویست پێشکەشی گەل بکرێت، بەڵام ئەوەی ئێمە دەبینین ئەوەیە کە ئەلتەرناتیف نییە، دەپرسم ئەلتەرناتیف چییە؟ لەبەر ئەوەی ئەلتەرناتیف نییە ناتوانین هیچ بڵێین، ئەگەر نا ئێمە دەمانتوانی بڵێین حکوومەتی مالیکی چەندین گرفتی هەیە و هەندێك سلبیاتی هەیە، حکوومەتێك نییە بەدەربێت لە کەمووکورتی و تەوابێت، بەڵێ ناتەواوە، هەموو ئەمانەمان لەبەرچاوە بەڵام حاڵی حازر ئەلتەرناتیف کوا؟

ئێمە ئێستا لەبارودۆخێکی زۆر هەستیارداین ئێشکگری لە ڕێگەیەکی تازەدا و هاوکێشەی عێراقیش هاوکێشەیەکی تازەیە، ئێمە نابێ بڵێین حکوومەتەکەمان سوننەیە یان شیعەیە، نابێ هەرگیز وابڵێین، بەپێچەوانە دەبێت بڵێین هاوکێشەکەمان بریتییە لە گۆڕینی حوکمڕانیەکی دیکتاتۆری تاکڕەو بۆ هاوکێشەی حوکمێکی دیموکراتی فیدراڵی کە تیایدا مافەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانی تیایدا پارێزراوبێت و لەسەر ڕێنەمای ماف و ئەرك بەڕێوە بچێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لە ئەنجوومەنی باڵا هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین کە ئاستەنگەکان کەم بکەینەوە و ئاراستەی حکوومەت بەشێوەیەکی باش ڕاست بکەینەوە.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، هەندێك لە برا سوننەکان و خەڵکی دیکەی بەوە تۆمەتبارمان دەکەن کە حکوومەت هاوکێشە تازەکەی حکوومەتێکی شیعەیە بەڵام بارودۆخە وەك دەبێت بە شێوەیەکی تر بەمجۆرەیە:

سەرۆك کۆمار شیعە نییە، جێگرێکی هەیە سوننەیە، دەبێتە سەرۆك وەزیرانی شیعە، بەڵام هەردوو جێگرەکەی شیعە نین، هەر بۆیە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ٣/٢ی حکوومەت سوننە

●●●

**هەر ڕێکەوتنێک لە چوارچێوەی دەستوور بێت ئێمە لەگەڵیداین، ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەن ئێمە لێی بەرپرسیار نین و ئاگادارنین**

●●●

و شیعە نییە، هەر بۆیە کاتێك پرسیاریان لێدەکەین و دەڵێین هیچمان بەدەست نییە وانییە و حکوومەت حکوومەتێکی تێکەڵە و بە تەوافوق و ڕێککەوتن لە نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکاندا پێکهاتووە.

### ئێمە لەگەڵ هەر هاوپەیمانیەکین کە لە چوارچێوەی دەستووردا بێت

لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا گرێدانی هاوپەیمانی لە نێوان سەرجەم لایەنەکاندا بۆتە ڕۆژەڤی سیاسی، لەمبارەوە و سەبارەت بەو دەنگۆیانەی لەسەر هاوپەیمانی تازە دەکرێن شێخ سەلام مالکی بەمجۆرە هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵای لەسەر هەر هاوپەیمانییەك ڕوونکردەوە و گوتی:

«ئێمە هەر هاوپەیمانیەکی کە ئامانجی ئەوە بێت گەلی عێراق بە ڕێگەی ڕاستیدا بەرێت، عێراقی تازە عێراقی دەستوور و یاسایە، هەر ڕێکەوتنێك لە چوارچێوەی دەستوور بێت ئێمە لەگەڵیداین، ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەن ئێمە لێی بەرپرسیار نین و ئاگادارنین.

ئێستا لە عێراقدا بوار بۆ ئەوە هەیە هەر لایەنێك پرۆژەیەکی تازەی هەبێت بە ئازادی و بە ئاشکرا ڕای بگەیەنێت، ڕاستە کەموکورتی لە تەواوی حکوومەت هەیە، بەڵام گەل دەزانێت و جیاوازی لە نێوان باش و خراپدا دەکات.

پرۆفیسۆر فلیپس جامس واڵکەر راوێژکاری یاسایی پێشووی CPA لە عێراقدا بۆ گوڵان:

# دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دوای رووخانی رژێمی سەددام بارودۆخەکەیان خراپتر کرد



پرۆفیسۆر فلیپس جامس خەڵاتی باشترین پارێزەری لەسەر ئاستی ئەمریکا وەرگرت

■ ***پرۆفیسۆر فلیپس جامس واڵکەر کە دبلۆماتێکی ئەمەریکییەو یەکێکە لەو دبلۆماتکارانەی کاری لە عێراقدا کردووەو راوێژکاری یاسایی دەسەڵاتەکانی هاوپەیمانان بووە لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها وەك پسپۆرێك بەشداربووە لە دارشتنی بەشێکی دەستووری عێراق.***

***سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و ئەو تەنگژەی ئێستا عێراقی تێدا دەژی گوڵان پەیوەندی پێوەکردو لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتیدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.*** ■

●●●

**ئەگەری هەڵکشانی گرژی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ناکۆکییە ناوخۆییەکانی عێراق**

●●●

### پێویستە ئاڕاستەیەک دیاری بکرێت بۆ ئەوەی حکوومەتی مالیکی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سەرچاوەکانی داهات لەسەری بڕوات

***زۆرێك لە شارەزایان پێشـبینی هاتنەدی گۆڕانی گەورە دەکەن لـە حکوومەتەکەی مالیکیدا پرسـیارەکە ئەوەیە گـەر مالیکی هەڵنەسـتێت بە گوڕوتین بەخشین بە پرۆسـە سیاسییەکە ئەوا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەم وڵاتە دەکات؟**

- یەکەم شت پێویستە ئەوە بڵێم کە سەرکردایەتیکردن و هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵاتەکە کارێکە تەنها پەیوەسـتە بـە عێراقییەکانەوە، بە حووکمی ئەوەی ئـەو حکوومەتە لەلایەن زۆرینـەوە و لە رێگای ئامرازە شـەرعییەکانەوە پشـتگیری دەکرێت ئـەوا دەبێت رێز لەو حکوومەتە بگیرێت، واتە پێویسـتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێز لەو حکوومەتـە بگرێت و کاری لەگەڵدا بـکات. مالیکی لە رێگەی هەڵبژاردنە شـەرعییەکانەوە هاتە سـەر دەسـەڵات هەرچەندە ئەو هەڵبژاردنانە لە هەندێ رووەوە ساختەکاری تێداکرا، بەڵام دەبێت ئێمە لەگەڵ حەقیقەتەکاندا مامەڵە بکەین.

خاڵـی دووەم ئەوەیە هەندێ ئەگەری دیکە لـە ئارادایە کە ئاکام و دەرئەنجامی گەورە و مەزنـی لێدەکەوێتەوە بۆ عێراق، ئەگەری کشـاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لە سـاڵی ٢٠٠٩دا دەبێتەهۆی گۆڕینی هەلومەرجە سیاسییەکە لە وڵاتەکەدا.

هەروەها بارودۆخی نێوان کوردسـتان و تورکیـا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکـدا لە کۆنترۆڵ دەربچێت. بە هەمان شێوە ئەگەری هەڵکشانی گرژی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـکا کە ئەمـەش رەنگدانـەوەی دەبێت لەسـەر ناکۆکییە ناوخۆییەکانی عێراق.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشـتر باسکران کۆمەڵێك هۆکاری جێگیر و نەگۆڕی دیکە هەن کـە هەر حکوومەتێك و لە هەرکاتێکدا بێت دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەوانەشی پەیوەندی راستەوخۆیان بە حکوومەتەکـەی مالیکی و هەر حکوومەتێکـی دیکەوە هەیە لە ئایندەی نزیکدا: یەکەم، پێویسـتە درێژە بە گفتوگۆکان بدرێت لە نێوان حکوومەتی ناوەنـدی و ئەو گرووپە یاخیبووانەی ئامادەن سـەروەری یاسـا قبوڵ بکەن، بەشـێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو گرووپە یاخیبووە سوننانەدا کە ئامادەن لە چوارچێوەی سیستمەکەدا کاربکەن. ئەوەی من دەیڵێم رێکخرواى ئەلقاعیدە ناگرێتەوە لەگەڵ ئەو گرووپانەی بەرپرسن لە تاوانەکانی جەنگ.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە پێویسـتە ئاڕاستەیەکی روون دیاری بکرێت بۆ ئەوەی حکوومەت لەسەری بڕوات لە پەیوەندیدا بە دابەشکردنی دەسـەڵات و سـەرچاوەکانەوە، بە تایبەتی سـەرچاوە نەوتییەکان

●●●

**ناتوانیت حکوومەتێکی کارات هەبێت گەر هێزی میلیشیای جیاوازت هەبوو کە سەر بە دەزگا ئاسایشییەکانی حکوومەتی ناوەندی نەبوون**

●●●

**من تا رادەیەکی سنووردار بەشداریم لە پرۆسەی دارشتنی دەستووردا کرد وەک راوێژکارێکی یاسایی، من ئەو پرۆسەیەم بەجێهێشت لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدا نەبووم کە گرتبوویەبەر، ئەوکاتە وا هەستم دەکرد پێویستە کاتێکی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ دارشتنی دەستوورەکە و پێویستە گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکرێت**

**ئاراستەکردنی رق و تورەییتان لە دژی دەوڵەتە دراوسێکانتان هیچ کێشەیەکی ئێوە چارەسەر ناکات**

**عێراق لەسەر لێواری هەڵدێرە و لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بە بارودۆخێکی دۆزەخاویدا تێپەرێوە و ئەگەری خراپتربوونی بارودۆخەکە ئەگەرێکی گەورەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەری باشتربوونیشی هەیە**

رەنگدانەوەیەکی باشـــی دەبێت لەبەر ئەوەی ئەوە دیاری دەکرێت کە هەر ناوچەیەك چ رێژەیەکی لە داهاتەکان بۆ تەرخان بکرێت.

مەسەلەی ســـێیەم کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بریتییە لە میلیشیاکانی سەر بە پارتە شیعەکان، ئەمەش دەبێت لە چوارچێوەی دەزگا ئاسایشییەکانی سەر بە حکوومەتی ناوەندیدا چارەسەربکرێن لەبەر ئـــەوەی ناتوانیت حکوومەتێکـــی کارات هەبێت گەر هێزی میلشـــیای جیاوازت هەبوو کە ســـەر بە دەزگا ئاسایشـــییەکانی حکوومەتی ناوەندی نەبوون.

مەســـەلەی چوارەم پەیوەســـتە بە دیبلۆماســـیەتی ناوچەییەوە کە گرنگییەکی بێ ئەندازەی هەیە، بۆ نموونە دەبێت ئێران بەشێك بێت لەو چارەسەرەی بۆ کێشـــەکانی عێراق دەخرێنەروو، ئەمە واقیعە و دەبێت لەبەرچاوی بگرین. هەروەها پێویســـتە تورکیاش بەشێك بێت لە چارەســـەرەکانی ناو عێراق، لەبەر ئەوەی گەر دیبلۆماسییەتێکی ناوچەیـــی کارات نەبـــوو ئەوا ئەگـــەری گەورەبوونـــی ناکۆکییە ناوچەییەکان لـــە زیادبووندا دەبن و ئەمەش لـــە بەرژەوەندی هیچ لایەك نییـــە. خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە کارێکـــی باش دەبێت گەر دووبارە گفتوگۆکان دەربارەی دەستوور بخرێنەوەگەڕ بەهۆی ئامرازە دەستوورییەکانەوە، من تا رادەیەکی سنووردار بەشداریم لە پرۆسەی دارشـــتنی دەســـتووردا کرد وەك راوێژکارێکی یاســـایی، من ئەو پرۆسەیەم بەجێهێشـــت لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدا نەبووم کە گرتبوویەبەر، ئەوکاتە وا هەســـتم دەکرد پێویستە کاتێکی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ دارشـــتنی دەســـتوورەکە و پێویستە گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکرێت و نەدەبووایە بەو کاتە دیاریکراوەوە پابەند بین کـــە بۆی دانرا بوو، واتە پێموایە ئـــەو وادە ناواقیعیەی کە دانرابوو دەرئەنجامـــی پێچەوانەی لێکەوتەوە، ئەوانـــە رابردوون و رابردووش بەسەرچووە. بەڵام من پێموایە دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان دەربارەی دەســـتوور بە پشت بەستن بە میکانیزمە دەستوورییەکان لە بەرژەوەندی هەموو لایەنە عێراقییەکانە، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە دەست لە دەستووری ئێستا هەڵبگرین بەڵکو پێویستە کاتێکی زیاتر تەرخان بکەین بۆ دارشـــتنەوەی تەرتیباتە دەستوورییەکان کە رەنگە ئەو پرۆســـە دەستووریە پێنج بۆ دە ســـاڵ بخایەنێت کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی چاکسازی و هەمووارکردنی دەستوور لە مەودای دووردا بە هەمان شـــێوەی وڵاتانی دوای شەڕ و ناکۆکی وەك ئەفریقیای باشـــوور و هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بە تایبەتی لە ناوچەی بەلقاندا.

## عێراق بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی بەوەکالەت لە نێوان هێزە ناوچەییەکاندا کە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاو ناگرن

***هەروەك دەزانین کۆمەڵگەی عێراقی لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە، کورد و شـــیعە و سوننەکان، سەرۆك وەزیران کە سەر بە شیعەکانە هەتائێستا ئامادەی جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی ســـوننەکان نییە. گەر ســـوننەکان ئامادە نەبن دووبارە بەشداری لە حکوومەتدا بکەنەوە و گەر کورد ناچار بوو هەڵوێســـت وەربگرێت، پێتوایە شیعەکان دەتوانن بە تەنها حکوومڕانی عێراق بکەن؟**

- ئەوە پرسیارێکە پەیوەســـتە بە ئامادەگی پارتەکانی عێراقەوە بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا. عێراق لەسەر لێواری هەڵدێرە و لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بە بارودۆخێکی دۆزەخاویدا تێپەڕێوە و ئەگەری خراپتربوونی بارودۆخەکە ئەگەرێکی گەورەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەری باشتربوونیشی هەیە. ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە دیبلۆماسییەتی ناوخۆ و دیبلۆماسییەتی نێودەوڵەتی، پێویستە رادەیەك لە دیبلۆماســـییەتی ناوچەیی هەبێت بە چەشنێك هەموو وڵاتانی ناوچەکە هەوڵی هێنانەدی دەرئەنجامێکی دیاریکراو بدەن، نەتوانینی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بەشێوەیەك لەگەڵ ئێراندا کاربکات بۆ ئەوەی هەمان دەرئەنجام بهێنەدی رەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر بارودۆخی ناو عێراق. عێراق بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی بەوەکالەت لە نێوان هێزە ناوچەییەکاندا کە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاوناگرن، لە لایەکی دیکەوە لایەنە عێراقییەکانیش کەمتەرخەمن و پێویســـتە گلەییان لێبکرێـــت لەبەر ئەوەی ئەوان دەرفەتیـــان بۆ بەرپابوون و درێژەکێشانی ئەو شەڕە خوڵقاندووە ئەمە واقیعە و نکۆڵی لێناکرێت. بۆ نموونە گەر ســـەیری بارودۆخی لوبنان بکەیت لەکاتی شـــەڕی ناوخۆییـــدا ئەوا لایەنە لوبنانییەکان لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانیاندا رێگەیاندا لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەکاربهێنرێن کـــە ئەجێنـــدا و کارنامەی خۆیـــان هەبوو، ئەمـــەش بووە هۆی خۆشکردنی ئاگری شـــەڕی ناوخۆ لە لوبناندا. گەر عێراقییەکان بیانەوێت بەر بەو دەرئەنجامە بگرن ئەوا پێویستە درێژە بە گفتوگۆ و هەوڵوکۆششە دیبلۆماســـییەکان بدەن و خۆیان لەگەڵ خواست و داواکارییەکانـــی یەکدیدا بگونجێنن، لەبەر ئەوەی گەر ســـوننەکان تەنها لە خەمـــی هێنانەدی خواســـت و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بوون و گەر کوردەکان و شـــیعەکانیش بە هەمان شێوە رەفتاریان کرد ئەوا ئەگەرێکی کەم دەمێنێتەوە بۆ چەســـپاندنی ئاشتی، ئەوکاتەش هیـــچ گەرەنتییەك نییە کە عێراق بەرەو شـــەڕی ناوخۆ نەخزێت و هیـــچ گەرەنتییەکیش نابێت کە حکوومەتەکەی مالیکی باشـــترین حکوومەت دەبێت بۆ ئەوەی ســـەرکردایەتی وڵاتەکە بکات. بەڵام لە عێراقدا رواڵەتەکانی شەرعییەت هەیە واتە حکوومەتی هەڵبژێردراو و دەســـتوور هەیە کە دەکرێت لە پێناو گرتنبەری ئاراستەی راست و دروستدا بخرێنەگەڕ. لایەنێکی دیکە بریتییە لە دیبلۆماسییەتی ناوچەی جا لـــە نێوان ئێران و ئەمەریکا بێت یا تورکیا و ئەمەریکا بێت یاخود ئێران و ســـوریا و ئێران و ئوردن بێت واتە پێویستە هەموو ئەم لایەنانە لەگەڵ یەکدیدا دانوســـتاندن و گفتوگۆبکەن بۆ ئەوەی عێراق بە ئاراستەی راست و دروستدا ببەن.

## ئەگەر ئێستا لە عێراقدا هەڵبژاردن بکرێت ئەوا دەرئەنجامی جیاوازتری لێدەکەوێتەوە

***هەڵبژاردنەکانی عێراق سەلماندیان کە عێراقییەکان پتر پەیوەستن بە گرووپە ئیتنی و خێڵەکییەکانەوە، واتە بە پاڵنەری نیشـــتمانییەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتە یەکگرتووەکان پێداگیری لەســـەر هەبوونی عێراقێکی یەکگرتوو دەکات، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هەڵبژاردنەکانـــی عێـــراق بە کۆمەڵێك هـــۆکار مەحکووم بوون، یەکەمیان سروشتی سیســـتمی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی چەند لایەن و کەســـێکی دیاریکراو بوون، بە شـــێوەیەك گەر سیستمێکی هەڵبژاردنـــی جیاوازتر پیادە بکرایە ئـــەوا دەرئەنجامی جیاوازتری لێدەکەوتەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە بە هۆی ئەو یاخیبوونەی لە ئارادابوو ( کە ئێســـتاش لە ئارادایە ) ئەوا پێکهاتەیەکی دیاریکراو نەیانتوانی بە شـــێوەیەك دەنگبدەن کە رەنگدانەوەی راستەقینەی بیروڕاکانیان بێت. خاڵی ســـێیەم ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکان لە بارودۆخێکی خراپدا بەڕێوەچوون بە ماوەیەکی کورت دوای رووخانی رژێمەکەی سەددام واتـــە بارودۆخەکـــە لە بەرژەوەنـــدی پارتە ئاینییـــەکان بوو، پارتە نیشتمانییەکان کاتێکی زیاتریان دەوێت بۆ ئەوەی گەشە بکەن، گەر ئێستا هەڵبژاردن بکرێت ئەوا دەرئەنجامی جیاوازتری لێدەکەوێتەوە.

بۆ مەســـەلەی ناسنامەی نیشتمانی حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە مەسەلە ناسنامەی نیشتمانی مەســـەلەیەکی ئاڵۆزە، واتە دەکرێت ناســـنامە بە پێی ئایین یاخود زمان یاخود نەتەوە دیاری بکرێت بە چەشـــنێك هیچ ڕێگر نابێت لەوەی تـــۆ کوردبیت و لە هەمانکاتدا عێراقی بیت یاخود شـــیعە بیت و عێراقـــی بیت. هەموو دەوڵەتێك بە چەشـــنی چەنـــد دەوڵەتێکی دیاریکراو خاوەنی ناســـنامەیەکی نیشـــتمانی بەهێز نییە و ئەوەش شتێکی ئاساییە. بۆ نموونە وڵاتی سویسرا وڵاتێکی دەوڵەمەندە و شوێنێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی تێیدا بژیت، ئەمە لە کاتێکدا ئەو وڵاتە چوار ئیتنی جیاوازی تێدایە و بۆ ماوەی پێنج ســـەد ساڵە پێکەوە دەژین، کەنەدا و ئەفریقیای باشوور سەرەڕای گرفتەکانیشی نموونەی دیکەن لەو بارەیەوە. دابەشکردنی ناسنامەکان لە عێراقدا کارێکی هەڵەیە ئەمەش تاڕاددەیەك زۆر بۆ ڕەفتار و سیاسەتەکانی سەدام دەگەڕێتەوە بۆ نموونە سیاسەتەکانی سەدام لە دژی کوردەکان عێراقی تێکشکاند، سیاسەتەکانی لە دژی شیعە عێراقی وێرانکرد و سیاســـەتەکانی لە دژی گرووپگەلێکی دیاریکراوی ناو سوننەکان عێراقی کاولکرد، بە دڵنیاییەوە هێزەکانی هاوپەیمانان و دەســـەڵاتی کاتی هاوپەیمانی لـــەو ڕووەوە هاوکار و یارمەتیـــدەر نەبوون. لە زمانـــی ئینگلیزیدا پەندێك هەیە کە دەڵێت «ســـەرکەوتن چەندین باوکی هەیە و شکســـتیش هەتیووە» لەبەر ئـــەوەی کەس نایەوێت دان بە شکســـتی خۆیدا بنێت. لەم حاڵەتەدا کەســـێك هەیە کە دەکرێت بە زەقی ئاماژەی بۆ بکرێت کە بەرپرسە لە شکســـتەکە، ســـەدام تۆوەکەی چاند و ئەوانی دیکە دارەکەیان ئاودا، بەڵام عێراقییەکان دەرفەتیان هەبوو کە ڕەگوریشەی ئەم دارە هەڵکێشن و خۆیانی لێ ڕزگار بکەن. ئەو ڕاستییەی کە عێراقییەکان ئەوەیان لەبیرکردووە کە ئەم توانایەیان هەیە جێی داخە.

**لە ٢٠٠٣ کە وەک ڕاوێژکار لەگەڵ CPA کارمەدکرد بۆم دەرکەوت دەسەڵاتی داگیرکاری تا دوا ڕاددە لێنەهاتوون و بارودۆخەکەیان خراپتر کرد**

***پێتوایە عێراقییەکان بە تەنها بتوانن ئەو تۆوە خراپە لە ناوبەرن؟**

- بەڵی من لەو باوەڕەدام. ئەوکاتەی هاتم بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان وەك ڕاوێژکارێکی یاسایی کارم کـــرد دوو بۆچوونم لا گەڵاڵە بوو، یەکەمیان ئەوەیە کە دەســـەڵاتی داگیرکاری تـــا دوا ڕاددە لێنەهاتوون و بارودۆخەکەیان خراپتر کرد، دووەمیـــان ئەوەبوو عێراقییەکان خەڵکانێکی خوێنەوار و شـــارەزا و لێهاتـــوون و خاوەن بەهرەیەکی سەرســـوڕهێنەرن بـــۆ ئەنجامدانی ئەرکـــەکان ئـــەو دوو ئەزموونەش وایان لێکردم ترســـێکی گەورە و ئومێدێکی گەورەم هەبێت. ترس لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەنجامدانی کارێکی باش لەبەردەستدابوو بەڵام هێزە هاوپەیمانەکان شکستیان هێنا لەوەی کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرن و شکستێکی خراپیش، ئومێدیش بەوەی عێراقییەکان دەتوانن کارێکی زۆر ئەنجام بدەن. عێراقییەکان پێویستیان بەوە هەیە کە پتر بیر لە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنـــەوە لە بری ئەوەی چاویان لە هێزە دەرەکییەکان بێت بۆ ئەوەی کێشـــەکانیان بۆ چارەســـەر بکەن. عێراقییەکان خاوەنی ئەزموون و لێهاتوویی و شارەزایین، ئەوەی پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان تەنها لە خەمی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بن، خۆی لە خۆیدا گرفتێکی سیاسی ترسناکە، لەبەر ئەوەی گرووپە جیاوازەکانی عێراق بەرژەوەندی هاوبەشـــیان هەیە گەر دەست لە ڕق و تووڕەیی هەڵبگرن و پێکەوە کاربکەن ســـەرکەوتوو دەبن، ئەوە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم ئەوەیە کـــە ڕق و تووڕەیی پەیوەندییەکان ژەهراوی دەکەن. کەســـێك هەســـت بە ڕق و تووڕەیی دەکات لەبەر ئەوەی ئازاری پێگەیشتووە، ســـەرچاوەی ئازارەکەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ڕوویداوە یاخود ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەیتەوە کە پێویســـتە لە کێ تووڕە بیت. ئێســـتا ئاوڕ لە دە ساڵ و پانزە ســـاڵ و بیست ساڵ پێش ئێستا بدەرەوە، لە دەوڵەتە دراوسێکان بڕوانە، ئەم دەوڵەتانە بە دەســـت هەمان ئـــەو گرفتانەوە دەناڵێن کە ئێـــوەی پێوە گرفتـــارن و ئاڕاســـتەکردنی ڕق و تووڕەیتان لە دژی دەوڵەتە دراوســـێکانتان هیچ کێشەیەکی ئێوە چارەسەرناکات. عێراق خاوەنی هەموو ئەو شـــتانەیە کە بۆ هێنانـــەدی ئایندەیەکی گەش پێویســـتن، عێراق وڵاتێکە خاوەنی زەوییەکی کشتوکاڵییە و چەندین سەرچاوەی داهاتی گەورەی هەیە و خاوەنی خەڵکێکی خوێنەوار و ڕۆشـــنبیرە، بەڵام پێویستە خەڵکی عێراق خۆیان لە ڕق و تووڕەیی لە ئاســـت یەکدیدا ڕزگاربکەن. پێویستە عێراق بە چاوی گومانەوە لە دەستێوەردانە دەرەکییەکان بڕوانێت.

**پێگەی کوردستان زۆر جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق ڕۆڵی سەرکردە دەبینێت لە چوارچێوەی عێراقدا**

***کوردەکانی عێراق ماوەی شانزە بۆ حەڤدە ساڵە حوکمڕانی خۆیان دەکەن. پێتوایە هەرێمی کوردستان بە سەرکردایەتی بارزانی بتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراقدا؟**

- پێم وایە ئەزموونی حکومڕانی کوردستان و ئایندەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا ڕەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆی و کاروبـــاری ناوخۆیی وڵاتەکەدا (عێـــراق). خەڵکێکی زۆر هەیە لە کوردســـتاندا کە خوازیاری سەربەخۆیین، ئەوە شتێکی ئاســـاییە بە لەبەرچاوگرتنـــی مێژووی هاوچەرخی کوردســـتان. ســـەربەخۆییش لایەنی خراپی خۆی هەیە، لەبـــەر ئەوەی لە بری ئەوەی ببیتە ڕۆڵگێڕێکی ســـەرەکی لە وڵاتێکی گەورەتردا دەبێتە وڵاتێکی بچووك کە دەکەوێتە ژێر فشارە دەرەکییەکانەوە بە تایبەتی فشاری تورکیا و ئێران. زۆرێك ئەوە دەخەنەروو کە پێگەی کوردستان زۆر بەهێزتـــرە وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا وەك لـــەوەی دەوڵەتێکی لاواز بێت لە دەرەوەی ســـنووری عێراقدا. دەوترێت پێگەی کوردستان زۆر جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، کوردســـتان تاڕادەیەك سەربەخۆ و خۆشگوزەرانە و بۆ ماوەی حەڤدە ساڵە حکوومڕانی خۆی دەکات و پەیوەندییە سەربەخۆکانی لەگەڵ دراوســـێکاندا پاراستوە و ڕۆڵی ســـەرکردە دەبینێت لە چوارچێوەی عێراقـــدا. ئەو پێگەیەی کوردســـتانی تێدایـــە پێگەیەکی بەهادارە لەبەر ئەوەی بەهرەمەندە لە لایەنە باشـــەکانی ســـەربەخۆیی بەبێ لایەنە خراپەکانی هەروەها لە لایەنە باشەکانی مانەوەی لە سنووری عێراقدا بەهرەمەندە بەبێ لایەنە خراپەکانی، بە هەمان شێوە کوردستان دەستڕۆیشتوییەکی زۆری هەیە بەسەر بەشەکانی دیکەی عێراقەوە. لێرەدا حەزدەکەم چەند شـــتێك بخەمەروو، ڕێژەیەکی گەورەی نەوتی عێراق لە کوردســـتاندایە ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە کوردستان کاریگەرییەکی زیاتری دەبێت لەسەر بەشەکانی دیکەی عێراق زیاتر لە قەبارە و ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە. ئێوە باسی حکوومەتی مالیکیتان کرد، یەکەم، کوردستان دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی لەســـەر حکوومەتی مالیکی و هـــەر حکوومەتێکی دیکە هەبێت لە بەغـــدادا گەر بیەوێت ئەو کاریگەری و دەستڕۆیشـــتوییەی بە شـــێوەیەکی ژیرانە بەکاربهێنێت. دووەم، هەروەها کوردستان دەتوانێت لە ناوچە ســـوننە نشینەکانیشـــدا کاریگەری هەبێـــت، هەروەها بە حووکمی ئەوەی کوردستان ئارام و سەقامگیرە ئەوا زۆربەی

**ناسنامەی نیشتمانی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، واتە دەکرێت ناسنامە بە پێی ئایین یاخود زمان یاخود نەتەوە دیاری بکرێت بە چەشنێک هیچ ڕێگر نابێت لەوەی تۆ کوردبیت و لە هەمانکاتدا عێراقی بیت یاخود شیعە بیت و عێراقی بیت. هەموو دەوڵەتێک بە چەشنی چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو خاوەنی ناسنامەیەکی نیشتمانی بەهێز نییە و ئەوەش شتێکی ئاساییە**

**لە ساڵانی داهاتوودا کوردستان دەبێتە سەنتەری ژیان بۆ کوردەکان و بۆ عێراقییەکانی دیکەش بە ڕاددەیەکی سەرسوڕهێنەر.**

**عێراق بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی بەوەکالەت لە نێوان هێزە ناوچەییەکاندا کە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاوناگرن**

**له زمانی ئینگلیزیدا پەندێک هەیە کە دەڵێت «سەرکەوتن چەندین باوکی هەیە و شکستیش هەتیووە» لەبەر ئەوەی کەس نایەوێت دان بە شکستی خۆیدا بنێت. لەم حاڵەتەدا کەسێک هەیە کە دەکرێت بە زەقی ئاماژەی بۆ بکرێت کە بەرپرسە لە شکستەکە، سەدام تۆوەکەی چاند و ئەوانی دیکە دارەکەیان ئاودا، بەڵام عێراقییەکان دەرفەتیان هەبوو کە رەگوریشەی ئەم دارە هەڵکێشن و خۆیانی لێ رزگار بکەن**

وەبەرهێنانەکانـــی عێراق لە کوردســـتاندا ئەنجام دەدرێن. بە هەمان شـــێوەیە کارە حکوومییەکانی بەغدا لە هەولێردا ئەنجام دەدرێن، بۆ نموونە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان لە هەولێردا ســـازدەکرێن، هەروەها پێشـــانگا بازرگانییەکان لـــە هەولێردا ســـازدەکرێن، عێراقییەکانی دیکـــە بـــۆ کاری بازرگانی روودەکەنە هەولێر، لـــە کاتێکدا بەغدا پایتەختە بەڵام زیاتر و زیاتر کارەکان لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێن. لە ســـاڵانی داهاتوودا کوردستان دەبێتە سەنتەری ژیان بۆ کوردەکان و بـــۆ عێراقییەکانی دیکەش بە رادەیەکی سەرســـورهێنەر. حاڵی حازر دوو سیاســـەتمەداری ئێـــوە رۆڵی ســـەرکردایەتی دەبینن لە کوردســـتان و تەواوی عێراقدا، هەروەها سیاســـەتمەدارە کوردەکان رۆڵێکی ســـەرکردایەتی دەبینن لـــە حکوومەتی عێراقدا، بە هەمان شێوە هێزەکانی پێشمەرگە بەشـــێکی گرنگی هێزەکانی نیشتمانی عێراقن ئەمانە پێشینەیان نییە، پێش دە ساڵ کەس لەو باوەڕەدا نەبوو کە بارودۆخەکە بەو شـــێوەیە دەبێت. کوردستان وڵاتی ئایندەیە لەبەر ئەوەی ئێوە هەم ســـەربەخۆن و هەم رۆڵی ســـەرکردایەتی دەبینن لە عێراقێکی فرە نەتەوەدا. ئەگەری ئەوە هەیە کوردســـتان بە چەشنی دوبەی یاخود سەنگافورە گەشەبکات، من بە راستی باوەڕم وایە کە کوردستان ئایندەیەکی گەشی دەبێت.

## پشتگوێخستنی پرۆسەی ئاشتی عەرەب - ئیسرائیل گرفتی بۆ دیبلۆماسییەتی ئەمەریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا خوڵقاندووە

***هاوشان لەگەڵ سەردانەکەی سەرۆك بوش بۆ رۆژهەڵاتی ناوین، کۆندۆلیزا رایســـی وەزیری دەرەوە سەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ ســـەرکردەکانی وڵاتەکەدا کۆبوونەوەی ئەنجامدا. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم هەوڵوکۆششانە هەڵدەسەنگێنیت کە لە پێناو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتیدا دەدرێن؟**

- من ئەو هەوڵوکۆششـــانە بە هەڵوکۆششـــێکی زۆر کەم و درەنگ وەخت لە قەڵەم دەدەم، با زیاتر ئەمە روونبکەینەوە، یەکەم، پرۆسەی ئاشـــتی نێوان ئیسرائیل و فەلەســـتینییەکان بەشێکی زۆر گرنگی جموجوڵە دیبلۆماســـییە فراوانترەکانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا. شکستی ئیدارەی سەرۆك بۆش لەوەی هەڵوێستێکی جیددی هەبێت لە پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ گرفتی بۆ دیبلۆماســـییەتی ئەمەریکی خوڵقاندووە لە تاکە تاکەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا لە نێویاندا عێراق. ئەم هەنگاوەی ئێســـتای ئیدارەی ئەمەریکا بە گرتنبەری رێچکەیەکی جیددی بۆ بەرەوپێشـــبردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان کارێکـــی ئیجابییە، بەڵام بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم ئیدارەیە تەنها ســـاڵێکی بەدەســـتەوە ماوە و بە رەچاوکردنی شکســـتەکانی لە شـــوێنەکانی دیکەدا، ئەوا دەتوانین بڵێین کە کاتێکی پێویســـت بە دەســـتەوە نەماوە بۆ هێنانـــەدی دەرئەنجامە خوازراوەکان. دووەم، بەشـــێکی دیکەی گرفتەکـــە ئەوەیە کە ئیـــدارەی ئەمەریکا وەك ناوبژیکارێکی بێلایەن هەڵسوکەوتی نەکردووە بۆ ئەوەی رێککەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا بێنێتەدی، واتە تاوەکو ئیدارەی ســـەرۆك بۆش درێژە بە پشتیوانیکردنی کردەوەکانی ئیسرائیل بدات بەبێ ئـــەوەی رەخنەی لێبگرێت ئـــەوا زۆر زەحمەتە ئەو ناکۆکییە بە ئاراســـتەیەکدا ببرێت کە لە دەرئەنجامدا بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئیسرائیل ئامادەی سازشـــکردن نابێت و وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش میسداقییەتی خۆی لە ناو وڵاتە عەرەبییەکاندا لەدەست دەدات.

## ئەزموونی عێراق کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوودا

***پێدەچێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمان سیاســـەت و ستراتیژی ســـاڵی ٢٠٠٧ بگرێتەبەر، لە ســـاڵی ٢٠٠٨دا هەرچەندە ئەو سیاسەت و ستراتیژە ســـەرکەوتوو نەبوون. پێشـــبینییەکانت چییە بۆ ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا لە عێراقدا دەیگرێتەبـــەر؟ ئایا دیموکراتخواز و کۆمارییەکان بە چ شـــێوەیەك مامەڵـــە لەگەڵ کارتی عێراقدا دەکەن لـــە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا؟**

-ئەوە پرســـیارێکی زۆرباشە. من پێم وایە ئەزموونی عێراق کاریگەرییەکی گـــەورەی دەبێت لەســـەر هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لە ســـاڵی داهاتوودا، لەگەڵ ئەوەشـــدا کۆدەنگییەکی روو لە زیـــاد هەیە دەربارەی ئەوەی چۆن سیاســـەتی ئەمەریکا لە ســـاڵانی داهاتوودا لە عێراق سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت، دەبێت ئەوەشـــمان لەبەرچاو بێت کە هەڵبژاردنەکان لە تشـــرینی دووەمی ئەمساڵدا سازدەکرێن و سەرۆکی نوێ تاوەکو ساڵێکی دیکە دەست بەکار نابێت. بەو پێیە ســـاڵێکی دیکە لەبەردەســـتدایە بۆ درێژەپێدانی ئەو سیاسەتەی پیادە دەکرێت. گەر کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەســـتبهێنن ئـــەوا رەنگە ئەمەریکا درێژە بە مانەوەی ســـەربازی خۆی بدات لە عێراقدا هەرچەندە رەنگە گۆڕان لە هەندێ لە ئەرکەکاندا بکرێت، ئەوەش بەشێوەیەکی تایبەتی دەوەستێتە سەر سەرکەوتنی هەوڵوکۆششەکانی بەرەنگاربوونـــەوەی یاخیبـــوون لە ســـاڵانی داهاتوودا، واتـــە گەر رەوتی توندوتیژی پاشەکشـــە بـــە خۆیەوە ببینێـــت ئەوا رەنگە ژمـــارەی هێزە ســـەربازییەکانی ئەمەریکا کەمبکرێتەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە رکابەرەکانی نێو پارتی دیموکراتی ئەمەریکا بەتایبەتی باراك ئۆباما و هیلاری کلینتۆن هەرچەندە پابەندبوونی خۆیان بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا پیشانداوە بەڵام رایانگەیاندووە ئەو کشاندنەوەیە بە شێوەیەکی کتوپڕ ئەنجام نادەن. رەنگە کشاندنەوەکە بە شێوەی قۆناغبەندی بێت و لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەنجام بدرێن. رەنگە ئەرکەکە لە شـــەڕکردنەوە بگۆڕێت بۆ ئەرکی مەشقپێکردن و پشتگیریکردن. من پێم وایە گەر پێشکەوتنێکی سیاسی راستەقینە بێتەدی لە عێراقدا بە چەشـــنێك هەلومەرجە سیاســـییەکە بەرەو باشـــتر بگۆڕێت ئەوا گرنگ نییە چ پارتێك لە ئەمەریکا دەســـەڵات دەگرێتەدەســـت بەڵام درێژەپێدان هەمان سیاســـەت بەدیدەکەین لـــە لایەن ئەمەریکاوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەســـتە بە کەمکردنەوەی قۆناغ بە قۆناغی هێزەکان لە عێراق و گۆڕینی ئەرکی ئەو هێزانە لە شەڕکردنەوە بۆ مەشقپێکردن و پشتگیریکردن ئەوەش هاوشان بە راسپاردەکانی راپۆرتی بەیکەر هاملتۆن کە پێش ساڵێك و چەند مانگێك پێش ئێستا بڵاوکرایەوە. هەردوو پاڵێوراوی دیموکراتخوازەکان ئۆباما و هیلاری کلینتۆن پشتگیریکردنی خۆیان بۆ ئەو راپۆرتە دەربڕیوە، بە هەمان شـــێوە پاڵێوراوەکانی کۆماریـــەکان وەك مەکایین و رامنی. واتە لـــە دوای ســـاڵی ٢٠٠٩ەوە کەمبوونەوەی ژمارەی هێـــزەکان و گۆڕان لە ئەرکی ئەو هێزانەدا بەدیدەکەین بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوە دەبێت ئایا ئەو کشاندنەوەیە بە چ رەوت و ئەندازەیەك دەبێت.

## عێراقییەکان پێویستیان بەوەیە پێکەوە دانوستاندن و گفتوگۆبکەن

***گەر شتێکت مابێت بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- من تەنها ئەوە دەڵێم ئەوەی ئێوە پێی هەڵدەســـتن کارێکی زۆرباشە کاتێك وا لـــە عێراقییەکان دەکەن بیر لە گۆڕانـــی ئیجابی بکەنەوە. عێراقییەکان پێویستیان بەوەیە پێکەوە دانوستاندن و گفتوگۆبکەن، هەروەها پێویستیان بەوە هەیە هەلومەرجەکە لە رق و تووڕەیی پاکبکەنەوە. دەزگاکانی راگەیاندنیش یەکێکن لـــەو ئامرازانەی دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەســـتە بەکاربهێنرێت. بە هەمان شـــێوە بیرکردنەوەیەکی ئینســـانی و عەقڵانی رێگایەکی دیکەیە بۆهێنانەدی ئەو ئامانجە.

**سەربەخۆییش لایەنی خراپی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لە بری ئەوەی ببیتە رۆڵگێڕێکی سەرەکی لە وڵاتێکی گەورەتردا دەبێتە وڵاتێکی بچووک کە دەکەوێتە ژێر فشارە دەرەکییەکانەوە بە تایبەتی فشاری تورکیا و ئێران**

### پرۆفیسۆر کارۆل سوڵتان شارەزا و پسپۆر لەسەر بارودۆخی کوردستان و عێراق بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەمەریکا هانی عێراقییەکان بدات سیستەمێکی فیدراڵی دابمەزرێنن لەبەر ئەوەی تەنیا ڕێگە چارەیە بۆ کێشەی عێراق



■ *پرۆفیسۆر کارۆل سوڵتان بەرەگەز پۆڵەندییە و ئێستا رەگەزنامەی ئەمەریکای هەیە و ئوستادی سیاسەت و بەڕێوەبردنی حکومەتە لە زانکۆی ماریلاند و یەکێکە لەو پسپۆرە نێودەوڵەتییانەی کە هاریکاری تیمی راوێژکاری دەستووری نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان بووە و بە یەکێك لە دۆستەکانی کورد لە قەڵەمدەدرێت.*

*پرۆفیسۆر سوڵتان لەبەر ئەوەی بەڕەگەز پۆڵەندییە و پۆڵەنداش وەك کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشکراوە، سۆزێکی تایبەتی بەرامبەر کێشەی کورد هەیە.*

*بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر کارۆڵ ئیدوارد سوڵتان کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.* ■

**هەوڵم داوە ئەو راستییە روون بکەمەوە کە لە ناو عێراقدا دڵسۆزی بۆ و یەکپارچەیی عێراق نییە**

*** هەڵبژاردنەکانی عێراق سەلماندیان کە عێراقییەکان پتر پەیوەستن بە گرووپە ئیتنی و خێڵەکییەکانەوە، واتە بە پاڵنەری نیشتمانییەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانییان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتە یەکگرتووەکان پێداگیری لە سەر هەبوونی عێراقێکی یەکگرتوو دەکات، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەو شەڕەم کردووە و هەوڵم داوە ئەو راستییە روون بکەمەوە کە خەڵکانێك هەن لە ناو عێراقدا دڵسۆزیان بۆ یەکێتی و و یەکپارچەیی عێراق نییە، من ناڵێم ئەوە شتێکی باشە یان خراپ، بەڵام ئەوە واقیعێکە و بەدیدەکرێت. لە ئەمەریکادا ئەم مەسەلەیە جێی مشت و مڕێکی زۆرە و دەتوانم بڵێم بیروو بۆچونێکی گشتی و باوە لە ناو ئەمەریکیەکاندا کە جەخت لەسەر یەکێتی و یەکگرتوویی عێراق بکەنەوە. هەرچەندە من پێم وایە ئەوە پەیوەندی نییە بەوەی کە ئەو هەڵوێستە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا بێت، رەنگە بە زۆری پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش بێت، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە هەمیشە باس لە عێراقێکی فیدراڵ و یەکگرتوو دەکرێت واتە جەخت لەسەر دەستەواژەی یەکگرتوو دەکرێتەوە.

**بیروبۆچوونی زۆرێک لە بڕیارسازانی ئەمەریکا سەبارەت بە سەنترالیزم بۆ عێراق گۆڕاوە**

***گەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێداگیری بکات لەسەر هێشتنەوەی دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز، ئایا ئەگەری**

**ئەوە ناکرێت دەرئەنجامەکەی بریتی بێت لە توندوتیژی و خوێنڕشتن؟**

- ئەو کاتەی من لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە کوردستان بووم بۆ یارمەتیدانی کوردەکان لە پرۆسەی گفتوگۆ دەستوورییەکاندا و دواتر کە گەڕامەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانییەکی بەهێز هەبوو لە ناو بڕیارسازاندا بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی، بەڵام بیرو بۆچونی زۆرێك لەو بڕیارسازانە گۆڕاوە لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان دەبێت گەر ئێستاش بە هەمان شێوەیە ئەو پشتگیریکردنە بەردەوام بێت. ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت من پێم وایە تێگەیشتنێکی باشتر هەیە دەربارەی ئەم ناوچەیە نەك تەنیا لە ناو ناوەندی بڕیاربەدەست و



بڕیارسازی ئەمەریکیدا بەڵکو من قسەم لەگەڵ هاوڵاتییانی سەرشەقام و دراوسێکانیشمدا کردووە و زۆربەیان هۆشیارییەکی باشتریان هەیە دەربارەی واقیعی کوردستان و مەسەلەی ئەوەی تا چ رادەیەك دۆستی ئەمەریکایە. لەبەر ئەوە من کەمتر نیگەرانم لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر پێداگیری و فشاربکات لە پێناو جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزدا.

**هەرگیز ئەمەریکا ئەو فشارانەی خۆی لەسەر کورد ڕاناگرێت**

*** هەروەك دەزانین ئەمەریکا هەڵسا بە فشارخستنەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی بە داواکارییەکانی کوردەکان رازی بن وەك دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و هەروەها ئەمەریکا تیشکی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بۆ ئەوەی سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی ئەمەریکا درێژە بە فشارەکانی دەدات بۆ سەر کوردەکان؟ یاخود کەی ئەو فشارانە رادەگرێت؟**

- گەر وەڵامێکی واقیعیت بدەمەوە ئەوا هەرگیز ئەمەریکا ئەو فشارانەی خۆی راناگرێت لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا جیاوازن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کوردەکاندا هەرچەندە بەیەکداچوونێکی بەرچاوی بەرژەوەندی هەیە لە نێوان هەردووکیاندا، ئەوەش شتێکی گرنگە. راستییەکی دیکە کە گرنگی خۆی هەیە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زیاتری خەڵکی ئەمەریکا راستییە بنەڕەتییەکان دەزانن دەربارەی کوردستان بۆ نموونە دەزانن، کوردەکان لە کوێ دەژین و هۆشیارییەکی باشتریان هەیە دەربارەی کێشەی کورد لە تورکیا و پەیوەندی نێوان کورد و تورکەکان. من خۆم بە ئەسڵ لە پۆڵەنداوە هاتووم، خەڵکی پۆڵەندا خۆیان بە دۆست و نزیك ئەمەریکا و ئەورووپا دەزانن بەڵام هەمیشە ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە بۆچی خیانەتمان لەگەڵ دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ بەسەر سێ وڵاتدا دابەشکراین. راستە ئەورووپا لە هەندێ کاتدا یارمەتیداوین و هەندێ جاریش یارمەتیان نەداوین. واتە ئێمە ناتوانین لە هەمو مەسەلەکان و لە هەموو کاتێکدا پشتیان پێببەستین. کە پێم وایە لەو رووەوە لێکچوونێك هەیە لەگەڵ کوردەکاندا. لەو گرژی و ئاڵۆزییەی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و کوردەکان پشتگیرییەکی بەهێزی تورکەکان کرا هەرچەندە تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئامادەنەبوو هاوکاری ئەمەریکا بکات لە شەڕەکەیدا دژی عێراق. پۆڵەندا و کوردەکان زۆرجار ووچاری نائومێدی بوونە لە رووەوە. بە هۆی چاودێری وردی باروودۆخەکەوە دەکرێت ئەوە بڵێم کە ئەوەی دەکرێت کوردەکان بە شێوەیەکی باش و لە مەودای دووردا کەڵکی لێوەربگرن ئەو هەست و تێگەیشتنەیە کە لە ناو ئەمەریکییەکاندا هەیە بە تایبەتی لە ناو زۆرێك لە هاوڵاتییانی ئەمەریکا هەیە بەرامبەر کوردەکان بەوەی کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکیەکان دەزانن، واتە دەکرێت لە مەودای دووردا هەوڵ بدرێت سود لەو هاوسۆزی و تێگەیشتنە وەربگیرێت بۆ بەرژەوەندی کوردەکان و هەوڵ بدرێت ئەو هەستە بەهێزبکرێت.

***ئەوەی دیارە هەردوو بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی هەوڵی پێکهێنانی هاوسەنگی دەدەن لە نێوان شیعە و سوننەکاندا، بەڵام ئەوە بەدیدەکەین کە هەردوولایان دژی خواست و داواکارییەکانی کوردەکان دەوەستنەوە. لە حاڵەتێکی ئاوادا پێویستە کوردەکان بە چ شێوەیەك رەفتار بکەن؟ لە رووەوە راسپاردەت چییە بۆیان؟**

- بە دڵنیاییەوە خستنەڕووی چارەسەر بۆ گرفت و کێشەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان رەنگدانەوەیەکی باش و ئیجابی دەبێت لەسەر کوردەکان. من پێموایە جیابوونەوە و راگەیاندنی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی کتوپڕ لە بەرژەوەندی کوردەکان

**من قسەم لەگەڵ هاوڵاتییانی سەرشەقام و دراوسێکانیشمدا کردووە و زۆربەیان هۆشیارییەکی باشتریان هەیە دەربارەی واقیعی کوردستان و مەسەلەی ئەوەی تا چ رادەیەک دۆستی ئەمەریکایە**

نابێت. ئەوەی پەیوەندی بە سەرکردە کوردەکانەوە هەبێت ئەوا من لێدوانێکی رەخنەگرانەم نییە، بەڵکو من پێم وایە ئەوەی ئەوان پێی هەڵدەستن تەواو لە خزمەتی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی کوردەکانە.

## پێویستە ئەمەریکا هەوڵ بۆ چەسپاندنی سیستمێکی فیدراڵی بدات لەبەر ئەوەی ئەوە باشترین ڕێگاچارەیە بۆ عێراق

***هەروەك دەبینین ستراتیژییەتەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا. ئەوەی ئومێد دەکرێت پیادە بکرێت بریتیە لە سیستەمی فیدراڵی و چەسپاندنی دەسەڵاتی هەرێمایەتییەکان لە عێراقدا، بەڵام حکومەتەکەی مالیکی هەنگاوی هەڵنەگرتووە بەو ئاراستەیەدا. ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت گەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشاری لەسەر مالیکی دروست نەکرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە؟**

- من پێم وایە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشاربکات بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی نامەرکەزی لەبەر ئەوەی ئەوە باشترین ڕێگاچارەیە بۆ عێراق. من لەو باوەڕەدام کە لە ئایندەیەکی نزیکدا رەنگە بارودۆخەکە بە هەمان شێوەی ئێستا درێژە بکێشێت، واتە ئەگەری ئەوە ناکرێت هەنگاو بەرەو سیستمێکی نامەرکەزی هەڵبگیرێت و رەنگە توندوتیژی و شەڕیش درێژەیان هەبێت، ئەگەرچی جێگیرکردن و چەسپاندنی سیستمێکی نامەرکەزی و موئەسەساتی سەقامگیر لەو رووەوە هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت و ڕەنگە بەر بە بەرپابوونی شەڕیش بگرێت.

## درێژەکێشانی ئەو بارودۆخەی ئێستا حکوومەتی عێراقی تێدایە دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە

***کورد سێ داواکارییان لە حکومەتی مالیکی هەیە، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و دابینکردنی مووچەی پێشمەرگە و جێبەجێکردنی یاسای نەوت. گەر حکومەتی مالیکی ئامادەی هێنانەدی ئەم خواست و داواکارییانە نەبوو ئەوا پێویستە کوردەکان چ کاردانەوەکیان هەبێت و پێویستە چۆن رەفتار بکەن؟**

- من پێم وایە درێژەکێشانی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئارادایە دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە و رەنگە بەرەو خراپتریش بچێت. ئەوەی گرنگە کوردستان لە رووی سیاسی و ئابورییەوە گەشە و بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینیوە و پێویستە کوردەکان ئەو دەستەکەوتانە بپارێزن.

## دەبێت کورد بیر لە مەودای دوور بکاتەوە

***بە حوکمی ئەوەی ئێوە دۆستی کوردن و پێشتر سەردانی کوردستانتان کردوە، چۆن حکومڕانی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە؟ چۆن سیاسەت و بەشداری سەرکردە کوردەکان لە ئاستی عێراق دەخوێنیتەوە؟ بە شێوەیەکی گشتی چۆن پەیوەندییەکانی کوردەکان بە تورکیا و دەوڵەتە دراوسێکانەوە لێکدەدیتەوە؟**

-من دوو دڵم لەوەی وەڵامێکی تێروتەسەل بدەمەوە لەبەر ئەوەی من بە شێوەیەکی رۆژانە ئاگاداری رووداوە سیاسییەکان نیم بەڵکو بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ چاودێری ئەو روداوانەم کردووە. من پێم وایە تێڕوانینی جیاوازت دەبێت گەر بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ئەمەریکا نیشتەجێ بیت وەك لەوەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە کوردستان نیشتەجێبیت. دەبێت لە پێگەی کوردستان بڕوانین لە مەودای دووردا لەوەی پەیوەندی بە ڕێڕەوی دیموکراسییەوە هەیە. من دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی ئەوە بکەمەوە کە نابێت ئێوە خۆتان سەرقاڵ بکەنەوە بەو شکستانەی کە پێدەچێت شکستی کاتی بن. بۆ نموونە لە بارودۆخی نێوان کوردستان و تورکیادا پێم وایە دەبێت بیر لە مەودای دوور بکەینەوە، لەو رووەوە ئەوەی پەیوەندی بە کاردانەوەی سەرکردە کوردەکانەوە هەیە لە کوردستان و لە بەغدا ئەوا من هیچ لێدوانێکی ڕەخنەگرانەم نیە. رەنگە نائومێدی و توڕەیەکی بەرفراوان هەبێت لە ناو دانیشتوانە کوردەکاندا بەڵام رەنگە لە مەودای دووردا ئەمە ببێتە هۆی بەرەوپێشچوونێکی گەورە لە مەسەلەی کورددا لە سەر ئاستی جیهان، ئەمەش لایەنە گرنگەکەیە.

***تێڕوانینی تۆ چییە دەربارەی حوکمڕانێتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؟**

- ئەوەندەی من ئاگادار بم هەموو ئەوانەی پێی هەڵدەستێت شتی ئیجابین. بەڵام من ئاگاداری ووردەکارییەکانی رۆژانە نیم. بە شێوەیەکی گشتی هەرچەندە من بە پچڕی پچڕی چاودێری رووداوەکان دەکەم سەرکردە کوردەکان کارێکی زۆرباشیان ئەنجام داوە بە تایبەتی لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەبەر ئەوەی من ئاگاداری چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارە ناخۆییەکان نیم لە کوردستاندا.

***هەروەك دەزانین کۆمەڵگەی عێراقی لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە، کورد و شیعە و سوننەکان، سەرۆك وەزیران کە سەر بە شیعەکانە ئامادەی جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی سوننەکان نییە. گەر سوننەکان ئامادە نەبن دووبارە بەشداری لە حکوومەتدا بکەن و و گەر کوردەکان ناچار بوون لە حکوومەتدا بکشێنەوە، پێت وایە شیعەکان دەتوانن بە تەنیا حکومڕانی عێراق بکەن؟**

- گەر وەڵامێکی کورتت بدەمەوە ئەوا دەڵێم نەخێر.

***هەروەك دەزانین لە ساڵی ٢٠٠٧دا عەرەبە سوننەکان لە دژی رێکخراوی ئەل قاعیدە راپەڕین و حاڵی حازر بە پشتیوانی راستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی چەکدار و میلیشیای خۆیانن کە بەشێك نین لە سوپای عێراق. پێت وایە ئامادەنەبوونی سوننەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو میلیشیایانە سەردەکێشێت بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ؟**

- بە داخەوە ئەگەری بەرپابوون و درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆی ئەگەرێکی بەهێزە. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە

●●●

**من بە ئەسڵ لە پۆڵەنداوە هاتووم، خەڵکی پۆڵەندا خۆیان بە دۆست و نزیك ئەمەریکا و ئەوروپا دەزانن بەڵام هەمیشە ئەوەش دوویات دەکەنەوە کە بۆچی خیانەتمان لەگەڵ دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ بەسەر سێ وڵاتدا دابەشکراین، کە پێم وایە لەو رووەوە لێکچوونێک هەیە لەگەڵ کوردەکاندا**

●●●

●●●

**سەرۆک بۆش چیتر سەرۆکێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات نییە. بە شێوەیەکی گشتی سەرۆکی داهاتوو پتر خاوەنی توانا و دەسترۆیشتوی دەبێت**

●●●

●●●

**بە داخەوە ئەگەری بەرپابوون و درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆی ئەگەرێکی بەهێزە**

●●●

بوونی هێزێکی سەربازی گەر بە شێوەیەکی باش ڕێکخرابێت و هەڵبستن بە پاراستنی گیانی هاوڵاتیان ڕەنگە شتێکی خراپ نەبێت لەبەر ئەوەی دەتوانیت گفتوگۆ و ڕێککەوتنیان لەگەڵدا بکرێت. کاتێك لەسەر لێواری شەڕی ناوخۆیدا بیت ئەوا هەموو لایەنەکان هەوڵی خۆپڕچەککردن دەدەن، لەو کاتەشدا چەکداماڵین ڕەنگە دەرئەنجامی باشی لێنەکەوێتەوە لەبەر ئەوەی لایەنەکان ڕەنگە هەست نەکەن ئاسایش و سەلامەتیان پارێزراوە، باشترین شتێك بکرێت ئەوەیە کە هێزەکان لێکجیابکەیتەوە و دەست بە گفتوگۆبکەیت. مەترسیدارترین شت ئەوەیە کە ژمارەیەکی گەورەی میلیشیات هەبێت و هەریەکەیان شەڕ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئەم میلیشیایانە لە گەڵ گروپە تاوانکارییەکاندا تێکەڵ دەبن و تا ڕادەیەك مەحاڵ دەبێت بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت. بۆ ڕاگرتنی شەڕ سەرەتا پێویستە ئاگربەست ڕابگەیەنرێت و دواتر دەست بە جیاکردنەوەی هێزەکان بکرێت و ئینجا دەست بە پرۆسەی گفتوگۆ بکرێت لە نێوانیاندا. واتە تەنها بە بانگەشە کردنی لایەنەکان بۆ ئەوەی چەك فڕێبدەن ناتوانیت شەڕەکە بوەستێنیت.

## سەرۆک بۆش چیتر سەرۆکێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات نییە

*** سەرۆك بۆش سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد، ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم سەردان و کۆبوونەوانە چین لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە سەر عێراق؟**

- من پێم وایە ئەو سەردانە زیاتر سەردانێکی ڕەمزیە لەبەر ئەوەی سەرۆك بۆش چیتر سەرۆکێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات نییە. بە شێوەیەکی گشتی سەرۆکی داهاتوو پتر خاوەنی توانا و دەستڕۆیشتوی دەبێت.

## تا ئایندەیەکی نزیکیش حکوومەتێکی لاواز لە ناوەندا دەمێنێتەوە

***زۆرێك لە شارەزایان پێشبینی هاتنەدی گۆڕانی گەورە دەکەن لە حکوومەتەکەی مالیکیدا بە چەشنێك ئەگەری ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتەکەی دەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە گەر مالیکە هەڵنەستێت بە گوڕوتین بەخشین بە پرۆسە سیاسییەکە ئەوا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەم وڵاتە دەکات؟**

- گرنگترین شت ئەوەیە کە سەقامگیری ناوچەیی لە بەشەکانی عێراقدا بێتەدی. کوردستان لەو ڕووەوە هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام ئومێد دەکرێت ناوچەکانی دیکەش بە هەمان شێوە سەقامگیر بن و گەشە بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە حکوومەتی ناوەندییەوە هەبێت، من هیوادارم نەبێتە بەربەست و ئاستەنگ لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا، گەر حکوومەتی ناوەندی بە تەواوەتی ڕووخا ئەوا ئەو پرۆسەیەش شکست دەهێنێت. بەڵام من پێم وایە تا ئایندەیەکی نزیکیش حکوومەتێکی لاواز لە ناوەندا دەمێنێتەوە.

**پێویستە ئەمەریکا فشاربکات بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی نامەرکەزی لەبەر ئەوەی ئەوە باشترین ڕێگاچارەیە بۆ عێراق**

**چەسپاندنی سیستمێکی نامەرکەزی و موئەسەساتی سەقامگیر لەو ڕووەوە هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت و ڕەنگە بەر بە بەرپابوونی شەڕیش بگرێت**




خانم ئۆڵبرایت لە کتێبە تازەکەیدا پێشنیار دەکات دەوڵەتی عێراق بۆ سەر سێ هەرێمی فیدراڵی دابەش بکرێت